ڕووداو
RÛDAW

ژمارە (428) دووشەممە 2016/10/17 - 25ی ڕەزبەری 2716 (750) دینار


فەرماندە ژنەکەی حەشدی شەعبی بۆ (ڕووداو) دەدوێ

## "کەللەسەری داعشم کولاندووە"

**ڕووداو- شەرگات**



وەحیدە محەممەد، تەمەن 37 ساڵ کە فەرماندەی هێزێکی گەورەی سەر بە حەشدی شەعبییە لە نزیک شەرگات، دەڵێت بۆ ئەوە چووەتە ریزەکانی حەشد تا بەدەستی خۆی تۆڵە لە چەکدارانی داعش بکاتەوە، چونکە دوو جار شووی کردووە و هەردوو جارەکە مێردی بەدەستی توندڕەوە سوننەکان کوژراوە. جاری یەکەم مێردی بە ئەفسەرێکی پۆلیس کردووە بەناوی عەبدولڕەزاق، دوو منداڵی لێی بووە و دواتر لەلایەن چەکدارانی قاعیدەوە ماڵەکەی لە تکریت تەقێنراوەتەوە و مێردەکەی و کچێکی تێدا کوژراوە، جاری دووەمیش مێردی بە ئەفسەرێکی دیکەی هێزی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان کردووە بەناوی فازڵ و ئەویش بەدەستی داعش کوژراوە. بۆیە دەڵێت: "بڕیارم دا تۆڵەی مێردەکەم بکەمەوە ... و ئێستا سەرپەرشتی زیاتر لە هەشت سەرایا و فەوجی سەر بە حەشدی شەعبی دەکەم".

ئەو لەباسی شەڕی شەرگاتدا دەڵێت "ئەوەی کوشتم کوشتم، ئەوەی سەرم بڕی سەریم بڕی، خوێنی چەند کەسێکیانم نۆشی، کەللەی چەند کەسێکیانم کوڵاند، بەڵام هێشتا دڵم ئۆقرەی نەگرتووە و تۆڵەی خۆمم بە تەواوی نەکردووەتەوە".

4 »

## سکاڵای یاسایی لەسەر 12 پەرلەمانتار تۆماردەکرێت

2

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر بۆ (ڕووداو):

## ئەمساڵ ناتوانین نەوتی سپی دابەش بکەین

5

## دوو هەفتەی داهاتوو بۆ باڵەکانی یەکێتی یەکلاکەرەوە دەبێت

7

# نەهزەکانی نێو کۆمەڵی ئیسلامی حیزبێکی نوێ دادەمەزرێنن

**کۆمەڵ:** ترسمان لە دروستبوونی حیزبی دیکەی ئیسلامی نییە

**ئەبوبەکر عەلی:** دروستبوونی حیزبێکی دیکە پێویستە

7 »



## دڵێکی کوردی بۆ خەڵاتی نۆبڵ لێدەدات

» 11

ڕاپۆرت 4

چەکدارێکی داعش:

### پێم ئاساییە دایکیشم وەکو ئافرەتانی ئێزدی بەسەر بهێنرێ



ئابووری 8

### کۆمپانیایەکی خۆماڵی گەشتیاری فەرەنسی دێنێتە کوردستان

تەندروستی 18


### کوردستان ترسی کولێرای لێ نیشتووە



هونەری 12

عەزیز شاروخ بۆ (ڕووداو):

### حەز ناکەم سەردانی هەرێمی کوردستان بکەمەوە



## ئەڵمانەکان کرێکاری کوردیان دەوێت

**ڕووداو- هەولێر**

ڕێکخراوێکی خێرخوازی ئەڵمانی هەلی کار بۆ 2000 کرێکار لە هەولێر دەڕەخسێنێ. حەسەن ڕەمەزان، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی سەندیکای کرێکاری کوردستان/ لقی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "ڕێکخراوێکی ئەڵمانی ماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستانە و بەنیازە هەلی کار بۆ 2000 کرێکار برەخسێنێ". بەپێی ئەو ڕێنماییانەی ڕێکخراوەکە بۆ سەندیکای کرێکارانی ناردووە، ڕێکخراوەکە پێویستی بە 2000 کرێکار هەیە بۆ ماوەی 40 ڕۆژ. ئەو کرێکارانە لە هەندێک پرۆژەدا کار دەکەن، ڕۆژانەکەشیان 20 دۆلارە".




ڕاپۆرتە هەواڵ

ڕووداو

ژمارە ( 428 ) - دووشەممە 2016/10/17


## دووانیان خوشک و بران

# تەرمی چوار کۆچبەری کورد دەهێنرێنەوە کوردستان

### بەرپرسێکی کۆچ و کۆچبەران: ئەمساڵ تەرمی 58 کۆچبەر هێنراونەتەوە کوردستان

**سەرباز سیامەند**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسی بەشی پەنابەران و ڕەوەندی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەران لە هەولێر ڕایگەیاند، ڕۆژی چوارشەممە 2016/10/19 تەرمی چوار کۆچبەری کورد دەگەڕێندرێنەوە کوردستان کە دوویان خوشک و بران.

نەزهەت حوسێن، بەرپرسی بەشی پەنابەران و ڕەوەندی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەران لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو چوار کەسە دوویان دوو گەنجی قەزای سۆرانن و دووەکەی دیکەش خوشک و بران و خەڵکی قەزای شێخانن.

بە گوتەی نەزهەت حوسێن، ئەو کۆچبەرانە ڕۆژی 2016/9/8 لە ڕێگەی چوونیاندا بۆ ئەورووپا لە ئاودا خنکاون و گوتیشی "ڕێوشوێنە یاساییەکانی هێنانەوەی تەرمەکان تەواو بوون و بەهاوکاریی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەران لە یۆنان کارەکان کراون. ڕۆژی سێشەممە 2016/10/18 تەرمەکانیان دەگاتەوە شاری ئیستانبوڵ، ڕۆژی دواتریش لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە دەگەیەنرێنەوە هەرێمی کوردستان".



میرزا ئیبراهیم قادر، کە ئامۆزای یەکێک لە کۆچبەرە خنکاوەکانە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئامۆزایەکی من بەناوی سەلوان ساڵح قادر تەمەن 26 ساڵ و دانیشتووی قەزای سۆران، لەگەڵ گەنجێکی دیکەی قەزاکە بەناوی محەممەد سەلیم، تەمەن 29 ساڵ، لەنێو ئەو بەلەمەدا بوون، تەرمی ئامۆزاکەم سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکە دۆزرایەوە."

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، بەلەمەکە 10 کۆچبەری تێدابووە، دوای تێکشکانی، شەش لە کۆچبەرەکان خنکاون و چوارەکەی دیکە توانیویانە خۆیان ڕزگار بکەن.

بەرپرسەکەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەرانی هەولێر، تێچووی هێنانەوەی تەرمەکانی ئاشکرا کرد و گوتی "تەرمەکان لەسەر خەرجی نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەهێنرێنەوە. پێنج هەزار یۆرۆ تێچووی هێنانەوەی تەرمەکانیانە، چونکە تەرمەکان لە دوورگەیەکەوە گەڕێنرانەوە سۆفیای پایتەختی بولگاریا و لەوێشەوە دەهێنرێنەوە ئیستانبوڵ و دواتریش هەرێمی کوردستان".

میرزا ئیبراهیم قادر، باسی کۆچکردنی ئامۆزاکەی کرد و گوتی "سەلوان لەگەڵ گەنجێکی دیکەی قەزای سۆران، لەڕێگای قاچاخچییەکەوە لە تورکیاوە چوونە یۆنان، لەوێش هەوڵیانداوە خۆیان بگەیەننە ئەڵمانیا. چونکە قاچاخچییەکە لەبری گەیاندنیان بە ئەڵمانیا پێشەکی بۆ هەر کەسێکیان 2000 دۆلاری وەرگرتووە، بەڵام نەگەیشتوونەتە شوێنی مەبەست و نازانم لەسەر چەند ڕێککەوتوون".

بە گوتەی میرزا، قاچاخچییەکە لە دەزگایەکی ئەمنیی هەرێمی کوردستان کار دەکات. ئەو دەڵێت "زۆر ناخۆشە کەسێک کارمەندی حکومی بێت و قاچاخچی بێت!".

نەزهەت حوسێن، بەرپرسی بەشی پەنابەران و ڕەوەندی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەرانی هەولێر، ژمارەی تەرمی ئەو کۆچبەرانەی ئاشکرا کرد کە ئەمساڵ هێنراونەتەوە کوردستان و گوتی "لە ساڵی 2016 تەواوی ئەو تەرمانەی هێنراونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە. تاوەکو ئێستاش بەو چوار تەرمەوە، تەرمی 58 کۆچبەر هێنراونەتەوە هەرێمی کوردستان".

# سکاڵای یاسایی لەسەر 12 پەرلەمانتار تۆمار کراوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، 12 ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، پەرلەمانتارێکیش بە تەنیا 14 سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە. زۆربەی سکاڵاکانیش بە تۆمەتی ناوزڕاندن بووە.

### عەلی حەمەساڵح پێنج سکاڵای لەسەرە

دوایین سکاڵا کە لەسەر پەرلەمانتاران تۆمارکرابێ لە هەفتەی ڕابردوودا بوو، ئەویش لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە لەسەر عەلی حەمەساڵح، پەرلەمانتاری گۆڕان تۆمار کرا.

عەلی حەمەساڵح، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لە نووسینێکدا باسی داهاتی پارێزگای سلێمانی کرد و بڵاوی کردەوە "جگە لە داهاتی بەرهەمە نەوتییەکان کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەڵسوکەوتی پێوە دەکات و دەیخاتە بانکی کوردستانی ئەهلی، هەموو داهاتەکانی دیکەی سلێمانی مانگانە نزیکەی 50 ملیار دینارە، ماوەی دوو ساڵە لەلایەن بەرپرسانی سلێمانییەوە بەبێ ئاگاداری ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵسوکەوتی پێوە دەکرێت و تەنیا وەک حیساب دەگەڕێتەوە هەولێر".

عەلی حەمەساڵح هەروەها گوتبووی "ئەو پارەیە کە نزیکەی 40 ملیۆن دۆلارە، چۆن خەرج دەکرێت؟ بە ئەمری کێ؟ لەکاتێکدا ئەوە بۆ سێ ساڵە بودجە لە پەرلەمان پەسەند نەکراوە. بەدڵنیاییەوە ئەو پارەیە بۆ مووچەی فەرمانبەران نییە".

دوای ئەو نووسینەی عەلی حەمەساڵح، ناسیح حەمەحوسێن، پارێزەری یاسایی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەناوی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیەوە و بە تۆمەتی ناوزڕاندن، سکاڵای لەدژی عەلی حەمەساڵح تۆمارکرد.

عەلی حەمەساڵح بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، تائێستا پێنج سکاڵای لەلایەن حیزب و کۆمپانیا و کەسایەتییەکانەوە لەسەر تۆمارکراوە و سکاڵاکانیش پەیوەندی بەو دۆسیەی گەندەڵییانەوە هەیە کە باسی کردوون. عەلی حەمەساڵح گوتی "ئەو سکاڵایانەش زۆر ئاساییە و حاڵەتێکی زۆر باشە کە پەنا بۆ دادگا ببردرێت".

### سۆران عومەر ریکۆردی شکاندووە

سۆران عومەر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، تائێستا 14 سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە کە بەشێکیان لەلایەن بەرپرسانی حیزب و حکومەتەوەیە، ئەوەش بە گوتەی خۆی بەهۆی ئاشکراکردنی دۆسیەکانی گەندەڵی بووە، یان گەیاندنی ئەو دۆسیانە بووە بە دەستەی دەستپاکی و دادگای دەستپاکی و داواکاری گشتی، ئەو بەرپرسانەش بەتۆمەتی ناوزڕاندن سکاڵایان تۆمارکردووە.

### د.عیززەت سێ سکاڵای لەسەرە

د.عیززەت سابیر پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە سێ داوای یاسایی لەسەر تۆمارکراوە و گوتی "پەرلەمانتارانی ئەم خولە بە مانای وشە دەستیان بۆ زۆرترین دۆسیەی گەندەڵی بردووە، بۆیە سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە".

### "بۆ موزایەدە دەیکەن"

هەندێک لە پەرلەمانتارانی ئەم خولە زۆرتر لەڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بابەت بڵاودەکەنەوە و زۆرجاریش بەو هۆیانەوە سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە.

شوان شێخ ئەحمەد، پەرلەمانتاری پارتی پێیوایە هەندێک لەو پەرلەمانتارانە وروژاندنی بابەت لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ موزایەدە و ناوبانگ دەکەن. شوان گوتی "پەرلەمانتار هەقی خۆیەتی و دەتوانێت لەڕێگەی پەرلەمانەوە داوای ڕوونکردنەوە لە وەزارەت و دامەزراوەکان بکات، بەڵام بەداخەوە هەندێک پەرلەمانتار بۆ موزادەیەی سیاسی وا دەکەن".

بەڵام سۆران عومەر ڕەتیکردەوە موزایەدە بکەن و گوتی "سکاڵاکان پەیوەندی بە کاریگەری کارەکانمانەوە هەیە و ئەوانیش بۆ سپیکردنەوەی کارەکانیان سکاڵایان تۆمارکردووە".

د.عیززەت هۆکاری وروژاندنی دۆسیەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕوونده‌کاتەوە و دەڵێت "لەم خولەدا بە قەد هەموو تەمەنی پەرلەمان زۆرترین پرسیارکراوە، لەبێوەڵامی حکومەتدا، پەرلەمانتار پەنا بۆ میدیا و فەیسبووک دەبەن کە ئەوەش زۆر ئاساییە".

### 12 پەرلەمانتار سکاڵایان لەسەرە

د.ڤالا فەرید، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، تائێستا زیاتر لە 12 پەرلەمانتار سکاڵای یاساییان لەسەرە، پەرلەمانتاریش هەیە 13 سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە.

گوتیشی "بەشێکی زۆری سکاڵاکان بەتۆمەتی ناوزڕاندنە، لەبەرئەوەی پەرلەمانتار لە کاری پەرلەمانتاری لایداوە و زێدەڕۆیی کردووە و بەشێوەیەکی پیشەییانە کاری نەکردووە".

### پەککستنی پەرلەمان، پارێزبەندیشی دواخستووە

تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر پەرلەمانتاران دوو جۆرە، ئەگەر سکاڵاکار داوای قەرەبووی ماددی بکات، دەتوانێت لە دادگای شارستانی سکاڵا تۆماربکات لەو حاڵەتەدا ئامادەبوونی پەرلەمانتار لەبەردەم دادگادا پێویستی بە هەڵگرتنی پارێزبەندی نییە، بەڵام ئەگەر داوای قەرەبووی لێنەکرێت، پێویستە پەرلەمان دەنگ بە هەڵگرتنی پارێزبەندی بدات و پەرلەمانتار لە دادگا ئامادەبێت.

پەککستن پەرلەمان و کۆنەبوونەوەی، کاریگەری لەسەر پارێزبەندیش دروستکردووە. د.ڤالا گوتی "ئێستا نە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەتوانێت کاری هەڵگرتنی پارێزبەندی بکات و نە کۆبوونەوەش هەیە، لەبەرئەوە پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتاران هەڵنەگیراوە و پەرلەمانتارانیش نەچوونەتە بەردەم دادگا، بەڵام حیسابی سکاڵای شارستانی جیاوازە".



سۆران عومەر 14 سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە و عەلی حەمەساڵحیش 5 سکاڵا

### سێ پەرلەمانتاری پارتی سکاڵایان لەسەرە

لە 25/3/2015 هەردوو پەرلەمانتاری پارتی نازم کەبیر و مەردان خدر، لەکاتی دانیشتنی پەرلەماندا هێرشیان کردە سەر پەرلەمانتاری گۆڕان عەلی حەمەساڵح. دواتر عەلی حەمەساڵح سکاڵای لەسەر تۆمارکردن، ئەوانیش سکاڵایان لەسەر تۆمارکرد.

نازم کەبیر بە (ڕووداو)ی گوت "سکاڵا لەسەر من و مەردان خدر و دڵشاد شەعبان تۆمارکراوە، بەڵام نازانم ئەوەی کاک دڵشاد لەسەر چییە. بەهۆی پارێزبەندیشەوە نەچووینەتە بەردەم دادگا، هەر کاتێک لەلایەن پەرلەمانەوە ڕێگەدرا، ملمان لە موو باریکترە".

# کارتە ئەلیکترۆنییەکەی نەوتی سلێمانی کێشەی تێدەکەوێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی داوای ڕاگرتن و پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دروستکردنی کارتی زیرەکی تایبەت بە دابەشکردنی نەوت دەکات، بەڵام خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێت پرۆژەکە ڕاناگرن، چونکە پارەیان تێدا خەرج کردووە.

ئەمساڵ لە سنووری پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە نەوتی سپی لە ڕێگەی کارتی زیرەکەوە دابەش دەکرێ، کارتەکەش لەلایەن کۆمپانیای باقیان دروست دەکرێ، بەڵام غالیب محەممەد، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی داوای ڕاگرتن و پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو کارتە کردووە.

غالیب محەممەد، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نزیکەی حەوت مانگ لەمەوبەر پرۆژەی دروستکردنی کارتی دابەشکردنی نەوت بۆ پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە لەلایەن د.ئاسۆ فەرەیدوون، پارێزگاری پێشووی سلێمانییەوە بە کۆمپانیایەک دراوە و ئەویش داوای ڕاگرتن و پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کردووە "چونکە پێشتر ئاگامان لێ نەبووە ئەو پرۆژەیە بدرێتە ئەو کۆمپانیایە. هیچ نووسراوێکیشمان لەلایەن پارێزگاری پێشوو سەبارەت بە پێدانی پرۆژەکە بەو کۆمپانیایە بۆ نەهاتووە، بەڵکو بە بەدواداچوونی خۆم زانیاریم لەسەری کۆکردووەتەوە، لە کاتێکدا لە شوێنەکانی دیکە ئەنجوومەنەکان ئاگادارن، چونکە پرۆژەی ستراتیژی و گرنگن".

بە گوتەی غالیب، ژمارەیەکی کەم لە کۆمپانیا بۆ وەرگرتنی بەشدارییان کردووە و گوتی "پێموایە سێ تا چوار کۆمپانیا، بەشدارییەکی شکڵیی وەرگرتنی پرۆژەکەیان کردووە، پێشموایە کۆمپانیای جێبەجێکار شارەزاییان نییە".

بەڵام فەرحان عەبدولکەریم، خاوەنی کۆمپانیای باقیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نزیکەی دوو ساڵە سەرقاڵی ئەو پرۆژەیەن و لە مانگی شوباتی ساڵی ڕابردووشەوە لە نێوان پێنج کۆمپانیای بەشداربوودا ئەو پرۆژەیەیان بۆ دەرچووە دوای ئەوەی ئەوان کەمترین نرخیان پێشکەش کردووە.

بە قسەی غالیب، لە سنووری پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە 490 هەزار خێزان ئەو کارتەیان بۆ دروست دەکرێت و گوتی "ئەو کۆمپانیایە هەر کارتێک بە 10 هەزار دینار دروست دەکات، لە کاتێکدا کارتەکە کەمتر لە 2 دۆلاری تێدەچێت".

فەرحان ئەو قسەیەشی پشتڕاست کردەوە کە دروستکردنی کارتەکە دوو دۆلاری تێدەچێت، بەڵام باسی تێچووی لایەنەکانی دیکەی پرۆژەکەی کرد و گوتی "هەر ئۆتۆمبێلێک کە نەوت دابەش دەکات ئامێرێکی پێوەیە بایی پێنج هەزار دۆلارە، هەر پرنتەرێکمان بە 90 هەزار دۆلار کڕیوە بۆ چاپکردنی کارتەکە، هەر سێرڤەرێکیشمان بە ملیۆنێک دۆلار کڕیوە کە دەیبەینە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان، پاشان کارتەکەش بە نۆ هەزار بە ماڵان دەدرێت، نەک 10 هەزار".

ئەو بەرپرسەی ئەنجوومەنی پارێزگا لە مانگی تەممووزی ئەمساڵەوە داوای پێشکەشی ئەنجوومەنی پارێزگا کردووە بۆ ڕاگرتنی پرۆژەکە و پێکهێنانی لیژنە، د.غالیب گوتی "مانگی تەمموز نووسراوێکم بۆ ئەنجوومەن کرد بۆ ڕاگرتنی ئەو پرۆژەیە و دروستکردنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەش لەسەری".

بەڵام فەرحان ڕەتیکردەوە پرۆژەکەیان ڕابگرن و گوتی "تائێستا داوای ڕاگرتنمان لێ نەکراوە و ڕاشیناگرین، چونکە داواکەیان یاسایی نییە، پاشان گرێبەستمان لەگەڵ حکومەتدا هەیە و لە حاڵەتی ڕاگرتن داوای دوو ملیار و 500 ملیۆن دینار وەک قەرەبوو دەکەین، چونکە خەرجیمان کردووە و دەبێت بۆمان بگێڕنەوە".





## وەفدێکی تورکیا سەردانی عێراق دەکات

**ڕووداو- بەغداد**

عەبدولباری زێباری، ســەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی زانیارییەکانیان ڕەنگە وەفدێکی تورکیا سەردانی شاری بەغدا بکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا بە فەرمی کات و ئەندامانی وەفدەکەش دیارینەکراون. زێباری گوتی "هاتنیان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان تورکیا و عێراقە دەربارەی هێزەکەیان لە ناوچەی باشیک. چونکە لایەنی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش ئەمەریکا گوشاری لەسەر تورکیا دروستکردووە بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی ئەو کێشەیە".

## 30 هەزار پێشمەرگە تێیدا بەشدارن

# زەنگی کۆتایی خەلافەتەکەی داعش لێی دا

**بەرپرسێکی کورد: مووسڵ پاروویەکی گەورەیە و بە یەک لایەن قووت نادرێ**

**فەرماندەیەکی پێشمەرگە: دەتوانین هەتا سەنتەری شاری مووسڵ بچین**



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

سیروان عەباس
ڕووداو- هەولێر

سەعاتی سفری ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شــاری مووســڵ، لێی دا. پێشــمەرگە و ســوپای عێــراق وەکــو دوو هێــزی زەمینیــی ســەرەکی ئۆپەراســیۆنەکە لەسەر حەوت خاڵ ڕێککەوتوون. بەپێــی ڕێککەوتنەکە یەکەم گوللەی دەســتپێکی ئۆپەراسیۆنەکە لەلایەن پێشمەرگەوە دەتەقێنرێ. لــە کاتــی ئۆپەراســیۆنەکەش جگــە لــە ئــاڵای کوردســتان و عێراق ڕێگە بــە بەرزکردنەوەی هیچ جۆرە ئاڵایەکی دیکە نادرێ.

هێــزەکان ئامــادەکاری تەواویان بۆ شــەڕی مووســڵ کردبوو، بەشێک لە میدیاکانی جیهان، تویتێکــی مەســعود بارزانی، ســەرۆکی هەرێمی کوردســتانیان وەک نیشــانەی نزیکبوونــەوەی شەڕی مووسڵ بەکارهێنا. بارزانی لە تویتەکەی تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەردا نووســیویەتی "کاتی دەســتپێکردنی شــەڕی ڕزگارکردنــی مووســڵ نزیکــە". شــەڕێک کە ڕەنگە مەحــاڵ بێت بەبێ پێشمەرگە بکرێ.

لیــوا ســیروان بارزانــی، ســەرپەرشــتیاری میحوەرەکانــی گوێڕ-مەخمــوور بــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئۆپەراســیۆنی مووسڵ بەبێ پێشمەرگە ناکرێت، چونکە زۆربەی ڕێگا و ئاراستەکانی ڕووە و مووسڵ، لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدان".

لە شــەش ڕێگای هێرش، پێنجیان لەدەســتی پێشمەرگەدان. سوپای عێراق و پێشمەرگە دەتوانن لە شــەش میحوەرەوە هێرش بکەنە سەر مووسڵ. ئەوانیــش: کەســکێ، بەنداوی مووســڵ، ناوەران، خــازر و گوێــڕ. هەروەها گەیارە کــە تاکە ڕێگایە بەدەست سوپای عێراقەوە.

### ڕێککەوتنەکە کەی و چۆن کراوە؟

لیوا سیروان بارزانی، باس لە کات و چۆنیەتی ڕێککەوتنــی نێوان پێشــمەرگە و ســوپای عێراق دەکات و دەڵێــت "پێــش ســاڵێک دانوســتاندن بــۆ ڕێککەوتــن لەســەر ئۆپەراســیۆنی مووســڵ دەســتیپێکرد، بــەڵام هیــچ ئەنجامێکــی ئەوتۆی نەبوو، ئێستا فەرماندەیی هاوبەش هەیە لە نێوان پێشمەرگە، هێزی هاوپەیمانان و سوپای عێراق".

لیــوا ســیروان بــاس لــە کاتــی ڕێککەوتنــی کۆتایی ئەو ســێ لایەنە دەکات و دەڵێت "پێشــتر ڕێککەوتنەکە بەشــێوەی زارەکی کرابوو، بەڵام لە کاتی ســەردانەکەی مەســعود بارزانی، ســەرۆکی هەرێمی کوردســتان بــۆ بەغدا لــە 29ی ئەیلولی ڕابردوو، لەگەڵ حەیدەر عەبادی، ســەرۆکوەزیرانی عێــراق گەیشــتنە ڕێککەوتنــی کۆتایــی لەســەر چۆنیەتی و کاتی ئۆپەراسیۆنەکە".

### تەنیا ئاڵای عێراق و کوردستان

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان پێشــمەرگە و سوپای عێراقدا هەیە، لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکە تەنیــا ڕێگــە بە بەرزکردنــەوەی ئــاڵای عێراق و هەرێمی کوردستان دەدرێت.

لیــوا موزەفــەر بێرکــی، فەرماندە لــە هێزی پێشــمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێشــمەرگە دوو ســاڵە لەبەرەکانــی شــەڕ تەنیــا یــەک ئاڵا بەرزدەکاتــەوە ئەویش ئاڵای کوردســتانە، بەڵام لەنێو سوپای عێراقدا چەندین جۆر ئاڵا دەبینرێن، لە پێناو ئەوەی لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکە ناکۆکیی دروست نەبێ، تەنیا ڕێگە بە بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق دراوە.

بــەڵام ســیروان بارزانــی دەڵێــت "ڕێگــری پێشــمەرگە لە ســوپای عێراق بۆ هەڵدانی ئاڵانی جیــاواز، نەبووەتە مــەرج، بەڵکو ئەوە بۆ ڕێگری کردنــە لــە هەڵگیرســانی شــەڕی مەزهەبــی و نێوخۆیی، ئەوەش لەبەرژەوەندیی سوپای عێراقە، چونکە پێکهاتەی سوپاکە شیعی-سوننیە".

ڕۆژی 2016/10/14 هێزێکی ســوپای عێراق دەیویست لە میحوەری مەخموورەوە بچێتە نزیک مووســڵ، بەڵام هێزی پێشمەرگە ڕێگری لێکردن، بەهــۆی ئەوەی چەند ئاڵایەکی جیاوازی تایفییان بەرزکردبووەوە، دوای ئــەوەی ئاڵاکانیان داگرت، پێشمەرگە ڕێگەی بۆ کردنەوە.

### سەرەتا پێشمەرگە هێرش دەکات

فەرماندەیەکی باڵای هێزی پێشمەرگە باس لە پلانی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی موسڵ دەکات و دەڵێــت: لەگەڵ ســوپای عێراق بە هاوبەشــی پلانێکی سێ هەنگاوی جێبەجێ دەکەن.

ئــەو فەرماندەیەی پێشــمەرگە کە نەیویســت نــاوی بڵاوبکرێتــەوە بــە (ڕووداو)ی گــوت "ســەرەتای هێرشــەکە لەلایــەن پێشــمەرگەوە دەبێــت و ئامانجیــش کۆنترۆڵکردنــەوەی ناوچە ســتراتیژییەکانی دەوروبەری موسڵە، چونکە بە کونترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەی دەرەوەی شــار کە داعش بنکەی خۆی تێدا قایم کردووە، چوونە نێو شارەکە ئاسانتر دەبێت".

هەروەهــا دەڵێــت "دوای کۆنترۆڵکردنــەوەی ئــەو ناوچانەی دیاریکراون، پێشــمەرگە ئیدی لە پێشــڕەویکردن دەوەســتێ و ئامــاژە و ڕێنمایی دەداتە ســوپای عێراق بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیانەوە کە پێشمەرگە بۆی کردوونەتەوە بەرەو سەنتەری مووسڵ پێشڕەوی بکەن".

ســەبارەت بە هەنگاوی ســێیەمیش کە شەڕی نێو سەنتەری شارە، ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە گوتــی "لەکاتی هێرشــکردنی ســوپای عێراق بۆ نێو سەنتەری مووســڵ، پێشمەرگە دەبێتە هێزی پشــتیوانی، هــەر کاتێک ســوپای عێــراق داوای بەهاناوەچوون بکات، پێشــمەرگە دەچێتە بەرەی پێشــەوە، ڕەنگــە تاوەکــو ناوەندی شــار یاوەری سوپای عێراق بکات".

### سەنگاوی بەشداری ناکات

زۆربەی فەرماندە و فەرماندەییەکانی پێشمەرگە لە ئامادەباشــیدان بۆ شــەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی مووســڵ، بۆ ئەو مەبەســتەش لــە میحوەرەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا جێگیر بوون.

شــێخ جەعفــەر شــێخ مســتەفا، بەرپرســی یەکەی 70ی پێشــمەرگە کە ســەر بــە یەکێتیی نیشــتیمانی کوردســتانە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، یەکەی 70 بەشــداری لە شــەڕی موسڵدا دەکات و لە ئامادەباشــیدان، بەڵام مەحموود سەنگاوی، فەرمانــدەی میحوەری گەرمەســێری پێشــمەرگە بەشداری لە شەڕی مووسڵ ناکات، هۆکارەکەشی بــۆ (ڕووداو) ئاشــکرا کــرد و گوتــی "تاوەکــو ئێســتا هیچ ئاماژەیەکم لە ســەرووی خۆمەوە بۆ بەشــداریکردن لە شەڕی مووسڵ پێنەگەیشتووە، لــە هیچ کۆبوونەوەیەکیش بەشــداریم پێنەکراوە، بۆیــە من لە ئەرکی خۆم لە ناوچەی گەرمەســێر بەردەوام دەبم".

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو) زیاتر لە 30 هەزار پێشمەرگە بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە دەکەن و 3 لیوای پێشمەرگە لە ناوچەی دەشتی نەینەوا پێشڕەوی دەکەن.

### ئەجێندای کورد لە شەڕی مووسڵدا

سیاســەتوانێکی کــورد کــە نەیویســت ناوی بڵاوبکرێتــەوە باســی ئەجێندای کــورد دەکات لە شــەڕی کۆنترۆڵکردنــەوەی مووســڵدا و دەڵێــت "کــورد چەنــد ئەجێندایەکی هەیــە، لەوانەش بە کۆنترۆڵکردنــەوەی مووســڵ، پێشــمەرگە 50% پشــوو دەدات. مووسڵ دەبێتە بازاڕێکی گەورە بۆ هەرێمی کوردســتان، زۆربەی ئاوارەکانی مووسڵ دەگەڕێنەوە و باری هەرێمی کوردســتان ســووک دەبێ، باشووری شنگال داعشی تێدا نامێنێ".

وەک ئەو دەڵێت، زۆربەی هێزە نێودەوڵەتییەکان و هەرێمییەکانیــش ئەجێندای خۆیان لە شــەڕی مووســڵدا هەیە، بۆیە دەڵێت "مووسڵ پاروویەکی گەورەیە و بە یەک لایەن قووت نادرێ".

### داعش یەک ڕێگای دەرچوونی هەیە

تاکە ڕێگای دەرچوونی داعش لە باشــووری ڕۆژئاوای شــارەکەیە بەرەو بەعاج و ڕەققە و دێرەزوور. ڕۆژی شــەممەی ڕابردووش دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە داعش ئەو ڕێگایەی داخستبێت بۆ ئەوەی چەکدارەکانی نەتوانن رابکەن.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) داعش مووسڵی بەسەر بەری لای چەپ و ڕاستدا دابەش کردووە و بەربەستی لەبەردەم هەردوو بەرەکە داناوە. بەڵام ترسی هەیە دانیشتووانی بەری چەپی مووســڵ لە دژی ڕاپەڕن. بۆیــە ژمارەیەکی زۆر بەلەمیان بــۆ خۆدەربازکردن ئامادە کردووە.

## مووسڵ سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی نانی عێراق بوو

# مووسڵ 600 ملیۆن تۆن کبریت و 22 کێڵگەی نەوتی هەیە

محەممەد هادی
ڕووداو – هەولێر

دووەم گەورەتریــن شــاری عێــراق کــە زیاتر لە دوو ســاڵە لەژێر دەســتی داعشدایە و ئێســتا چــاوی هەمــوو دونیــای لەســەرە بــۆ دەرهێنانــی لەدەســتی ئــەو گرووپــە، ســەرچاوەیەکی ســەرەکی دابینکردنی نانی عێــراق بوو. شــارەزایەکی ئابووریش دەڵێت مووســڵ سامانێکی سروشــتیی زۆر گەورەی تێدایە.

پارێــزگای نەینەوا لــە ڕووی ئابوورییەوە پێگەیەکــی بەهێزی هەیــە و دەوڵەمەندە بە ســامانی سروشــتی و بەپیتــی خاکەکــەی، هاوکات لە ساڵانی ڕابردوودا یەکێکە بووە لە گرنگترین ناوچە پیشەسازییەکانی عێراق.

### 600 ملیۆن تۆن کبریت

د.بێــوار خنســی، ڕاوێــژکاری ئابووریــی ئاژانســی پاراســتنی ئاسایشــی کوردســتان دەڵێــت "مووســڵ لــە ڕووی زەویناســیەوە، کۆمەڵێــک ماددەی سروشــتیی تێدایە کە لە عێراق دەگمەنن".

خنســی ئاماژەی بەو مادده سروشــتییانە کــرد و بــە (ڕووداو)ی گــوت "لــە نەینــەوا کێڵگەیەکــی بەرهەمهێنانــی کبریــت هەیــە بــە نــاوی کێڵگــەی کبریتــی میشــراق کــە ســاڵانە توانــای بەرهەمهێنانی یــەک ملیۆن تــۆن کبریتــی هەیــە، یەدەگــی کبریتیــش لــەو ناوچەیــە نزیکــەی 600 ملیــۆن تۆنە، بەهــا ئابوورییەکەشــی بــە 10 ملیــار دۆلار دەخەملێنرێ".

کبریــت لــە چەندین جۆری پیشەســازیدا بەکاردەهێنــرێ، یەکێک لەوانە پیشەســازیی تەقەمەنییــە. چەکدارانــی داعــش لــە زۆربــەی هێرشــەکانیاندا مــاددەی کبریتیان بەکارهێنــاوە وەک ماددەیەکی ژەهراوی، کە بەرهەمــی کێڵگــەی کبریتــی میشــراق بووە و لــە کــۆگاکان هەڵگیرابوون. بەشــێک لەو کۆگایانــە لەلایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە خاپوورکراون.

ســامانێکی دیکــەی پارێــزگای نەینــەوا بــەردە. خنســی دەڵێت "لە نەینــەوا بەردی بــە نرخ و دەگمەن زۆرە، زۆربەی بەردەکانی حەلان، مەرمەڕ، سیرامیک و بەردی کاربۆنی لە ناوچە دەشــتاییەکانی پارێــزگای نەینەوا هەیە". بە گوتەی ئەو شــارەزایە، باشــترین جۆری بەردی حەلان لە قەزای شــنگالە.

جگە لەو ســامانە سروشــتیانە پارێزگای نەینــەوا دەوڵەمەنــدە بە ئــاوی کانزایی کە زۆرکات وەک چارەســەری پزیشکی سوودی لێوەرگیــراوە و گەشــتیاری تایبەت بە خۆی هەبووە لەوانەش ئاوی حەمام عەلیل.

### 1000 کارگەی بلۆک و چیمەنتۆی تێدایە

جگــە لەو کەرتانە لە ڕووی پیشەســازییەوە پارێــزگای مووســڵ هــەزاران کارگــەی گرنگی تێدایــە کە لە کەرتەکانی بیناســازی و خۆراک و ســامانی سروشــتی و ئەلیکترۆنــی و ... پێکهاتوون.

لــە پارێزگای نەینەوا زیاتر لە هەزار کارگەی بلۆک و چیمەنتۆ هەیە و پێداویســتی بەشــێک لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش بە چیمەنتۆ و بلۆک لەلایەن پارێزگای نەینەواوە دابین دەکرا. جگە لەوانە مووســڵ یەکێک لــە گەورەترین کارگەکانــی شــەکری هەیە کە هەر لە ســنوری ئــەو پارێزگایــەش چەوەنــدەری پێویســتی بۆ دابین دەکرێت.

### 50%ی ڕووبەری مووسڵ زەویی کشتوکاڵییە

### 45%ی گەنمی عێراق لە مووسڵ بەرهەم دێت

### 22 کێڵگەی نەوت و غازی تێدایە

پارێزگای نەینــەوا ناوچەیەکــی دەوڵەمەندە بە ســامانی نەوت و گاز، بەپێــی زانیارییەکانی ســەرچاوەیەکی باڵا لە دەســتەی نەوتی نەینەوا بۆ (ڕووداو) پارێزگای نەینەوا 22 کێڵگەی نەوت و گازی تێدایــە کــە بەشــێکیان دۆزراونەتەوە و کاری تێدا دەکرێت، بەشێکی دیکەش تەنیا کاری گەڕان و پشکنینی بۆ کراوە، بەشێکی زۆری ئەو ناوچە نەوتییانە دەکەوێتە ناوچە کوردییەکان.

بەپێی قســەکانی ئەو ســەرچاوەی دەستەی نەوتــی نەینــەوا، حــەوت کێڵگــەی نەوتــی بەرهەمهێنــەر هەیە کە ســێ کێڵگەیــان لە ژێر کۆنترۆڵــی هێزەکانــی پێشــمەرگەیە، ئەوانیش کێڵگــەی بەتمە کە ڕۆژانــە 1000 بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ. کێڵگەی عەین زالە ڕۆژانە 5 هەزار بەرمیــل، کێڵگەی نەوتی ســوفەییەش ڕۆژانە 4 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمی هەیە.

بەر لە هاتنی داعش نەوتی ئەو سێ کێڵگەیە بەشێکی بۆ پاڵاوگەی کەسکێ و بەشێکی دیکەی لــە ڕێــگای بۆڕی نەوتی کەرکــووک – جەیهان، هەناردەی بەندەری جەیهان دەکرا.

چوار کێڵگە نەوتییە بەرهەمهێنەرەکەی دیکە دەکەونــە ســنوری ناوچەی گەیــارە، بریتین لە کێڵگەکانی گەیارە، نەجمە، قەسەب و باجەوان، توانــای بەرهەمهێنانــی ئەو کێڵگانــە ڕۆژانە 20 هــەزار بەرمیلــە، لە چەند مانگی ڕابــردوودا ئەو کێڵگانە لە ژێر دەستی داعش دەرهێندران.

بەپێــی زانیارییەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق پرۆســەی گــەڕان و پشــکنین لــە هەریەکــە لە کێڵگەکانی عەلان، ئیبراهیم، ساسان و عەتشانە کــراون و ئامــادەن بۆ ئەوەی بیری نەوتیان تێدا هەڵبکەندرێت.

ســەرچاوەکەی دەســتەی نەوتــی نەینــەوا ئاشــکرایکرد لــە ســنووری قــەزای شــنگال کێڵگەیەکی گازی دۆزراوەتەوە. لە ســاڵی 2012 پرۆســەی گەڕان و پشــکنینی بۆ کــراوە، بەڵام تاوەکــو ئێســتا نەدراوەتــە هیــچ کۆمپانیایەک وەبەرهێنانی تێدا بکات.

لە ســنووری نەینــەوا دوو پاڵاوگــەی گەورە هەیــە، پاڵاوگــەی گەیــارە و کەســکێ، کە هەر یەکەیــان ڕۆژانــە توانــای پاڵاوتنــی 10 هــەزار بەرمیل نەوتی هەیە. پێشــتر ئەو دوو پاڵاوگەیە ســەرچاوەی ســەرەکی دابینکردنی سووتەمەنی بوون بۆ داعش.

### 45%ی گەنمی عێراق لە مووسڵ بوو

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق، ڕووبــەری پارێــزگای نەینــەوا 12 ملیۆن و 878 هــەزار و 581 دۆنمە، کە زیاتر لە 50%ی زەویی کشتوکاڵییە.

پارێــزگای مووســڵ بــە چاندنــی بەرهەمــی دانەوێڵــە و بەرهەمە پاقلەمەنییەکان ناســراوە، 45%ی کۆی بەرهەمی گەنمی عێراق لە سنووری پارێزگای نەینەوا بەرهەمدێت. هەر لەبەر ئەوەشە ئــەو پارێزگایە بە ســەرچاوەی دابینکردنی نانی عێراق ناســراوە. بــەڵام لــە دوای هاتنی داعش سەرجەم سێکتەرە ئابوورییەکانی ئەو پارێزگایە پەکی کەوت و نەتواندراوە سوودی لێوەربگیرێ.

ســەرەڕای گرنگی پێگەی ئابووریی مووسڵ، بەڵام ئەو پارێزگایە بەبێ باشــووری کوردســتان ناتوانێت سوودێکی ئەوتۆ لەو پێگە ئابوورییەی ببینێ. بەهۆی ئەوەی کوردســتان سەرەکیترین و گەورەترین بازاڕە بۆ ســاغبوونەوەی بەرهەم و کاڵاکانی مووسڵ.

### 10%ی بودجەی عێراق بۆ مووسڵ بوو

پارێزگای نەینەوا بەر لەوەی بکەوێتە دەستی داعش، ساڵانە بودجەیەکی زەبەلاحی لە بودجەی گشتی عێراق بۆ تەرخان دەکرا. بەهۆی ئەوەی دووەم گەورترین پارێزگای عێراق بوو لە ڕووی ژمارەی دانیشتووان و ڕووبەرەوە. بەپێی پرۆژە بودجەی ساڵانی ڕابردووی عێراق ئەو پارێزگایە 10%ی کۆی گشتی بودجەی عێراقی بۆ تەرخاندەکرا، ساڵانە 10 ملیار دۆلار بۆ ئەو پارێزگایە دەنێردرا.



بەرپرسێکی سعودی:

## پێشمەرگە شەڕی مووسڵ یەکلاییدەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

سامر سەبهان، باڵیۆزی پێشووی سعودیە لە عێراق و وەزیری دەوڵەتی سعودیە بۆ کاروباری وڵاتانی کەنداو ڕایگەیاند، شەڕی مووسڵ بە بەشداری پێشمەرگە یەکلایی دەبێتەوە. سەبهان لەبارەی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند، سعودیە بە بایەخەوە دەڕوانێتە ئۆپەراسیۆنی شەڕی مووسڵ و ئەو شەڕەش بە بەشداری پێشمەرگە یەکلایی دەبێتەوە. لەبارەی ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی مەزهەبی لە مووسڵ. سەبهان دەڵێت "سعودیە هەمیشە عەقڵانی بیردەکاتەوە و بڕیاردەدات. ئێمە وەک دەوڵەت و حکومەتی سعودیە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدانین شەڕی مەزهەبی ڕوویدات، چونکەماڵوێرانی بەدوای خۆیدا دێنێ".

### وەحیدە محەممەد، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی حەشدی شەعبی بۆ (ڕووداو):

# کەللەسەری داعشم کولاندووە و خوێنم خواردوونەتەوە



### لە شەڕی شرگاتدا 14 دیلی داعشم کوشت

### داعش ماڵی منی وێران کرد

### لەلای داعش داواکراوی ژمارە یەکەم

**لە شارۆچکەی شرگات (90 کیلۆمەتر ڕۆژئاوای پارێزگای سەلاحەددین) ئافرەتێکی تەمەن 37 ساڵ فەرماندەی هێزێکی سەربازییە. وەحیدە محەممەد کە بە ئافرەتە سەرکێشەکە ناسراوە، بە ڕۆژی ڕووناک و بەبێ دەمامک دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ چەکدارانی داعش ڕاگەیاندووە. ئەو نایشارێتەوە بۆ تۆڵەکردنەوە گەڕاوەتەوە شرگات، چونکە تاوەکو ئێستا دوو مێردی بە دەستی چەکدارە توندڕەوەکان کوژراون. وەحیدە لە کوشتنی چەکدارانی داعشدا شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە و زیاتر لە جارێک خوێنی داعشی خواردووەتەوە. وەحیدە لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) هۆکاری هەڵگرتنی چەک ڕووندەکاتەوە و باسی چۆنیەتی تۆڵەکردنەوە لە داعش دەکات.**

**هەڤپەیڤین: هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو- شرگات**

ڕووداو: وەحیدە محەممەد کێیە؟

وەحیدە محەممەد: کچێکی خەڵکی شەرگات بووم، لە عەشیرەتی جبووریم و لە نێو نەهامەتییەکانی ئەم شارۆچکەیە گەورە بووم. پیاوێکم بە ناوی عەبدولڕەزاق ناسی و بووە هاوژینم. بڕیارماندا بچینە تکریت، لەبەر ئەوەی ئەو ئەفسەر بوو لە ڕیزەکانی پۆلیس، 18 ساڵ پێکەوە بووین، دوو منداڵمان بوو. بەڵام ماڵەکەمان لەلایەن چەکدارانی قاعیدەوە تەقێنرایەوە، بەو هۆیەوە هاوژینەکەم و عایشەی کچم شەهید بوون. دوای سێ ساڵ شووم بە کەسێک کرد بەناوی فازڵ کە عەقید بوو لە هێزی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان، ئەویش بەر لە شەش مانگ لە نزیک شەڕگات بە دەستی داعش شەهید بوو. بڕیارم دا تۆڵەی مێردەکەم بکەمەوە. بەڕێز ئەبوو مەهدی موهەندیس ڕەزامەندی نیشاندا، شوێنی مێردەکەم بگرمەوە. ئێستا سەرپەرشتی زیاتر لە هەشت سەرایا و فەوجی سەر بە حەشدی شەعبی دەکەم.

ڕووداو: بەشداریت لە شەڕی شەڕگاتدا کرد؟

وەحیدە محەممەد: بەڵێ هێزەکەی من و ئەو هێزەی خرابووە ژێر دەسەڵاتی من، میحوەرێکی تەواومان پێدرابوو. بەپێی پلانەکە جوڵەمان کرد، هەرچەندە بە هەشت ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو کراینە ئامانج، بەڵام ڕانەوەستاین تاوەکو شەڕگاتمان ڕزگار کرد و ئاواتە گەورەکەم هاتەدی. ئەویش تۆڵەکردنەوەی خوێنی فازڵ بوو کە لەسەر ئەم خاکە بەبێ تاوان ڕژێنرا و ماڵم وێران کرا.

ڕووداو: چۆن تۆڵەی فازڵت کردەوە؟

وەحیدە محەممەد: داعشێکی زۆرم کوشت، لەبەر ئەوەی خەڵکی شەڕگاتم، باش دەمزانی کێ دەستی بە خوێنی خەڵک و مێردەکەم سوور بووە. هەر کە هاتمە نێو شەڕگاتەوە 14 چەکداری داعشمان بە دیل گرت و زیاتر لە 15ی دیکەشمان لەشەڕدا کوشت. من مامەڵەم لەگەڵ دیلەکان نەکرد، ئەوەی کوشتم کوشتم، ئەوەی سەرم بڕی سەریم بڕی، خوێنی چەند کەسێکیانم نۆشی، کەللەی چەند کەسێکیانم کوڵاند، بەڵام هێشتا دڵم ئۆقرەی نەگرتووە و تۆڵەی خۆم بە تەواوی نەکردووەتەوە.

ڕووداو: شانازی بەو کارانەتەوە دەکەی؟

وەحیدە محەممەد: داعشێک کە مێردم بکوژێت و ژیانم لێ تاڵ بکات، بە دەستی من تێکبشکێن و کەللەی سەریان لە ژێر پێم بێت، جێگای شانازی نییە! ئافرەتێک کە لە بنەماڵەیەکی بیر تەسک لەدایکبوویێ و فەرماندەی فەوجێکی 175 کەسی بێت، جێی شانازی نییە! بەڵێ شانازی بە کارەکانمەوە دەکەم و لە هیچیانیش پەشیمان نیم.

ڕووداو: ئێستا لە کوێ دەژی؟

وەحیدە محەممەد: ماڵێکم لە تکریتە، زۆرجار لەوێ دەمێنمەوە. ماوەی سێ هەفتەشە لە شەڕگاتم، سێ بارەگام هەیە. ماڵێکیشم لە هەولێرە لە شارۆچکەی بەحرکە.

ڕووداو: بۆچی هەولێر؟

وەحیدە محەممەد: من لەلایەن داعشەوە داواکراوی ژمارە یەکم. باش دەزانم ئەمڕۆ یان سبەی دەکوژرێم، بەتایبەتی ئەگەر واز لەو هێزە بهێنم یان ببمەوە بە ئافرەتی ماڵ کوشتنی من لە چەند خولەکێک زیاتر ناخایەنێت، ئەمە باش دەزانم. بۆیە بەردەوام شوێنەکەم دەگۆڕم.

ڕووداو: تۆ سوننەی، بۆچی لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبیدای؟

وەحیدە محەممەد: لە زۆر دەرگام دا، لێیان نەکردمەوە، دەستەی باڵای حەشدی شەعبی دەرگای بۆ کردمەوە و شوێنی خۆم دۆزییەوە.

ڕووداو: تۆ زۆر مامەڵەت لەگەڵ خەڵکی شەڕگات توندە و هەندێک دەڵێن زۆریش توندڕەوی، وایە؟

وەحیدە محەممەد: خەڵکی شەڕگات بەشێکی زۆریان شایستەی ئەو مامەڵەیەن، چونکە دەستی باڵایان هەبوو لە هێنانی داعش، ئەوەی پیاو بێت لە ڕیزەکانی ئێمەدا شەڕی داعش دەکات، بەڵام ئەوانەی گلەیی لە مامەڵەی من دەکەن پیاو نین. ئەوانە پێشتر کاریان لەگەڵ داعش دەکرد، ئێستا دەیانەوێ چاوپۆشییان لێ بکەم کە ئەوە مەحاڵە.

### ماڵێکم لە شارۆچکەی بەحرکەی هەولێرە

### مام جەلالم بینیوە و حەز دەکەم کاک مەسعودیش ببینم

ڕووداو: بە نیاز نیت دەستبەرداری چەک ببی؟

وەحیدە محەممەد: خۆزگە دەمتوانی ئێستا بگەڕێمەوە و ببم بە دایک، بەڵام وەکوو گوتم هەموو شتێک تەواو بوو، ئەو ڕێگایەی هەڵمبژاردووە جگە لە خوێن و مان و نەمانی من هیچی تێدا نەماوە.

ڕووداو: لە سیماتدا ئاسەوارێکی زۆر هەیە، ئەوە چییە؟

وەحیدە محەممەد: دوو جار بریندار بووم، جارێکیان لە تکریت کە ماڵەکەمان تەقێنرایەوە. جارێکیش بۆمبێکی چێندراوم پێدا تەقییەوە. تا ئێستا سێ نەشتەرگەریم بۆکراوە.

ڕووداو: حەشدی شەعبی بە ناڕاستەوخۆ زۆر لە کورد و سەرکردایەتیی کورد ڕازی نین، ئێستا تۆش لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبیت، ڕەنگە هەمان بۆچوونت هەبێت، وایە؟

وەحیدە محەممەد: من وانیم و دۆستایەتییەکی زۆر خۆشم لەگەڵ کورد هەیە. ڕەنگە لە دژی هەندێک بڕیاریان بم، بەڵام ڕێزی تەواویان لێدەگرم. زۆریش سەرسامم بە مەسعود بارزانی و ئومێدی دیدارێکی دەکەم، من لە کۆشکی کۆماری بەڕێز مام جەلالم بینیوە.

ڕووداو: تۆ گوتت هێشتا تۆڵەی خۆمم نەکردووەتەوە، بەنیازی چیت؟

وەحیدە محەممەد: دیوی ڕۆژهەڵاتی شەڕگات هێشتا ماوە و کۆنترۆڵ نەکراوەتەوە. لەو دیوە ژمارەیەکی زۆر چەکداری داعشی لێیە کە دەستیان بە خوێنی مێردەکەم سوور بووە، ڕەنگە لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو بەشەی شەڕگات بتوانم هەناسەیەکی ئارام هەڵمژم. دەبێت نیشانیان بدەم خەڵک کوشتن چۆن دەبێت و پێیان بڵێم ئێوە نازانن کە چۆن خەڵک بکوژن و ستایلی نوێی ئازاردان و ئەشکەنجەیان لەسەر تاقی دەکەمەوە.

ڕووداو: دەڵێن ژمارەیەک کچە کوردی ئێزدی لە شرگات بوون، هیچ زانیاریت لە بارەیانەوە هەیە؟

وەحیدە محەممەد: بەپێی زانیارییەکانمان 18 — 20 خوشکی ئێزدیمان لەم شارۆچکەیە بوون، ئەوان ماون و لەگەڵ ئەمیر و گەورە بەرپرسەکانی داعش بۆ دیوی ڕۆژهەڵاتی شەڕگات براون، ئەوانیش ڕزگار دەکەین، ماڵی خاڵێکم لە سەردەمی داعش لە شەڕگات بوون، ئەوان چەند جارێک خوشکە ئێزدییەکانیان بینیبوو، بەڵام ڕێگەیان پێنەدەدرا لەگەڵ کەس قسە بکەن.

## چەکدارێکی داعش:

# پێم ئاساییە دایکیشم وەکو ئافرەتانی ئێزدی بەسەر بهێنرێ

ڕووداو ـ Foreign Policy

گۆڤاری فۆرین پۆلیسی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا باسی ئافرەتانی کوردی ئێزدی دەکات پاش ساڵێک لە ڕزگارکردنی شنگال.

لەو ڕاپۆرتەدا قسە لەگەڵ دوو لەو ئافرەتانە کراوە کە لەدەستی داعش دەرباز بوون و بە ناوی خوازراوی فەریدە و لەیلا قسەیان کردووە. فەریدە خەڵکی شنگالە و لە خێزانێکی دەوڵەمەندی ئەو شارەیە، ماوەیەکی کەم بەر لە هێرشی داعش بۆ سەر شنگال لە حوزەیرانی 2014دا، زەماوەندی کردبوو.

فەریدە، 23 ساڵ، لەبارەی بەسەرهاتی خۆی و خوشکەکەی دوای ئەوەی دەکەونە دەستی داعش، دەڵێت "خوشکەکەم 16 ساڵان بوو، بەڵام لە حەوت پیاو مارە کرا". ئەو خوشکەی فەریدە هێشتاش لە سووریایە. ئەمە چارەنووسی سەدان کچی ئێزدیمان بەبیر دێنێتەوە کە هێشتا لەدەستی داعشدا ماون لەوکاتەی وادەی هێرشکردنە سەر مووسڵ بۆ دەرپەڕاندنی داعش نزیک دەبێتەوە و هەمووان چاوەڕێی شەڕێکی قورس دەکەن.

سەبارەت بە نەهامەتییەکانی خۆی، فەریدە گوتی "پیاوێک مارەی دەکردم، دواتر هاوڕێکەی دەهات و منی بە دڵ دەبوو، ئەوجار ئەویان مارەی دەکردم. من بە پێنج پیاو فرۆشرام".

داعش پێنج برای فەریدەی کوشتووە، بە گوتەی خۆیشی ئەگەرچی هاوژینەکەی زیندووە، بەڵام دەڵێت "دوای 100 ساڵیش ناتوانم دەست لە خەمی براکانم و خێزانەکەم هەڵگرم. هەموو کات دەگریم و خەمبارم. ڕووحم ماندووە".

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خۆی و هاوژینەکەی، فەریدە گوتی "چیدی ناتوانم ئەو دڵخۆش بکەم، چۆن بتوانم سەیری چاوی بکەم! من ئیدی لەلای ئەو بێگانەیەکم".

### ئافرەتێکی کوردی ئێزدی:

### خوشکەکەم لە حەوت پیاو مارە کرا



فەریدە ڕەتیکردەوە کە چەکدارانی داعش لەژێر کاریگەریی دەرمان و حەبی هۆشبەر ئەو کارانەیان بەرامبەر ئافرەتانی کوردی ئێزدی کردبێ و گوتی "ئەوان ئازادانە و بە باوەڕەوە، ئەو جۆرە توندوتیژیانە دەکەن".

ئەگەر بتوانی لەگەڵ داعشێک قسە بکەی چی پێ دەڵێی؟ فەریدە گوتی "هیچم نییە پێیان بڵێم. تەنانەت ئەگەر لێرە هەڵیانواسن و لەبەر چاوی من ئەشکەنجەیان بدەن، هیچم نییە پێیان بڵێم، چونکە دڵم شکاوە و ژیانی من هیچکات وەکوو خۆی لێنایەتەوە، بۆیە هیچ گرنگ نییە چی بڵێم".

فەریدە لە پرمەی گریان دەدات و دەڵێت "هەندێکجار هەست دەکەم شێت بووم. دەمەوێ جلەکانم بدڕێنم و بکەومە سەر جادە و هاوار بکەم. سوێند بە خوا، خۆزگە دەخوازم هەر ئەوکات ئێمەیان کوشتبا، چونکە ئەم جیهانە پیسەمان جێدەهێشت و لە ئارامیدا دەبووین. ڕاستە، ئێمەیان ڕزگار کرد، بەڵام هیچکات چاک نابینەوە".

لەیلا، لە کەمپێکی ئاوارەکان لە نزیک دهۆک دەژی. لەیلا، بە پێچەوانەی فەریدە، تووڕەیی پێوە دیار نەبوو، بەڵکو بێ هەست و خوست بوو، وەک بڵێی ژیانی ژێر دەسەڵاتی داعش دەروونی کپ کردبێ.

لەیلا، 25 ساڵ، سەبارەت بە هۆکاری مامەڵەی توندوتیژی داعش لەگەڵ ئەوان گوتی "دەیانگوت دەبێ ئایینەکەی ئێمە (واتە ئێزدی) بسڕدرێتەوە، زۆریان لێدەکردین ببین بە موسوڵمان، بەڵام تەنانەت ئەو کاتەش کە لەژێر دەستی ئەواندا بووین دڵمان نەگۆڕا. ئێمە هەتا ئێستاش ئێزدین. ئەوان دەتوانن دەستدرێژی بکەنە سەرمان یان ئەشکەنجەمان بدەن، بەڵام ناتوانن دڵمان بگۆڕن".

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا قسە لەگەڵ دوو چەکداری داعش کراوە کە لەلایەن پێشمەرگەوە گیراون. یەکێک لە چەکدارەکان کە پێشتر بەرپرسی یەکەیەکی سیخوڕیی داعش بووە، دانی بەوەدا نا کە کچێکی کوردی ئێزدیی ڕفاندووە، بەڵام دواتر پزیشکی خەستەخانەکەی ناوچەکەیان کچەکەی بینیوە و بردوویەتی.

بە گوتەی چەکدارە دیلەکەی داعش "ئافرەتە ئێزدییەکان بە ئەندامە پلەدارەکانی داعش دەدران. گەنجەکانیش نرخی زۆریان لەسەر دادەنرا. ئافرەتە ئێزدییەکان وەکوو هاوژین سەیر نەدەکران، لەبەر ئەوەی ئەوان کۆیلە و غەنیمەی جەنگ بوون. ئەوان موڵکی دەوڵەتی ئیسلامی بوون و دەمانتوانی هەر چۆنێک حەزمان لێبوو مامەڵەیان لەگەڵ بکەین".

ئەم چەکدارە بەنیازی دروستکردنی شانەیەکی نهێنی بووە لە کەرکووک، بۆیەش هاوژینەکەی خۆی لە حەویجە جێهێشتووە. خۆی لە نێو ژمارەیەک ئاوارەی عێراقیدا حەشارداوە، بەڵام هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک پێیان زانیوە و دەستگیریان کردووە. بە گوتەی خۆی چونکە چوار مانگ بەسەر دەستگیرکردنیدا تێپەڕیوە، بۆیە چاوەڕێ دەکات هاوژینەکەی کرابێ بە ژنی کەسێکی دیکە. سەبارەت بە هەستی خۆی بەرامبەر بەمە گوتی "ئەویش تەنیا ژنێکە و بەس، وەکوو هەموو ژنەکانی دیکە. ژن تەنیا بۆ شووکردن و منداڵبوونە. لە جیهاددا هەست گرنگ نییە. ژن زیندووبێ، بەڵام گرنگ نییە چۆن دەژی".

ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە پرسیاری لە چەکدارەکەی داعش کردووە "ئەگەر دایکی خۆت وەکوو کۆیلەیەک کڕین و فرۆشتنی پێکرابا چ هەستێکت دەبوو، یان ئەگەر دایکت لە چەند هاوڕێیەکی خۆت مارە کرابا؟ داعشە دیلەکە بە تووڕەییەوە وەڵامی داوەتەوە "ئەگەر دایکی خۆیشم بێت، ئەمە شەرعی ئیسلامە و گوێم لێ نییە، چونکە ئەمە بۆ جیهادە. ئێمە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا دەکەین کە شەرعی ئیسلام داوامان لێدەکات، نەک یاساکانی زەوی. ئافرەت دانراوە ئاوها بژی، لەبەر ئەوەی ئافرەت مرۆڤی پلە دووە".

چەکداری دووەمیان کە گفتوگۆی لەگەڵ کراوە، گەنجێکی تەمەن 30 ساڵە، بە گوتەی خۆی 48 کاژێر چەکداری داعش بووە، بەڵام 45 کاژێر مەشقی سەربازیی پێکراوە.

ئەم چەکدارەیان سەبارەت بە مامەڵەی خۆی لەگەڵ هاوژینەکەی گوتی "دوای هاتنی داعش لەگەڵ ئامۆزاکەم هاوسەرگیریمان کرد. بەگوێرەی شەرعی ئیسلامیش مامەڵەم لەگەڵ هاوژینەکەم دەکرد، واتە بە تەواوەتی داپۆشرابوو، ڕێک وەکوو ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی داوای دەکرد".

لەبارەی چارەنووسی هاوژینەکەشی، گوتی "کاتێک دەستگیرکرام، ئاگادارکرامەوە ئەویان بردووە بۆ پارێزگای کەرکووک، ئەگەر هەتا ئێستاش لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی مابێ، ئەوە لە چەکدارێکی دیکە مارەکراوە".

### تۆ زۆر جوانی!

**ئامادەکاری ئەو ڕاپۆرتەی فۆرن پۆلیسی، ژنە ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی سلومێ ئەندرسنە. ئەو لە چەکدارێکی داعشی پرسیوە کە ئایا ئافرەتی کوردی ئێزدی بینیوە؟ چەکدارەکە کە لەلایەن پێشمەرگەوە بەدیل گیراوە، ڕەتیکردووەتەوە هیچ ئافرەتێکی کوردی ئێزدی بینیبێ، بەڵام شێوازی قسەکردنی لەگەڵ سلومێ دەریخستووە کە تێڕوانینی داعش بۆ ژن لە ناخیدا چەسپیوە. سلۆمێ کە بە یاریکردن بە قژەکەی، دەماری چەکدارەکەی گرتووە، دەڵێت ئەو چەکدارە پێیگوتووە "تۆ زۆر جوانی. ئەگەر داعش تۆی گرتبا، بە قامچی لێیان دەدای و دایاندەپۆشیت و دواجاریش دەیانکردی بە کۆیلە".**

### نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر بۆ (ڕووداو):

# ئەمساڵ ناتوانین نەوتی سپی دابەش بکەین


(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سالیم)

پێدەچێت خەزێنەی پارێزگاکەی هێندە بەتاڵ بێت، هیچ موژدەیەکی خۆشی پێنەدرێ بە هاووڵاتیان، ئەو دەڵێت سەرجەم پرۆژەکانی هەولێر وەستاون، ئەو داهاتەشی دەستیان دەکەوێت دەچێتەوە خەزێنەی وەزارەتی دارایی و تەنیا 20%ی بۆ ئەوانە.
پێش قەیرانی دارایی، نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر لە چەندین بۆنەدا موژدەی بە هاووڵاتیانی هەولێر دا کە شارەکەیان بۆ دەکات بە دوبەی، بەڵام قەیرانی دارایی هەموو شتێکی ڕاگرت.
پارێزگاری هەولێر، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی داهاتی هەولێر دەکات و دەڵێت داهاتەکەی لە سلێمانی کەمترە و دەچێتەوە خەزێنەی وەزارەتی دارایی، بەڵام داهاتی سلێمانی نایەتەوە هەولێر. سەبارەت بە دابینکردنی نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیان، نەوزاد هادی دەڵێت ئەمساڵ ناتوانن نەوتی سپی دابەش بکەن.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو - هەولێر

**داهاتی سلێمانی لە هەولێر زیاترە و ناشگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی**

**گۆڕانکاری لە پۆستەکانی هەولێر ئیستیحقاقی پارتییە**

**تێکدانی سازان لە پەرلەمان بەشداریی لایەنەکانی لە حکومەتی خۆجێیی هەولێر هەڵوەشاندنەوە**

**ڕووداو: گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر چییان لێهات؟**

**نەوزاد هادی:** شەش پۆستی ئیداری لە بەڕێوەبەری ناحیەکان بەتاڵ بوو، پڕکرانەوە. بەڕێوەبەری دوو ناحیە گۆڕدران. بە گشتی گۆڕانکاری لە هەشت پۆستی ناحیەکاندا کراوە.

**ڕووداو: بۆچی پۆستەکان تەنیا دەدرێنە پارتییەکان؟**

**نەوزاد هادی:** ئەوە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی پارتییە لە حکومەتی خۆجێیی پارێزگای هەولێر لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لە دانوستاندن بووین بۆ دروستکردنی حکومەتی خۆجێیی هەولێر، جگە لە گۆڕان، بۆچی لەگەڵ لایەنەکان نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک؟ هەموو پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لەسەر بنەمای سازانی نیشتمانی دروستکرابوو، لەگەڵ ڕووداوەکانی پەرلەمانی کوردستان و شکاندنی سازانی نیشتمانی ئەو پرۆسەیەش وەستا، ئەگەرنا ئێمە پۆستی بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشتوگوزارمان لە هەولێر دایە گۆڕان، بەڵام لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی سازان لە پەرلەمانی کوردستان ئەو پرۆسەیە شۆڕ نەبووەوە خوارەوە، بۆ پارتیش بە هەمان شێوە بوو، لە پارێزگای سلێمانی هیچ پۆستێکی وەرنەگرت.

**ڕووداو: ئامادەکارییەکانی پارێزگای هەولێر بۆ پێشوازی لە ئاوارەکانی مووسڵ بە کوێ گەیشتووە؟**

**نەوزاد هادی:** ئێستا دوو ملیۆن کەس لە شاری مووسڵ دەژین، پێشبینی دەکرێت زیاتر لە یەک ملیۆنیان ئاوارە بن و نیوەشیان ڕوو لە هەولێر دەکەن، بە تایبەتی ئاوارەکانی مووسڵ کە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن دێنە هەولێر و دهۆک، بۆیە پلانێکی بە پەلە لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان داڕێژرا بۆ چۆنیەتی پێشوازی لە ئاوارەکانی شەڕی مووسڵ. پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێکەری پلانەکەن. وەکو پارێزگای هەولێر بەپێی دۆخی ئەمنی و توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئاوارەکان دەکەین، بۆیە لە خازر لە دەرەوەی شار، کەمپ بۆ ئاوارەکان ئامادە کراوە، چونکە هەرێمی کوردستان ملیۆنێک و 800 هەزار ئاوارەی لێیە کە 44%یان لە هەولێرن و ژمارەیان 700 هەزار ئاوارەیە.

**ڕووداو: کەواتە ڕێگا نادەن ئاوارەکان بێنە نێو شار؟**

**نەوزاد هادی:** نەخێر، تەنانەت ناگەنە خەباتیش، بەڵکو ئەو ئاوارانەی لە مووسڵەوە بەرەو ئاراستەی هەولێر دێن لەو دەشتاییانە پێشوازییان لێدەکرێ و نیشتەجێ دەکرێن. وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقیش 15 ملیار دیناری داوەتە ئێمە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە، 15 ملیاریش دراوەتە دهۆک، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان بڕە پارەیەکی لە وڵاتە کۆمەکبەخشەکان بۆ عێراق وەرگرتووە کە نزیکەی 260 ملیۆن دۆلار دەبێ. بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان هەولێر و بەغدا و نەتەوە یەکگرتووەکان واژۆکراوە، ئەوان پارە دابین دەکەن و ئێمەش کەمپەکان دروست دەکەین، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان خواردن و کەلوپەلیان بۆ دابین دەکات.

**زیاتر لە 700 هەزار ئاوارە و پەنابەر لە هەولێرن**

**ئاوارەکانی مووسڵ لە خازر نیشتەجێ دەکەین**

**بەغدا 15 ملیار دیناری بۆ ئاوارەکانی هەولێر خەرج کردووە**

**ڕووداو: هیچ مەترسییەک لە هەوڵی دزەکردنی چەکدارانی داعش لەگەڵ شەپۆلی ئاوارەکان هەیە؟**

نەوزاد هادی: بارودۆخی هەولێر جێگیرە، ئێمە ئاوارەکانی گەیارە و شەرگاتمان لە دیبەگە جێگیر کرد و نەمانهێشت بێنە نێو شارەکان، هەر لەوێش دەزگا ئەمنییەکان لێکۆڵینەوەی خۆیان لە گومانلێکراوان کرد، چونکە ئاسان نییە خەڵکی بێ تاوان و چەکداری داعش لە یەکدی جیابکەینەوە، ئەمجارە لە خازر ئاسایش لە کەمپی سەرەتایی پێشوازی لە ئاوارەکان دەکات و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئاوارەکان دەکات و پاشان دەگوازرێنەوە نێو کەمپەکان..

**ڕووداو: پاش بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، چارەنووسی پرۆژەکانی هەولێر چی لێهات؟**

**نەوزاد هادی:** هەموو پرۆژەکانی هەولێر وەستاون، وەزارەتی پلاندانانیش ئامار و داتای لەسەر ئەو بابەتە بڵاوکردەوە، تەنیا ئەو پرۆژانە جێبەجێ کراون کە بەڵێندەرەکان لەسەر توانای ماددی خۆیان جێبەجێیان کردووە، چونکە ئێمە پارەو بودجەمان نەبووە تاوەکو سولفەی بەڵێندەرەکان بدەین. پرۆژەی شەقامی 120 مەتریمان هەیە، لە ڕێگای مەسیف- مووسڵ کە گرووپی هێمن جێبەجێی دەکات ئیشکردن لەوێ بەردەوامە. هەروەها دارین گرووپ، پرۆژەی دەروازەی شەقامی هەولێر تاوەکو سەرەوەی عەلوە، لەگەڵ کۆمپانیای چیڤیکلەر ڕێگای هەولێر- مووسڵ جێبەجێ دەکات. بەشێوەیەکی گشتی هەموو پرۆژەکانی هەولێر وەستاون. تەنیا بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە کە 20%ی داهاتەکانی هاتوچۆ و شارەوانی و داهاتەکانی دیکە لە پرۆژەی بچووک و چاککردن و قیرتاوکردنی هەندێک شوێن خەرج دەکرێت.

**ڕووداو: داهاتی هەولێر چی لێدێت؟**

**نەوزاد هادی:** داهاتەکانی شارەوانی، ئاو، هاتوچۆ و سەرجەم داهاتەکان دەچێتەوە وەزارەتی دارایی و تەنیا 20%ی دێتەوە فەرمانگەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری، داهاتەکان زیاتر هی خاڵە سنوورییەکانە، لە هەرێمی کوردستان زیاتر داهاتی ئیبراهیم خەلیل و باشماخ و حاجی ئۆمەرانە. داهاتی باشماخ لەوەی ئیبراهیم خەلیل زیاترە، چونکە بەهۆی داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە داهاتی ئیبراهیم خەلیل کەمی کردووە، هەرچی داهاتی حاجی ئۆمەرانە 70% کەمی کردووە، داهاتی ناوخۆی سلێمانیش لە هەولێر زیاترە، بەڵام وەکو گوتم داهاتەکانی هەولێر دەچێتە وەزارەتی دارایی و لەوێ بودجەی تەشغیلی و خەرجی وەزارەت و فەرمانگە و یەکە ئیدارییەکانی پێ دابین دەکرێت، هەروەها بۆ دابینکردنی مووچەش بەکاردێت.

**زۆربەی ئەو نەوتەی مووچەی پێ دابین دەکرێت لە سنووری پارێزگای هەولێر دەردەهێنرێ**

**زەوییە کارتەکانی هەولێر دەکرێنە تاپۆ**

**لە ساڵی 2017 پرۆژەی ستراتیژیی ئاوەڕۆی هەولێر جێبەجێ دەکرێت**

**پەیوەندیمان لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی نەماوە**

**ڕووداو: خەڵک هەیە لە هەولێر دەڵێ مادام داهاتی پارێزگاکانی دیکە ناچێتەوە وەزارەتی دارایی، بۆ پارەی ئێمە بچێتەوە خەزێنەی گشتی و بۆ لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان خەرجی ناکەن؟**

**نەوزاد هادی:** داهاتی سلێمانی نایەتەوە وەزارەتی دارایی لە هەولێر، مەعلومیشە کە داهاتەکە لە دەستی پارێزگار و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیدا نییە، بابەتەکە سیاسییە و ناشزانم چۆن خەرج دەکرێت.

**ڕووداو: بەڵام لە سلێمانی گلەیی هەیە کە داهاتی ئەوان دێتەوە هەولێر و کەس نازانێت چی لێدێت، تۆش دەڵێی داهاتی سلێمانی نایەتەوە وەزارەتی دارایی؟**

**نەوزاد هادی:** ئەولەویەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینکردنی مووچەیە، داهاتی سەرەکی هەرێمی کوردستانیش لە فرۆشتنی نەوتە، زۆرینەی ئەو نەوتەی لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت لە سنووری پارێزگای هەولێرە، ئەو نەوتەی لە ڕێگای بۆڕی دەڕوات زیاتر لە هەولێر و کەرکووک و دهۆکە و دەبێتە مووچە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، ئەو گازەش لە چەمچەماڵ بەرهەم دەهێنرێت بۆ دابینکردنی کارەبایە لە هەولێر و سلێمانی. ئێمە بڕوامان بەو جیاوازییە نییە هەرێمی کوردستان یەک پارچەیە.

**ڕووداو: ئەمساڵ نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکەن؟**

**نەوزاد هادی:** وەزارەتی نەوتی عێراق بەرپرسیارە لە دابەشکردنی نەوتی سپی و پارێزگاکانیش بەرپرسن لە پلانی دابەشکردن. بەغدا نەوتی سپی ناداتە هاووڵاتیان و دەڵێت نەوت و پاڵاوگە لە هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە پار ساڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان نەوتی دابینکرد و ئێمەش دابەشمان کرد.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێیانڕاگەیاندین لەبەر پێویستی حکومەت بە دابینکردنی مووچە ناتوانن نەوتی سپی دابین بکەن. بۆیە لە ڕێگای کاک موعتەسەم بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق سەرقاڵی دابینکردنی نەوتین، ئەمەش بەشی پێداویستییەکانی ئێمە ناکات، بۆ ئەوەی بتوانین یەک بەرمیل نەوت بدەینە هەر خێزانێک لە سنووری پارێزگای هەولێر پێویستمان بە 100 ملیۆن لیتر نەوتی سپی هەیە، سلێمانی پێویستی بە 110 ملیۆن لیتر هەیە، لە کاتێکدا هەموو ئەو نەوتەی کە بەغدا بڕیارە بۆ هەولێر، سلێمانی و دهۆک بینرێت نزیکەی 50 ملیۆن لیترێکە، ئەمەش تەنیا بەشی ناوچە شاخاوییەکان دەکات.

**ڕووداو: خەڵکی سادە ئەو ژمارانە نازانێت، قسەکە ئەوەیە ئێوە ئەمساڵ نەوت دابین دەکەن؟**

**نەوزاد هادی:** ناتوانین و زۆر زەحمەتە، چونکە پارێزگاکان نە نەوتیان هەیە نە بودجە تاوەکو لە بازاڕ بیکرن، ئەوەی هەیە لە وەزارەتی نەوتی عێراق دێت، ئەویش بەش ناکات.

**ڕووداو: ڕەوشی کارەبا بۆچی لە هەولێر باش نییە لە کاتێکدا ئێرە پایتەختە؟**

**نەوزاد هادی:** بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشی کارەبای هەرێمی کوردستان لە وەرزی هاوین و زستاندا کە خەڵک زۆر پێویستی بە کارەبایە باش نییە، ئەمەش پەیوەندی بە دابینکردنی سووتەمەنی لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە هەیە، ئەو وەزارەتە ئەولەوییەتی دابینکردنی بودجەیە بۆ مووچە و دەڵێ ناتوانن زۆر سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا دابین بکەن، هەروەها کێشەمان لە گواستنەوەی کارەبا بە تۆڕەکان و بگۆڕەکان هەیە، ئەمەش پێویستی بە بودجە و پارە هەیە، ئێستا دۆخەکە بەم شێوەیە کە دەیبینی و قەیرانی دارایی هەیە، جگە لەوە هەولێر لە فراوانبووندایە، بەڵام هەوڵمانداوە لەگەڵ مۆلیدەکان ئەو کاتانەی هاووڵاتیان زۆر پێویستیان بە کارەبا هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ کارەبای نیشتمانی، کارەبا بدەنە هاووڵاتیان.

**سەرجەم پرۆژەکانی هەولێر وەستاون**

**بەهۆی گرتنی مووسڵەوە داهاتی باشماخ لە ئیبراهیم خەلیل زیاتر بووە**

**بەغدا 15 ملیار دیناری بۆ ئاوارەکانی هەولێر خەرج کردووە**

**ڕووداو: لە هەولێر ژمارەیەکی زۆر زەوی دابەش کراون کە هێشتا هەر کارتن، ئەو زەوییانە تاپۆ دەکەن؟**

**نەوزاد هادی:** ئەمە پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانی هەیە، ئەوان بەرنامەیان هەیە زەوییە کارتەکان بکەنە تاپۆ و دەستیان پێکردووە، بەڵێ بڕیارە زەوییە کارتەکان، تاپۆ بکرێن.

**ڕووداو: پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە دوای گوندی کۆری باس و خواسیان نەما، بۆچی؟**

**نەوزاد هادی:** پرۆژەکە بەردەوامە، بەڵام سست بووە، چونکە بڕیار بوو لە سندووقی نیشتەجێکردن بودجەی بۆ دابین بکرێت و بە قیست بدرێتەوە هاووڵاتیان و لە ڕێگای بانکەوە پارە دابین بکرێت، ئەم سندووقەش لەبەر قەیرانی دارایی نەماوە.

**ڕووداو: لە هەولێر بەردەوام قەیرانی نیشتەجێبوون هەیە و کرێی شوقە و خانووش بەرزە، ژمارەی کرێچییەکان چەندن؟**

**نەوزاد هادی:** ئامارێکی دروست لە بەردەستدا نییە بڵێین ئەوەندە کرێچییەمان هەیە، بوونی ئاوارەیەکی زۆری عێراق کە لە هەولێر شوقە و خانوویان بە کرێ گرتووە، شوێنی کرێچییەکانیان گرتووە. بەڵام بوونەتە سەرچاوەیەکی داهاتیش بۆ خاوەن خانووەکان. جگە لەوە پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە خەڵکی شارەکانی دیکەی عێراق لێرە شوقە و خانووی لێدەکڕن. ئێمە بەپێی دەستوور و یاسای عێراقی ناتوانین ڕێگرییان لێبکەین، تەنیا ڕێوشوێنی ئەمنییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

**ڕووداو: لە وەرزی زستاندا هەولێر کێشەی ئاوەڕۆی هەیە، کەی چارەسەر دەکرێ؟**

**نەوزاد هادی:** کێشەکە زۆرتر لە پردی سەیداوە و گڵکەندە، چارەسەری ئەوەمان کردووە، لە چوارچێوەی قەرزی ژاپۆنی بۆ عێراق لە ساڵی 2017دا پرۆژەی ستراتیژیی ئاوەڕۆی هەولێر جێبەجێ دەکرێ و کێشەی کۆبوونەوەی ئاو و لافاو نامێنێ.

### کێ پارێزگاری سلێمانییە؟

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەوان مامەڵە لەگەڵ سەردار قادر، پارێزگای سلێمانی بە وەکالەت ناکەن، هێشتا هەر د.ئاسۆ فەرەیدوون بە پارێزگاری سلێمانی دەزانن. لە وەڵامدا قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتبووی ئەوان مامەڵە لەگەڵ نووسراوەکانی سەردار قادر دەکەن.
نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر لەو بارەیەوە دەڵێت "کاک سەردار قادر بە وەکالەت پارێزگارە، بەڵام بابەتی کێ پارێزگاری سلێمانییە، پەیوەندی بە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆوە هەیە". سەبارەت بە پەیوەندیشیان لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی، نەوزاد هادی دەڵێت "پێشتر لەگەڵ د.ئاسۆ فەرەیدوون پەیوەندیمان هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانە پەیوەندیمان نەماوە".

کوردستانی
رووداو
ژمارە (428) - دووشەممە 2016/10/17

## داوای زیندانیکردنی دەمیرتاش دەکرێت

**رووداو- ئامەد**

داواکاری گشتیی ئامەد هەوڵدەدات مۆڵەتی خۆکاندیدکردن و هەڵبژاردن لە سەلاحەدین دەمیرتاش بسەنێتەوە و داوای دوو ساڵ زیندانیکردنی دەکات.

بە تۆمەتی "بە ئاشکرا سوکایەتیکردن بە حکومەتی کۆماریی تورکیا" لە گوتەیەکیدا لە 8ی ئەیلولی 2015، داواکاری گشتی ئامەد لە باکووری کوردستان، دۆسیەیەکی لەسەر سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان کردەوە. داواکاری گشتیی لە دۆسیەکەدا داوای کردووە، بەپێی مادەی 53 لە سزای تاوانەکانی تورکیا "مافی هەڵبژاردن و خۆ کاندیدکردن و مافە یاساییەکانی دیکە" لە دەمیرتاش وەربگیرێتەوە و بە دوو ساڵ زیندانی سزابدرێت.



### لە ماوەی دوو مانگدا چوار کەسایەتی کوشتووە

# پەکەکە سیاسەتڤانانی کوردی نێو ئاکپارتی تەسفیە دەکات




مەراسیمی بەخاکسپاردنی بەرپرسێکی کوردی نێو ئەکەپە بەنارەزایی بەرێوەچوو

**جێگری سەرۆکی جەهەپە: ئەو هێرشانە هیچ خزمەتێک بە کورد ناکەن**

**پەرلەمانتارێکی هەدەپە: ئەو رەفتارانەی پەکەکە قبوڵ ناکەین**

**پەرلەمانتارێکی پێشووی ئاکپارتی: دەوڵەت بەتوندی وەڵامی کوشتنی کادیرانی ئاکپارتی دەداتەوە**

**رووداو- هەولێر**

کوشتنی سیاسەتمەدار و بەرپرسانی کوردی ناو ئاکپارتی لەلایەن پەکەکەوە لە باکووری کوردستان، بەرەورووی رەخنەی سیاسەتڤانان دەبێتەوە و پێیانوایە ئەوە خزمەت بە دۆزی کورد ناکات و لێکترازانی کۆمەڵایەتیش لەنێو کۆمەڵگەی کوردی دروست دەکات.

تادێت شەڕی باکووری کوردستان لە نێوان گەریلاکانی پەکەکە و سوپای تورکیا رێساکانی شەڕ زیاتر دەبەزێنێ و خەڵکی مەدەنیی زیاتر دەبنە قوربانیی ئەم شەڕە. نوێترین پەرەسەندنیش لەو رووەوە کوشتنی سیاسەتمەدارانی کوردی ئاکپارتییە بەدەستی پەکەکە.

رۆژی 2016/8/11 چەند گەریلایەکی پەکەکە لەسەر رێگای بەیتولشەباب، ناجی ئادیەمان، سەرۆکی لقی گەنجانی ئاکپارتییان رفاند و رۆژی دواتر تەرمەکەی دۆزرایەوە. هەروەها فیکرەت ئادیەمانیش کە ئامۆزای ناجییە رفێندرا، بەڵام ئەو هێشتا لەدەستی پەکەکەدایە. ناجی و فیکرەت ئادیەمان برازی تاهیر ئادیەمان، سەرۆکی عەشیرەتی ژیرکینە کە گەورەترین عەشیرەتی کوردییە لە ناوچەی بۆتان و جۆلەمێرگ.

رۆژی 2016/9/14 ئەحمەد بوداک، کاندیدی ئاکپارتی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە ناوچەی شەمزینان، لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لەلایەن چەکدارانی پەکەکەوە کوژرا.

ئەم مانگەش بەبێ کوشتنی سیاسەتمەدارانی کوردی ئاکپارتی تێنەپەڕیوە، رۆژی 2016/10/10 گرووپێکی پەکەکە بە شەو لە دەرگای ماڵی ئایدن موشتو، سەرۆکی لقی ئاکپارتی لە ناوچەی ئۆزاڵپی وان دەدەن و لەبەرچاوی منداڵ و خێزانەکەی دەیکوژن، ئایدن یەکێکە لەو قەیومانەی حکومەت لە شوێنی شارەوانیی دەبەپەی دانابوو.

هەروەها شەوی 2016/10/11 دەریان ئاکتەرت، سەرۆکی ناوچەی پیرانی ئاکپارتی لە ئامەد لەبەردەم بەنزینخانەکەی خۆی لەسەر رێگای خانێ، بووە قوربانیی هێرشێکی پەکەکە.

### ئامانجی هێرشەکان

پارێزەر محەمەدئەمین ئەکمەن، پەرلەمانتاری کوردی پێشووی ئاکپارتی دەڵێت، ئەو هێرشانەی پەکەکە بۆ سەر کادیرانی کوردی ئاکپارتی، بۆ دوورخستنەوەی ئەو کادیرانەیە لە سیاسەت. ئەکمەن بە (رووداو)ی گوت "ماوەی ساڵێکە پەکەکە زۆر تەنگاو بووە، کورد پشتگیری شەڕی خەندەقی نەکرد. پاشان بە تەقینەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو خەڵکی مەدەنی کردە قوربانی، ئەمەش کاردانەوەی کوردی لە دژی پەکەکە دروستکرد. ئەم تابلۆیە پەکەکەی لە رووی سیاسییەوە لەناوچەکە لاواز کردووە. بە پێچەوانەوە ئاکپارتی لەناوچەکە بەردەوام لەناو کاری سیاسیدایە. بەم هێرشانە دەخوازن کادیرانی ئاکپارتی لە سیاسەت دووربخەنەوە".

ئەکمەن باسی ئامانجێکی دیکەی ئەو هێرشانەی پەکەکە دەکات و دەڵێت "تا ئەمڕۆ حکوومەت و دەوڵەت بە کەموکورپییەکی زۆر کەمەوە لە رووی سیاسییەوە لەدژی پەکەکە وەستاونەتەوە، بەڵام حکومەت بەتوندی وەڵامی کوشتنی کادیرانی ئاکپارتی دەداتەوە".

### خزمەت بە مەسەلەی کورد ناکات

سەزگین تانرپکولو، پەرلەمانتاری کورد و جێگری سەرۆکی گشتی جەهەپە، پێیوایە کوشتنی سیاسەتمەدارانی مەدەنی زەمینەی ئاشتی بە یەکجاری لەبار دەبات. سەزگین بە (رووداو)ی گوت "ئەو هێرشانە لە تورکیا هیچ خزمەتێک بە چارەسەری کێشەی کورد ناکەن. دەبێت بە زووترین کات رابگیرێن". هەروەها دەڵێت "ئەو هێرشانە هەموو جۆرە هەوڵێک بۆ گەڕانەوە بۆ سیاسەتی مەدەنیانە لەبار دەبات. کێشەی کورد لە تورکیا تەنیا بە فراوانکردنی زەمینەی سیاسەتی مەدەنیانە چارەسەر دەبێ".

بە گوێرەی یاسا و رێسا نێودەوڵەتییەکان کوشتنی کەسانی مەدەنی لەلایەن هێزێکی چەکدارەوە کارێکی تیرۆریستیە. هێزێکی چەکدار بۆی هەیە چەک لە دژی سوپا و پۆلیس بەکاربێنێ، ئەگەرچی لە رووی سیاسییەوە ئەوەش گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەڵام لەرووی ئەخلاقییەوە، شتێکی رەوایە.

بایرام بۆزیەڵ، سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستان (پەسەکە) لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "حکومەت زۆر بە لێزانانە، کردەوەکانی پەکەکە بۆ بەرتەسکترکردنەوەی سیاسەتی مەدەنی بەکاردێنێ. ئەگەر پەکەکە رووی چەکی لە سیاسەتمەدارانی سڤیل بکات، رەوایەتی مەسەلەی کورد دەخاتە ژێر پرسیارەوە".

بۆزیەل رەخنە لە ئاکپارتیش دەگرێ و داوای لێدەکات واز لە لۆژیکی تۆڵەکردنەوە بێنێ "ئەرکی دەوڵەت بچووککردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانە، نەک گەورەکردنیان. بەداخەوە لۆژیکی ئاکپارتی پەرە بە توندوتیژی دەدات".

بەبڕوای بایرام بۆزیەک ئەوەی پەکەکە و ئاکپارتی دەیکەن تەنیا شەڕی تۆڵەکردنەوەیە "ئەوە شەڕی تۆڵەکردنەوەیە. شەڕێکی بێ واتایە، پەکەکە شەڕی چەکداری دەکات، لەرووی سیاسییەوە رەخنەی لێدەگیرێ یان پشتگیری لێدەکرێ، بەڵام کاتێک رووی چەکەکانت بکەیتە کەسانی مەدەنی، لە بنەماکانی شەڕ دووردەکەویتەوە. دەوڵەتیش هەمان تاوان دووبارە دەکاتەوە. دەوڵەت لە جیاتی بکوژان بگرێت خەڵکی مەدەنی و سیاسەتمەدار دەگرێت. بەداخەوە هەردوو لۆژیک یەکدی تەواودەکەن".

### "پەکەکە جەستە دەکوژێت، دەوڵەتیش سیاسەت"

کوشتنی سیاسەتمەدارانی مەدەنی جگە لە رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر سیاسەت، رەنگدانەوەی خراپی کۆمەڵایەتیشی هەیە. رۆژنامەنووس مەحمود بۆزئەرسڵان، رەخنە لە حکومەت و پەکەکە دەگرێت و دەڵێت "پەکەکە جەستە دەکوژێت، دەوڵەتیش سیاسەت.

بۆزئەرسڵان ئاماژە بە رەنگدانەوەی خراپی ئەو کردەوانە دەکات لەسەر کۆمەڵگای کوردی و دەڵێت "کەلێنی گەورە دەخاتە نێو کورد. ئەمڕۆ شەڕ هەیە، بەڵام رۆژێک دێت کۆتایی بێت، بەش ئەو تاوانانە دوژمنایەتی لەنێو کورد دروست دەکات کە رەنگە سەدان ساڵ بخایەنێ".

### هەدەپەش دژە

**کوشتنی دەریان ئاکتەرت، سەرۆکی ناوچەی پیرانی ئاکپارتی لەلایەن پەکەکەوە، زۆرترین کاردانەوەی لێکەوتەوە. یەکێک لە کاردانەوە توندەکان کە بۆ رای گشتیش چاوەڕواننەکراو بوو، بەیاننامەی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) بوو. لە بەیاننامەکەدا هاتووە "بەتوندترین شێوە ئیدانەی ئەو تاوانە سیاسییە دەکەین. ئەو تاوانانەی بەرامبەر سیاسەتمەدارانی ئاکپارتی دەکرێن هیچ بیانوویەکی رەوایان نییە". نیعمەتوڵڵا ئەردۆغموش کە پەرلەمانتاری HDPیە بە (رووداو)ی گوت "کوشتن و لەناوبردنی سیاسەتمەداران بە هەر هۆکارێک بێ، قەبوڵ ناکەین".**

# دەرگای گرتنی ئەلباب لە یەپەگە و سوپای تورکیا دادەخرێ

**رووداو- هەولێر**

تادێت ئەگەری گرتنەوەی شارۆچکەی ئەلباب، لەلایەن سوپای سووریاوە زیاتر دەبێت. تورکەکان بەو هەنگاوە خۆشحاڵن، کوردیش پێی باشترە ئەلباب بکەوێتەوە دەستی سوپای سووریا، نەک سوپای تورکیا.

شارۆچکەی ئەلباب دوا قەڵای دەستی داعشە لە باکووری سووریا کە 38 کیلۆمەتر لە باکووری رۆژهەڵاتی حەلەب دوورە و زیاتر لە دوو ساڵە لە دەستی داعشدایە. لەدوای ئازادکردنی منبج لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتی (هەسەدە) و منبج لەلایەن سوپای تورکیا و ئۆپۆزیسیۆنی سووریاوە، شارۆچکەی ئەلباب لەهەر چوارلاوە گەمارۆ دراوە. لە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە هێزە کوردییەکان، لە باکوور سوپای تورکیا و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا، لە باشووریش سوپای سووریا گەمارۆیان داوە.

### ئەمریکا بۆ کورد: واز لە ئەلباب بێنن

لە چەند رۆژی رابردوودا، میدیای عەرەبی بڵاوی کردووە کە ئەمریکییەکان یەپەگەیان ئاگادار کردووەتەوە لەوەی واز لە گرتنی ئەلباب بهێنن. رۆژنامەی سەفیری لوبنانی لە ژمارەی رۆژی 2016/10/11، بڵاوی کردەوە کە مەحمود بەرخودان، فەرماندەی یەپەگە لە عەفرین لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە ئاگادار کراوەتەوە لەوەی ئازادکردنی ئەلباب لەبیری خۆی بباتەوە. بەگوێرەی رۆژنامەکە، یەپەگە بەنیاز بوو لە دوو قۆڵی تەل رەفعەت و ئەلعەریمەوە هێرش بکاتە سەر ئەلباب.

پارێزەر عەلائەدین خالید، کۆردیناسیۆنی گشتیی هاوپەیمانی نیشتمانیی دیموکراتی سووری کە باڵی سیاسی جەیشی سوار و جەبهەت ئەلئەکرادە، رەتیکردەوە هێزە کوردییەکان بەرەو ئەلباب پێشڕەوییان کردبێ. عەلائەدین خالید بە (رووداو)ی گوت "ئەمریکا پێی باشە یەکەمجار (رەقە) رزگار بکرێت، بەڵام ئێمە دەڵێین پێویستە سەرەتا ناوچەکانی شەهبا رزگار بکرێ. بۆ ئەوەی جەیشی سوار و ئەنجوومەنی سەربازیی منبج، جەرابلوس و ئەلباب، بتوانن بەشداریی لە شەڕی رەققەدا بکەن. ئەوکاتە هێڵی پشتگیری لە رۆژهەڵات بەرەو رۆژئاوا بە ئاراستەی رەققە دەکرێتەوە، رزگارکردنی رەققە زۆر ئاسانتر دەبێت".

### سوپای تورکیا ناتوانێت پێشڕەوی بکات

سەرنەگرتنی پلانی ئازادکردنی ئەلباب، تەنیا بە کوردەوە پەیوەست نییە، لایەنی تورکیش بەهۆکاری دیکە هەمان کێشەی هەیە. لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی جەرابلوس لە 2016/8/24، سوپای تورکیا رایگەیاند کە تاوەکو ئازادکردنی ئەلباب ناوەستن. مەبەستیشیان لەمە رێگرتن بوو لە ئەگەری کردنەوەی کۆریدۆرێکی کوردی لەنێوان کانتۆنی کۆبانێ و عەفرین. بەڵام هەر زوو رووسیا، تورکیای ئاگادار کردەوە کە نزیکی ئەلباب نەکەوێتەوە و سنووری ئەوان تاوەکو دابقە کە نزیکەی 15 کیلۆمەتر لە باکووری ئەلباب دوورە.

د.بوراک بیلگیهان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی ئابووری و تەکنەلۆژیی ئیستانبوڵ بە (رووداو)ی گوت "بۆ ئەوەی تورکیا بچێتە ناو ئەلباب، پێویستە رووبەڕووی رووسیا و سوپای ئەسەد ببێتەوە، ئەمەش زۆر زەحمەتە بۆ تورکیا، بۆیە بەرەو باشووری سووریا پێشڕەویی زیاتر ناکات. تاکە ئامانج بۆ ئۆپەراسیۆنی جەرابلوس دانانی ئاستەنگ بوو لەبەردەم یەکخستنی عفرین و کۆبانێ. دیارە ئێستا تورکیا لەمە سەرکەوتوو بووە. ئەگەر لە گفتوگۆکانی لەگەڵ رووسیا بەڵێنی ئەوە وەربگرێ کە کورد ئەلباب ناگرن، تورکیا لەو خاڵەدا دەوەستێ".

هەر لەوبارەوە نووسەر و پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، سەمیح ئیدیز دەڵێت "لەبەر ئەوەی رووسیا پشتگیریی ئەسەد دەکات، تورکیا هیچی لە دەست نایەت".



" ئەگەر ئەلباب بکەوێتە دەستی سوپای ئەسەد یان تورکیا، کورد ناتوانێ فیدراڵی رابگەیێنێ"

### دەرگا بۆ سوپای سووریا کراوەتەوە

بە پێچەوانەی لایەنی کوردی و تورکی، تادێت سوپای سووریا لە باشوورەوە زیاتر نزیکی ئەلباب دەبێتەوە. سەرچاوەکانی هەواڵ لەو ناوچەیە باس لە ئامادەکاریی رووسیاش دەکەن بۆ گرتنەوەی ئەلباب. بەگوێرەی ئەو هەواڵانە رووسیا لە (شێخ نەجار) کە 12 کیلۆمەتر لە باشووری ئەلباب دوورە، کەتیبەی تۆپهاوێژ و کاتیۆشای هێناوەتە ناوچەکە. هەروەها لیوای قودسی سوپای سووریا لەناوچەکە جێگیرکراوە.

خالید عەلائەدین، نزیکبوونەوەی سوپای سووریا و ئامادەکارییەکانی رووسیای پشتڕاست کردەوە و گوتی "لە رۆژانی رابردوودا سوپای سووریا خۆی لە ئەلباب زیاتر نزیک دەکردەوە، بەڵام ئێستا وەستاوە و پێشڕەوی ناکات. سوپای رژێم زیاتر بەرەو رۆژهەڵاتی حەلەب هەڵدەکشێ و هەموو هێزەکانی رژێم بە حەلەبەوە خەریکن".

ئەگەر سوپای سووریا ئەلباب بگرێ، کاردانەوەی تورک و کورد چی دەبێت؟ بوراک بیلگیهان لەو بارەیەوە دەڵێت "تورکیا پێی باشترە سوپای ئەسەد ئەلباب بگرێتەوە نەک کورد. چونکە ئەوکات لە کابووسی کۆریدۆری کوردی رزگاری دەبێت. بەڵام بۆ ئەمە پێویستە تورکیا زیاتر لە رووسیا نزیک ببێتەوە".

هەروەها سەمیح ئیدیز دەڵێت "گرتنەوەی ئەلباب لەلایەن سوپای سووریاوە لە قازانجی تورکیایە. ئەگەر مەسەلەکە ببێتە هەڵبژاردن بۆ ئەلباب، تورکیا سوپای سووریای لە هێزەکانی سووریای دیموکرات پێ باشترە ئەلباب بگرن. چونکە ئەنقەرە دەڵێت ئێمە لایەنگری یەکێتیی خاکی سووریاین. بێگومان حکومەتی ناوەندیش پشتگیری لە یەکێتیی خاکی سووریا دەکات".

حوسێن عومەر، چاودێری سیاسیی کورد کە لە ئەڵمانیا دادەنیشێ، گرتنەوەی ئەلباب لەلایەن ئەسەدەوە بەباشتر دەزانێ لەوەی تورکیا بچێتە ئەلباب.

حوسێن عومەر بە (رووداو)ی گوت "کاتێک وەکو کوردێک بیردەکەمەوە، ئەگەر ئاستەنگ لە بەردەم هێزەکانی سووریای دیموکرات هەبێ و رێگای پێنەدرێت ئەلباب بگرێ، باشترە سوپای سووریا بیگرێتەوە، نەک هێزەکانی تورکیا یان ئۆپۆزسیۆنی سووری سەر بە تورکیا. ئەگەر دانوستاندنی نێوان بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر و رژێم سەربگرێت، ئەوا کوردی کانتۆنەکان دەتوانن پەیوەندییەکانیان پتەوتر بکەن".

بەڵام بەشێک لە کورد گرتنەوەی ئەلباب لەلایەن سوپای سووریاوە بە مەترسی دەزانن. دەنیز چیفتچی، مامۆستای زانکۆی میزۆپۆتامیا بە (رووداو)ی گوت "بۆ کورد ئەلباب جێگایەکی زۆر ستراتیژییە، ئەگەر بکەوێتە دەستی سوپای ئەسەد یان تورکیا، خەیاڵی کورد تێکدەشکێ، ناتوانێ فیدراڵی رابگەیێنێ".

هەروەها دەڵێت "بە پلەی یەکەم تورکیا پێی باشە ئۆپۆزسیۆنی سووریا یان بەرەی ئەلنوسرە ئەلباب بگرێ، بە پلەی دووەم سوپای سووریا". سەرەڕای ئەمەش چیفتچی دەڵێت "تورکیا متمانەی بە رژێمی ئەسەد نییە، نەوەکو دوای گرتنەوەی ئەلباب، دان بە فیدراڵیی ناوچە کوردییەکاندا بنێ، یان ئەلباب بۆ هێزە کوردییەکان بەجێبێڵێ. بەڵام ئێستا ئەلباب بۆ ئەسەد گرنگ نییە، ئەو جارێ سەرنجی لەسەر حەلەب و رەققەیە".

# نەهزەکانی نێو کۆمەڵ سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەن

**کۆمەڵ: ترسمان لە دروستبوونی حیزبی دیکەی ئیسلامی نییە**

**ئەندامێکی پێشووی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ: بە دووری نازانم حیزبێکی دیکە دروست ببێت**

**ئەبوبەکر عەلی: دروستبوونی حیزبێکی دیکە پێویستە**



مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

ژمارەیەک سەرکردەی ئیسلامی، سەرقاڵی دروستکردنی ڕەوتێکی نوێی سیاسین. ئەندامێکی پێشووی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵیش دەڵێ "ئەگەر ئیسلامییەکان نەگۆڕێن، حیزبێکی دیکە دروست دەبێت".

### ئارام قادر سەرکردایەتی ناڕازییەکانی نێو کۆمەڵ دەکات

سەرکردەکانی پێشووی کۆمەڵ کە بە "نەهزەکانی نێو کۆمەڵ" ناسراون، بە سەرۆکایەتی ئارام قادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ، دەستیان بە جموجۆڵی دروستکردنی ڕەوتێکی سیاسی کردووە.

نەهزەکان لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا بە خەتی دووی ئیخوان لە باشووری کوردستان ناسراون کە لەسەر دەستی شێخ سدیق عەبدولعەزیز پەروەردە کراون، دواتر بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامییان لە 1992/11/22 دامەزراند، لە ساڵی 1999 لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی، بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامییان ڕاگەیاند.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئەو ئەندام سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسییانەی کۆمەڵ کە لە کۆنگرەی سێیەمدا خۆیان کاندید نەکردەوە، سەرقاڵی دروستکردنی ئەو ڕەوتەن، ئەوانیش بریتین لە: ئارام قادر، تۆفیق کەریم، نازم عەبدوڵلا، دارا حەمەدئەمین و شێخ موحسین. هەروەها محەممەد قەساب، سەرۆکی دەزگای مین و سامان عەبدوڵلا، وەزیری پێشووی دەوڵەت لە حکومەتی حەیدەر عەبادی لەو پڕۆژەیەوە نزیکن.

### نازم عەبدوڵلا: بۆشایی سیاسی لە گۆڕەپانەکەدا هەیە

نازم عەبدوڵلا، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەکو خۆم دەستم لە کۆمەڵ نەکێشاوەتەوە، بەڵام ڕەخنە و تێبینی و سەرنجی زۆرم لەسەر سیاسەت و ئیشکردنی هەیە".

نازم عەبدوڵلا پێیوایە حیزبی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە دروست بووە، بەڵام بە ئیسلامی و لایەنەکانی دیکە، نەیانتوانیوە ئەو کێشانە چارەسەر بکەن. نازم دەڵێ "بۆشایی هەیە و دەبێت ئیسلامییەکان پڕۆژەیان هەبێت و توانای لە خۆگرتنی خەڵکیان هەبێت و گۆڕانکاری گەورە بکەن، ئەگەرنا بە دووری نازانم حیزبی دیکەی سیاسی دروست ببێت و ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە".

### لە سلێمانی بە لیدەرەکان ناسراون

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) سەرکردە ناڕازییەکانی کۆمەڵ لەگەڵ ژمارەیەکی گەنج کە زۆربەیان میدیاکارن و بەشێکیان لە ڕێکخستنی کۆمەڵ بوون، لە سلێمانی و هەولێر دەستیان لەو حیزبە کێشاوەتەوە، وەکو کۆمەڵێک ڕێکخراوی مەدەنی لە چوارچێوەی تۆڕێک بە ناوی "لیدەر" سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوە و ئامادەسازین بۆ ڕاگەیاندنی حیزب. هەوڵی دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ و ماڵپەڕ دەدەن، ئێستاش گۆڤارێکی هزریی ئیسلامییان بە ناوی "گۆڤاری خاڵ" هەیە.

### "لە گۆڕان باشترمان پێدەکرێ"

شاخەوان عەلی، ئەندامی پێشووی سکرتارییەتی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان کە یەکێکە لە چالاکڤانانی ڕەوتەکە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو ڕەوتە ئیسلامی نییە، بەڵکو ڕەوتێکی نیشتمانی و مەدەنییە و لەوپەری ئیسلامیی تێدایە تا ئەوپەڕی چەپ. سەرکردەی زۆربەی لایەنە ئیسلامییەکانی تێدایە".

شاخەوان عەلی کە جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی دەنگە، دەڵێ "پڕۆژەی گۆڕان لە کۆتاییەتی، ئێمە دەتوانین ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە و لە گۆڕان باشتر ئیش بکەین".

### کۆمەڵ: خەڵکی ناڕازی تەنیا لە نێو ئێمەدا نییە

شوان ڕابەر، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ ڕەتیدەکاتەوە ئەو دەنگە نارەزایییەتییە تەنیا لە نێو حیزبەکەی هەبێت و دەڵێت "خەڵکی نیگەران و دانیشتوو لە نێو هەموو حیزبە ئیسلامییەکان هەیە. بابەتەکەش تەنیا پەیوەندی بە کۆمەڵ نییە، ئێمە هیچ ترسێکمان نییە لە دروستبوونی حیزبی دیکە، بەڵام واقیعەکە ئەوەمان پێدەڵێ کە هیچ شتێک لە ئارادا نییە، بۆ دروستبوونی حیزبێکی ئیسلامی دیکە".

شوان ڕابەر داوا دەکات ئیسلامییەکان پڕۆژەی سیاسی، نەتەوەیی و ئیسلامییان بەرفراوان بکەن و خەڵکی زیاتر خۆیان بگرن.

لە بارەی ئەو جموجۆڵانەی لە نێو کۆمەڵ دەکرێت گوتی "ئەو جموجۆڵانەش تەنیا لە چوارچێوەی ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و سەنتەری ڕۆشنبیرین، بڕوا ناکەم لەم قۆناغە حیزب دروستببێت".

### ئەبوبەکر عەلی: دروستبوونی حیزبێکی دیکە پێویستە

ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سەبارەت بە دروستبوونی حیزبێکی دیکەی ئیسلامی لە کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "زەمینەی ئێستای کوردستان لە بارە بۆ دروستبوونی حیزبێکی دیموکراتیی موحافیزکاری نیشتمانی بە پاشخانی ئیسلامی کە لە سەر بنەمای پڕۆژەی سیاسی تازە کە گڕوتین بە گۆڕەپانەکە ببەخشێ".

ئەبوبەکر عەلی کە لە دوایین کۆنگرەی یەکگرتوو یەکێکبوو لە کاندیدەکانی پۆستی ئەمنیدار، پێیوایە خەڵکانێک هەن لە باشووری کوردستان تا سەر چاوەڕێی ئیسلامییەکان ناکەن "ئەگەر ئەو حیزبە بە سروشتی لە دایک نەبێت دواجار بە نەشتەگەری لە دایکدەبێت، بەڵام قەناعەتی خۆم ئەوەیە کە یەکگرتوو لەگەڵ تەواوی ئیسلامییەکان لە چوارچێوەی حیزبێکی نیشتمانی سەربەخۆ کۆببنەوە لە بواری بانگەواز و پەروەردە بەشێوازێکی دیکە ڕێکبخرێتەوە".

ئەبوبەکر عەلی، ئاگاداری چالاکییەکانی ئەو ڕەوتەیە و دەڵێت "ئەو گروپە ڕاوێژ و پرس و ڕایان پێکردوم و دروستبوونی حیزبێکی لەم جۆرە بە پێویست دەزانم".

### دەنگی ئیسلامییەکان لە کوردستان

ئێستا چوار حیزبی ئیسلامی لە باشووری کوردستان مۆڵەتی کارکردنیان هەیە. لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە مانگی ئەیلوولی 2013، یەکگرتووی کوردستان 186 هەزار 741 دەنگ کۆمەڵ 118 هەزار دەنگ، 574، بزووتنەوەی ئیسلامی 21 هەزار 834 دەنگ و بزافی چاکسازی و گەشە 1 هەزار 323 دەنگی هێنا.

لە کۆی ملیۆنێک و 968 هەزار 775 دەنگ هەر چوار لایەنە ئیسلامییەکە 328 هەزار و 472 دەنگیان هێنا کە دەکاتە 16.7%ی دەنگەکان.

# ئەم دوو هەفتەیە بۆ باڵەکانی یەکێتی یەکلاکەرەوە دەبێت

**ئەندامێکی سەرکردایەتی لە باڵی ناوەندی بڕیار:**
**کۆسرەت ڕەسوڵ داوای کۆبوونەوەی داهاتووی سەرکردایەتی ناکات**

**ئەندامێکی سەرکردایەتی لە باڵی "زۆرینە" بۆ (ڕووداو):**
**لەو باوەڕەداین کاک کۆسرەت بانگهێشتی ئەندامان بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بکات**



پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی تۆپەکەیان خستە گۆڕەپانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی بۆ دیاریکردنی کاتی کۆبوونەوەی داهاتووی سەرکردایەتی و بانگهێشتکردنی ئەندامان، بەڵام لەئێستاوە باڵی ناوەندی بڕیار دەڵێن کۆسرەت ڕەسوڵ بانگهێشتی ئەندامان بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ناکات.

ڕۆژی 2016/10/15 ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بە سەرپەرشتی مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی کۆبووەوە، لە کۆی 51 ئەندامی سەرکردایەتی 33 کەسیان بەشدارییان لە کۆبوونەوەکەدا کرد، 18 ئەندامیش کە سەر بە باڵی ناوەندی بڕیارن، نەچوونە کۆبوونەوەکە. کۆبوونەوەش بە کراوەیی هێڵدرایەوە بێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی تێدا بدرێت.

### بەیاننامەیەکی نەرم

دوای کۆبوونەوەیەکی حەوت کاژێری، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە لە بەشێکیدا هاتبوو "دەرگای دیالۆگی هەڤاڵانە بۆ چارەسەری کێشەی هەڤاڵانمان کراوەیە. بەدڵنیاییەوە، چی توانامان مابێ، دەیخەینە کار بۆ کۆتاییهێنانی کێشەکان و بوژاندنەوەی متمانە و خستنەوەگەڕی پۆست و ئۆرگانەکان، لە بەڕێز جێگری سکرتێری گشتییەوە، تاوەکو هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی دیکە".

هەر لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو "کۆبوونەوەی ئایندەی سەرکردایەتیش، لەدوای هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان کە ئومێدەوارین لەمبارەوە سەرکەوتوو بین، لەهەفتەیەک بۆ دوو هەفتەی دیکە، بڕیار درا بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری سکرتێری گشتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ، ئەنجام بدرێ".

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە (ڕووداو) لە بەرپرسێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەوە دەستیکەوتوون، هۆکاری بەیاننامەکە بەو زمانە نەرمە بۆ بەشداریکردنی سەرکردەکانی باڵی ناوەندی بڕیارە و گوتی "پێمان باشە ئەوانیش لە کۆبوونەوەی داهاتووی سەرکردایەتی بەشدار بن".

ئەندامێکی سەرکردایەتی لە ناوەندی بڕیار کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە سێ ساڵە دەمانەوێت کێشەکان چارەسەر بکرێ، بەڵام ئەوان بەلاڕێیدا دەبەن، بۆیە پێش کۆبوونەوەی داهاتوو دەبێت چارەسەری کێشەکان بکرێت، کۆبوونەوەکەش لەنێوان لیژنەکاندا بێت و دواتر دەچینە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی".

(ڕووداو) زانیویەتی پێش کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، مەلا بەختیار سەردانی کۆسرەت ڕەسوڵی کردووە بۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە، بەڵام کۆسرەت ڕەسوڵ ڕەتیکردووەتەوە. هەر بەپێی زانیارییەکانیش وا بڕیارە مەلا بەختیار جارێکی دیکە داوا لە کۆسرەت ڕەسوڵ بکات بۆ دیاریکردنی کۆبوونەوەی داهاتووی سەرکردایەتی و بانگهێشتکردنی ئەندامان.

بەڵام بەرپرسە باڵاکەی سەر بە ناوەندی بڕیار لە ئێستاوە وەڵامی خۆیانی ئاشکرا کرد و گوتی "کۆسرەت ڕەسوڵ بانگهێشتی ئەندامان بۆ کۆبوونەوە ناکات. ئەو کۆبوونەوەیەشی کرا پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ بووە، چونکە لە غیابی سکرتێری گشتیدا، دەبوو جێگری سکرتێر بانگهێشتی کۆبوونەوە بکات، بۆیە ئەوان مەبەستیان لێکترازان بوو".

### باڵی زۆرینە بێهیوا نین

پێدەچێت باڵی دەستڕۆیشتوو تاوەکو ئێستاش هیوایان بە بەشداریکردنی کۆسرەت ڕەسوڵ لە کۆبوونەوەی داهاتوویاندا هەبێ. ئەندامێکی سەرکردایەتی لە باڵی زۆرینە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "بێهیوا نین، لەو باوەڕەداین کاک کۆسرەت بانگهێشتی ئەندامان بۆ کۆبوونەوەکە بکات، چونکە ئەگەر ئەوان مەرجیان ئەوە بووبێت کاک کۆسرەت داوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بکات، ئەوە ئێمە کۆبوونەوەکەمان بە کراوەیی هێشتووەتەوە. فەرموون با کاک کۆسرەت کاتی کۆبوونەوەکە دیاری بکات".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتیشی "ماوەی دوو هەفتە بۆ چاوەڕوانی کاک کۆسرەت دیاریکراوە. ئەگەر لەو دوو هەفتەیەدا داوای کۆبوونەوەی نەکرد، خۆمان کۆبوونەوە دەکەینەوە و بەپێی پەیڕەویش ڕەنگە مەلا بەختیار سەرپەرشتی بکاتەوە".

لە کاتێکدا پێشتر مەلا بەختیار داوای لە کۆسرەت ڕەسوڵ کردووە بۆ بانگهێشتی کۆبوونەوەکە، بەڵام ئەو ڕەتیکردووەتەوە، سەرکردەکەی ناوەندی بڕیار گوتی "مەلا بەختیار شەرعیەتی نییە داوای بانگهێشتی کۆبوونەوە لە کاک کۆسرەت بکات، چونکە پێش ئەو کۆبوونەوەیە دەبوو لیژنەیەک لە هەردوولا کۆبوونەوەیان بۆ چارەسەری کێشەکان بکردایە، پاشان تەوەری کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی دەستنیشان بکرێت".

ئەو بەرپرسە بە سەرسوڕمانەوە گوتی "ئێمە لە کۆبوونەوەی چوار قۆڵیدا ناگەینە ئەنجام! بەنیازن لە کۆبوونەوەی گەورەتردا بگەینە ئەنجام. ئێمەش لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیەنین".

### دوو هەفتەی یەکلاکەرەوە

بەپێی زانیارییەکان، ماوەی دوو هەفتەی داهاتوو بۆ چارەسەری کێشەکانی هەردوو باڵ یەکلاکەرەوە دەبێت، بەرپرسەکەی باڵی "زۆرینە" گوتی "ئەو دوو هەفتەیە بۆ چارەسەربوون و چارەسەر نەبوونی کێشەکان یەکلاکەرەوە دەبێت، ئەگەر ئەوان بۆ کۆبوونەوە هاتن دەکرێت باسی کۆنگرە و شێوازی بەستنی بکەین".

ئەندامەکەی سەرکردایەتی ناوەندی بڕیاریش جەختی لەو ماوەیە کردەوە و گوتی "لای ئێمەش ئەو دوو هەفتەیە بۆ چارەسەری کێشەکان یەکلاکەرەوەیە، بەڵام هیوادارین کۆبوونەوەی تاکڕەوانە نەکرێت، ئەگەریش کردیان ئەوا خۆیان لە ئایندەی یەکێتی و لێکترازانی بەرپرسن".

باڵی دەستڕۆیشتوو داوای بانگهێشت لە کۆسرەت ڕەسوڵ دەکات، بەڵام ئەگەر ئەو ڕەتیبکاتەوە، ئەوکات زۆرینە مافی خۆیان نییە کۆببنەوە؟ سەرکردەکەی ناوەندی بڕیار دەڵێت "ئێمە کێشەمان هەیە و دەبێت پێشتر چارەسەری کێشەکان بکرێن و دواتر کۆببینەوە، بەڵام دەسەڵاتی باڵەکەی دیکە لای هێرۆخانە، ئەگەر لە کۆبوونەوەشدا بڕیار بدرێت، هێرۆخان هەڵیدەوەشێنێتەوە، بۆیە لە کۆبوونەوەی داهاتووی سەرکردایەتیشدا هەر بڕیارێک بدرێت پێوەی پابەند نابین".

### بۆچی باسی بەرهەم ساڵح نەکرا؟

لە بەیاننامەکەی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە ڕۆژی 15/10/2016 باسی بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی نەکراوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی لە باڵی زۆرینە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "مەبەست لە ناونەهێنانی د.بەرهەم فەرامۆشکردن نەبووە، بەڵکو بەپێی پەیڕەو یەک کەس بانگهێشتی کۆبوونەوە دەکات، ئەویش کاک کۆسرەتە کە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتییە". گوتیشی "ئەگەر کاک کۆسرەت خۆیشی بانگهێشتی ئەندامان بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی سەرکردایەتی نەکات، دەتوانێت د.بەرهەم ڕاسپێرێت و زۆر ئاساییە".

## لە هەولێر نان گران دەبێت

**ڕووداو- هەولێر**

تەها حەمەشین، سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای کرێکارانی کشتوکاڵ و خواردەمەنی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەهۆی دابیننەکردنی نەوت بۆیان، ماوەی دوو ڕۆژە نرخی نان و سەموون بەرز بووەتەوە و گوتی "پێشتر 10 سەموون بە هەزار دینار بوو، ئێستا هەشت سەموون بە هەزارە. پێشتر هەشت نان بە هەزار بوو، ئێستا شەش نان بە هەزارە، چوار نانی قەبارەی گەورە کە 180 غەرامە بە هەزار دینارە، بەڵام پێشتر قەبارەی ئەو نانە 210 غەرام بوو، قەبارەی نانی بچووکیش 140 غەرامە". بە گوتەی ناوبراو، لەلایەن قایمقامیەتەوە پێیانراگەیەندراوە، بڕیارەکە بەشێوەیەکی کاتییە تا سووتەمەنی دێت.

## گەشتیارانی بیانی ڕوو لە کوردستان دەکەنەوە

# کۆمپانیایەکی خۆماڵی گەشتیاری فەرەنسی دێنێتە کوردستان

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەهۆی نەمانی مەترسیی داعش لەسەر هەرێمی کوردستان و هەروەها ئەو پلانەی بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری بیانی دایانڕشتبوو، ژمارەی گەشتیارانی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، لەساڵی 2007 تاوەکو 2013 هاتنی گەشتیاران بۆ کوردستان ڕوو لە هەڵکشان بووە، زۆرترین ژمارەش لە ساڵی 2013 تۆمار کراوە کە 558 هەزار و 636 گەشتیار بووە، بەڵام بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە هاتنی گەشتیارانی بیانی لە دوو ساڵی ڕابردوودا پاشەکشەی کرد و ساڵی ڕابردوو بۆ 120 هەزار گەشتیار دابەزی.

سیروان تۆفیق، بەڕێوەبەری بەبازاڕکردن لە دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە عێراق و هەرێمی کوردستان لە دوو ساڵی ڕابردوودا پێیدا تێپەڕین، هاتنی گەشتیاری بیانی لە ساڵی 2015 بەراورد بە 2014 نزیکەی 53% کەمی کرد، بەڵام دوای دوورخستنەوەی مەترسیی داعش لەسەر هەرێمی کوردستان و ئەو پلانەی بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری بیانی دامانڕشتبوو، جارێکی دیکە گەشتیارانی بیانی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووەتەوە".

بەپێی داتاکانی دەستەی گشتیی گەشتوگوزار، تەنیا لە 9 مانگی ڕابردوودا 130 هەزار و 803 گەشتیاری بیانی هاتوونەتە کوردستان. سیروان تۆفیق پێشبینی کرد تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بۆ 170 هەزار گەشتیار بەرزببێتەوە.

بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری بیانی، لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان کۆنفراسێکی گەشتوگوزاری ڕێکخست کە نوێنەری زیاتر لە 26 وڵات بەشدارییان تێدا کرد.

سیروان تۆفیق دەڵێت "کۆنفرانسەکە ئەنجامێکی باشی لێکەوتەوە. چەند کۆمپانیایەکی عەرەبی و ئەوروپی ئامادەییان نیشاندا کە گەشتیار بهێننە هەرێمی کوردستان. ئەمەش وایکرد ژمارەی گەشتیارانی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان زیاد بکات".

کۆمپانیای Jordan pulse بۆ گەشتوگوزار، کە کۆمپانیایەکی ئوردنییە، لقێکی کۆمپانیاکەی لە شاری هەولێر کردووەتەوە، دوو هەفتە جارێک گرووپێکی گەشتیاری لە وڵاتانی عەرەبییەوە دەهێنێتە کوردستان.

محەممەد فەلاحی، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمپانیای Jordan pulse بۆ گەشتوگوزار بە (ڕووداو)ی گوت، سەرەتای گەشتەکانیان بە گرووپێکی 35 گەشتیاری دەستپێکردووە کە ڕۆژنامەنووس، فۆتۆگرافەر، هونەرمەند و نووسەری تێدا بوو، بۆ ئەوەی ڕووی گەشتیاریی کوردستان بۆ گەشتیارانی عەرەب دەربخەن.

ئێستا کۆمپانیا ئوردنییەکە هەفتانە یان دوو هەفتە جارێک گرووپێکی 25 کەسی لە گەشتیارانی ئوردنی، ئیماراتی و فەلەستینی دێنێتە هەرێمی کوردستان.

محەممەد فەلاحی دەڵێت "هەر گەشتیارێک بە لانیکەم بایی 300 دۆلار کەلوپەل و خۆراک دەکڕن، چونکە نرخی کاڵا لە هەرێمی کوردستان هەرزانە، بۆیە هەندێجار بازرگان و وەبەرهێنەرانیش بۆ کڕینی کاڵا و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بازرگانانی هەرێمی کوردستان بەشداری گەشتەکانمان دەکەن".

بەئامانجی ئەوەی زۆرترین گەشتیار ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن و کەرتی گەشتیاری ڕێچکەی خۆی بگرێت، دەستەی گەشتوگوزار، بەپێی بنەما گەشتیارییەکان کەرتی گەشتیاریی بەسەر 12 جۆردا دابەش کردووە کە بریتین لە گەشتیاری ئاینی، ژینگەیی، کولتووری، ڕامیاری، شوێنەوار، بازاڕکردن، ئاوی، چارەسەری، سەرکێشی، پێشەنگا و کۆنفرانسەکان و وەرزشی.

د.لوقمان عوسمان، پسپۆڕی گەشەپێدانی ئابووری کە مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "هەرێمی کوردستان خاوەنی بنەمایەکی بەهێزی گەشتیارییە، بەڵام پێویستی بە ژێرخان و بەبازاڕکردن و دەرکردنی هەندێ یاسای وەبەرهێنانی تایبەت بەکەرتی گەشتیارییە تاوەکو هەل بۆ کەرتی تایبەت بڕەخسێ وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاریدا بکات".


بەبڕوای ئەو پسپۆڕە، زیادبوونی گەشتیاری بیانی لەدوو ڕەهەندەوە سوود بە ئابووریی کوردستان دەگەیەنێت، لەلایەک گەشتیاری بیانی زیاتر لە گەشتیاری عەرەب پارە خەرج دەکات، هەروەها دراوی بیانی دێنێتە هەرێمی کوردستان کە بۆ هاوسەنگکردنی نرخی دراو پێویستە.

هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە707 هۆتێل و مۆتێلی گەشتیاری و 89 گوندی گەشتیارییە، لەم ژمارەیەش 34 هۆتێلیان پێنج ئەستێرەن، 76ی دیکە چوار ئەستێرەن و 183شیان سێ ئەستێرەن.

بەشدار محەممەد، خاوەنی کۆمپانیای فرێش هۆڵیدەی کە گەشتیاری بیانی دێنێتە کوردستان، دەڵێت "کاتێک دەمانەوێ گەشتیاری ئەوروپی بێنینە کوردستان، یەکەم گرفتیان نەبوون یان لاوازیی ماڵپەری هۆتێلەکان و گرانیی نرخی مانەوەیانە، بۆیە پێویستە دەستەی گەشتوگوزار نرخی هۆتێلەکان دابەزێنێ".



پێشبینی دەکرێت تا کۆتایی ئەمساڵ 170 هەزار گەشتیاری بیانی ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن




ژمارەی هاتنی گەشتیارانی بیانی بۆ کوردستان لە نۆ ساڵی ڕابردوودا

### بە 300 ئیمەیل قەناعەتیان هات

سەرەتای ئەم مانگە، کۆمپانیای فرێش هۆڵیدەی کە کۆمپانیایەکی خۆماڵییە، 25 گەشتیاری لە فەرەنساوە هێنایە کوردستان.

بەشدار محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای Fresh Holiday بۆ فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار لەشاری هەولێر دەڵێت "لەو بارودۆخەی ئێستا کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێ، ڕازیکردنی گروپێکی گەشتیاری لە وڵاتێکی ئەوروپیی وەک فەرەنساوە، ئاسان نییە، دوای گۆڕینەوەی زیاتر لە 300 ئیمێل لەگەڵ بەشداربووانی گرووپەکە، ئینجا ڕازی بوون بێنە کوردستان". ئەو گروپە پێنج ڕۆژ لە کوردستان مانەوە و زۆرتر سەردانی شوێنەوارە ئاینییەکانیان کرد..

# جووتیاران ڕوو لە بەرهەمهێنانی کونجی دەکەنەوە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

دوای 10 ساڵ وازهێنان لە چاندنی کونجی، قەیرانی دارایی جارێکی دیکە سەعید خالیدی ناچار کرد بگەڕێتەوە سەر پیشەکەی. ئەو دەڵێت "بازاڕی کونجی گەرمە و پارەیەکی باش دەکات، بۆیە بیرم لەوە کردەوە دووبارە کونجی بچێنم".

کوجی بە یەکێک لە کۆنترین ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانە دادەنرێت کە مرۆڤ لە کۆنەوە چاندوویەتی، مێژووی بەکارهێنانی ئەم بەرهەمە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ 1600 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

کونجی بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە و زەیتی لێ دروست دەکرێ. نیشتمانی سەرەکیی کونجی، ئەسیوپیایە و دواتر بەهەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە. هەر یەک لە هیندستان، بۆرما، چین و سودان بەرهەمهێنەری کونجین و 70%ی کونجیی جیهان بەرهەمدێنن.

لە هەرێمی کوردستانیش بەرهەمی کونجی خواستێکی زۆری لەسەرە و زۆرتر بۆ دروستکردنی ڕاشی بەکاردێت، بەڵام چاندن و بەرهەمهێنانی کونجی لە چەند ساڵی ڕابردوودا وەک پێویست لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە پاڵپشتی نەکراوە، بۆیە لەپاشەکشەدا بوو.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە ساڵی 2011دا 1669 دۆنم کونجی چێندراوە کە بەرهەمەکەی 480 تۆن بووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو 1300 دۆنم چێنراوە و بەرهەمەکەی 180 تۆن بووە.

سەعید خالید، دانیشتووی گوندی شیوەرای سەر بەقەزای بەردەڕەش، ئەمساڵ 44 دۆنم کونجی چاندووە و پێشبینی دەکات 11 تۆن بەرهەمی هەبێ. ئەو هۆکاری فەرامۆشکردنی چاندنی کونجی لەلایەن جووتیارانەوە، بۆ کەمیی بڕشت و گرفتی نەبوونی ئامێر بۆ دروێنەی کونجی گەڕاندەوە و گوتی: "چاندنی کونجی کارێکی قورس نییە و پێویستی بە خزمەتی زۆر نییە، بەڵام بڕشتی زۆر نییە و کە دێتە بەرهەمیش بەهۆی نەبوونی ئامێر جووتیاران ناچارن بە دەست دروێنەی بکەن، ئەمەش کار و ماندووبوونی زۆری دەوێت، بۆیە جووتیاران زۆر حەز بە چاندنی ناکەن".

ئێستا یەک تۆن کونجی لە بازاڕ بە نزیکەی 350 هەزار دینارە، ئەوەش وای لە بەشێکی جووتیاران کردووە، دووبارە بیر لە چاندنی کونجی بکەنەوە.

بەپێی توێژینەوە کشتوکاڵییەکان، کەشوهەوا و خاکی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی کونجی.

مەقسود خالید، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر، دەڵێت "لە ساڵی 2011 توێژینەوەی کشتوکاڵی عێراقی چوار جۆر تۆوی کونجی بۆ ناردین، سێی بیانی و یەکێکی خۆماڵی، هەر چوار جۆرەکەمان چاند، بۆمان دەرکەوت هەر چواریان لەگەڵ کەشوهەوای کوردستان گونجاون، بڕشتی سێ جۆرە بیانییەکە لە ڕووبەری دۆنمێک نزیکەی 650 کیلۆگرام بوو، خۆماڵییەکەش 509 کیلۆگرام بوو".

سەبارەت بە تایبەتمەندی تۆوی کونجییەکان، مەقسود خالید گوتی "بەرگرییان بۆ نەخۆشی زۆر باش بوو، کواڵیتیشیان زۆر بەرز بوو، ڕێژەی زەیتەکەیان نزیکەی 60%بوو، باڵاشیان لە کونجی خۆماڵی بەرزتر بوو کە دەتوانرا بە دەڕاسە دروێنە بکرێت".

دوای دەستکەوتنی ئەو ئەنجامە باشانە، بەڕێوەرایەتیی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر پێشنیازی چاندنی ئەو جۆرە کونجیانە دەخاتە بەردەم وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڵام وەک مەقسود خالید دەڵێت "بەهۆی نەبوونی بودجە پێشنیازەکەمان پشتگوێ خرا".

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ زۆرترین کونجی لە سنووری پارێزگای دهۆک دەچێنرێ و زۆرترین بەرهەمی کونجیش هەر لەو پارێزگایەیە، بەڵام لەڕووی بڕشتەوە ئیدارەی گەرمیان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان یەکەمە و بڕشتی دۆنمێک بەرهەمی کونجی نزیکەی 650 کیلۆگرامە، ئەمە لەکاتێکدا بڕشتی بەرهەمی کونجی لە پارێزگای دهۆک لە هەمان ڕووبەر 200 کیلۆگرام تێناپەڕێت.

دکتۆر لەزگین حاجی عەساف، بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵ لە پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی درێژەکێشانی قەیرانی دارایی، ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر لە جووتیارانی دهۆک جارێکی دیکە ڕوویان لە چاندنی کونجی کردووەتەوە. ئەمساڵ 661 دۆنم کونجی چێندرابوو، بەرهەمەکەی 118 تۆن بووە. بەڵام ساڵی ڕابردوو ڕووبەری چێندراو 454 دۆنم بوو، بەرهەمیش 82 تۆن بوو".

لە کوردستان بەگشتی و پارێزگای دهۆک بەتایبەتی، چەندین کارگەی بچووکی دروستکردنی تەحین (ڕاشی) هەن. بە گوتەی فرۆشیاران کواڵیتی تەحینەکەیان لە تەحینی هاوردە باشترە.

حاجی قاسم ئیبراهیم، خاوەنی کۆمپانیای central foods بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی خۆراک کە تەحینی تورکی هاوردە دەکات، دەڵێت "لە کوردستان زیاتر خواست لەسەر تەحینی خۆماڵییە".

حاجی قاسم، ئێستا کار بۆ دروستکردنی کارگەیەکی گەورە لە هەولێر دەکات بۆ ئەوەی سەرجەم ئەو خۆراکانەی پێشتر لە تورکیا هاوردەیان دەکرد، لە کوردستان بەرهەمیان بهێنن. ئەو دەڵێت "لە نێو کارگەکەمان بیرمان لە دروستکردنی تەحینی خۆماڵیش کردووەتەوە، بە مەرجێک کونجی خۆماڵیمان دەست بکەوێت".




### تەحینی هاوردە بازاڕی نییە

حاجی قاسم ئیبراهیم، خاوەنی کۆمپانیای central foods بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی خۆراک کە وەکیلی کۆمپانیای زێڕی تورکییە و تەحینی تورکی هاوردە دەکات، دەڵێت "لە کوردستان زیاتر خواست لەسەر تەحینی خۆماڵییە، چونکە تامی لە تەحینی هاوردە خۆشترە، بۆیە لەنێوان 134 جۆر خۆراک کە لە تورکیا هاوردەی دەکەین، کەمترین فرۆشمان لە تەحینە"..

### ڕووبەری چێندراو بە (دۆنم) و بەرهەمی کونجی بە (تۆن) لە پێنج ساڵی ڕابردوودا

| پارێزگا | 2011 ڕووبەر | 2011 بەرهەم | 2012 ڕووبەر | 2012 بەرهەم | 2013 ڕووبەر | 2013 بەرهەم | 2014 ڕووبەر | 2014 بەرهەم | 2015 ڕووبەر | 2015 بەرهەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 718 | 115 | 484 | 97 | 401 | 68 | 244 | 49 | 80 | 40 |
| سلێمانی | 280 | 98 | 520 | 83 | 291 | 58 | 300 | 75 | – | – |
| دهۆک | 389 | 72 | 200 | 45 | 536 | 96 | 491 | 88 | 454 | 82 |
| گەرمیان | 282 | 183 | 99 | 64 | 252 | 110 | 268 | 66 | 100 | 65 |
| گشتی | 1.669 | 480 | 1303 | 289 | 1.480 | 332 | 1.303 | 278 | 634 | 187 |

# توركیش ستریم... هەلێك بۆ بە بازاڕكردنی گازی سروشتیی كوردستان




دەروون رەحیم

ساڵی 1701 ، پورتوگال و ئینگلیزەكان رێككەوتنێكیان واژۆ كرد، بەپێی رێككەوتنەكە، پورتوگال خوری لە ئینگلتەرا هاوردە دەكات بە نرخێكی گرانتر لە بازاڕ، بەبێ ئەوەی باجیش لەسەر هاوردەكردنەكەی دابنێت، لە بەرامبەردا هێزی دەریایی ئینگلتەرا كێشە بۆ هەڵمەتەكانی دۆزینەوەی زەوی تازە و داگیركردنیان لە كۆڵۆنییەكانی ئەمریكای باشوور دروست ناكات.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ سەدە، بەهەمان تەوزیفی دیپلۆماسیەتی ئابوورییانە، رووسیا و توركیا رێككەوتنی دروستكردنی بۆڕیی گازی توركیش ستریم واژۆ دەكەن. ئەم رێككەوتنە بایەخێكی ستراتیژیی بێسنووری بۆ رووسەكان هەیە، چونكە رووسیا كە گەورەترین بەرهەمهێنی گازی سرووشتییە، لە دوو دەیەی رابردوودا، لەبەردەم هەڕەشەی لەدەستدانی گەورەترین بازاڕی گازەكەیدا بووە كە یەكێتیی ئەوروپایە، ئەویش بەهۆی چەند بارەبوونەوەی وەستانی هەناردەی گازەكە لە رێگەی ئۆكرایناوە. پێش ئەوەی ئەوروپییەكان دەستیان بە سەرچاوەی دیكەی گازی سروشتی بگات، رووسەكان چەند رێگەیەكی دیكەی گواستنەوەی گازی سرووشتییان خستە بەردەستیان كە بە خاكی ئۆكرایینادا تێناپەڕێ. توركیش ستریمیش بەشێكە لەو ستراتیژە رووسییەی كە لەپێناوی لەدەستنەدانی هەژموون بەسەر بازاڕی وزەی ئەوروپادا، ژێرخان و بۆڕیی نوێ دروست دەكات و بە ئەوروپییەكان دەڵێت كێشەكە بریتی نییە لە رووسیا، بەڵكو ناجۆریی رێگەی گواستنەوەكەیە لە خاكی ئۆكرایینادا، بۆیە لە باكوورەوە بە ژێر دەریای بەڵتیكدا هەردوو بۆڕی نۆرد ستریم 1 و نۆرد ستریم 2 بە ئەڵمانیاوە دەبەستێتەوە، لە باشووریشەوە، توركیش ستریم دەكاتە رێڕەوی دڵنیابوون لە پارێزگاری لە بازاڕی وزەكەی لە ئەوروپا. راستە بۆڕییەكە لەگەڵ توركیا دەكرێت و بە خاكی ئەویشدا تێدەپەڕێ، بەڵام ئامانجی رووسیا بازاڕی ئەوروپایە، پاشان توركیا، چونكە گازی سروشتی تەنیا سامانێكی سروشتی نییە بۆ رووسەكان، بەڵكو هۆكارێكی پیادەكردن و بەهێزكردنی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا و پاراستنی هێزی ئەو وڵاتەیە. هەڕەشە بۆ سەر بازاڕەكانی وزەی رووسیا، وەكو هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە تەماشا دەكرێت.

توركەكان دوو ئامانجی سەرەكییان هەیە لەم پرۆژەیەدا، یەكەم: توركیا كێشەی دابینكردنی گازی سروشتیی هەیە. دووەم: توركەكان، هەر شتێك گوشار لەسەر ئەوروپا دروست بكات، بێ دوودڵی دەرفەتی بەكارهێنانی لەدەست نادەن. وەك پێشتریش باسمان كرد، بۆڕیی توركیش ستریم بەشێوەیەك دیزاین كراوە، سیحری سەرجەم پرۆژە ئەوروپییەكان بەتاڵ دەكاتەوە، چونكە توركیا گازی رووسیا بەبۆڕییەكی رووسی دەباتە بەردەم ئەو بۆڕییانەی كە ئەوروپا بۆ رزگاربوون لە گازی رووسی بونیادیان دەنێ. واتە توركیا دەیەوێت ئەو دەستەی ئەوروپا بگرێت كە ئازاری دەدات، بەڵام توركیا لەبەردەم ریسكدایە، چونكە لە ستراتیژی وزەی یەكێتیی ئەوروپادا، توركیا بە پاڵپشتی ئەوروپییەكان و ئەمریكییەكان لە سەنتەری پلانەكانی ئەوروپادا بوو بۆ جۆراوجۆركردنی سەرچاوەكانی گازی سروشتی، سەرجەم پرۆژە بۆڕییەكانی ئەوروپا بە توركیادا تێپەڕ دەبوون. هەروەها توركیا پلانی درێژخایەنی بۆ بوون بە سەنتەری كۆكردنەوەو دووبارە هەناردەكردنی وزە هەیە، ئەم رۆڵە ستراتیژییەی توركیا لەبەردەم مەترسیدایە، رەنگە نە بۆ ئەمریكییەكان و نە بۆ ئەوروپییەكانیش توركیا ئەو سەنتەرە باوەڕپێكراوە نەبێت كە گازی سروشتی لە قەوقازەوە پێدا بگوازرێتەوە. ئاماژەكانی ئەم گۆڕانكارییە لە سیاسەتی ئەوروپادا دەركەوتووە، ئەویش بە هەوڵدان بۆ بە سەنتەركردنی هەر یەك لە بولگاریا و رۆمانیا.

توركیش ستریم، تەنیا كاریگەرییەكەی لە ئەوروپادا نییە، بەڵكو بۆ نیوەی ئەوبەری زەویشە. سەركەوتنی رووسیا لە پاراستی هەژموون و كاریگەریی لەسەر بازاڕی وزەی ئەوروپا، لەڕێگەی دابینكردنی گازی سروشتیی بەردەوامی بێ پچڕان، لەبەرامبەریشدا سەرنەكەوتنی هیچ كام لەم بۆڕیانەی ئەمریكا و ئەوروپا بەهەموو قورساییانەوە پشتیوانییان دەكرد، پرسیار لەسەر سیاسەتی وزەی ئەوروپا دروست دەكات و جۆرێك لە نائومێدیشە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا كە كەمكردنەوەی هەناردەی گازی سروشتیی رووسیا بۆ ئەوروپا وەك هۆكارێك بۆ لاوازبوونی كاریگەری و هێزی ئەو وڵاتە دەبینرێت. هەروەها رەنگە نۆرد ستریم و توركیش ستریم، ستراتیژی گەیشتن بە ئەوروپا دوور لە ئۆكراینا، كاریگەریی بەرچاو لەسەر پیشەسازیی گازی سروشتیی شلكراوە بەجێبهێڵێت. ئەمریكیەكان چاویان لەوە بڕیوە كە گازی سروشتیی شلكراوە ببێتە شوێنگرەوەی گازی هاوردەكراو لە رووسیا، تەنانەت لە نێو یەكێتیی ئەوروپادا 22 وێستگەی بەتاڵكردنەوە و عەمباركردنی گازی سروشتیی شلكراوە دروستكراون كە بە پێچەوانەی گازی سروشتیی ئاسایی، بە كەشتی دەگوازرێتەوە. تێچووی شلكردنەوە، باركردن و بەتاڵكردنەوە و عەمباركردنی، لە گازی سروشتیی ئاسایی زۆر زیاترە. لە كاتێكدا ئەگەر وڵاتانی ئەوروپا گازی سروشتییان لە رووسیاوە بە ئاسانتر و هەرزانتر و خێراتر بۆ بڕوات، رەنگە كەمتر چاویان لە گازی شلكراوەی ئەمریكییەكان بێت. بێگومان لە دۆخێكی وەهادا، گازی سروشتی شلكراوە كێبڕكێی گازی سروشتیی رووسی پێناكرێت و پیشەسازی گازی سروشتیی شلكراوەش دەبێت چاوەڕوانی زیانی ئابووری گەورە بێت. سەبارەت بە هەرێمی كوردستان، بە پێچەوانەی ئەو رایانەی كە پێیانوایە توركیش ستریم بەهای گازی سروشتی كوردستان كەم دەكاتەوە، بۆڕی توركیش ستریم دەرفەتی بەبازاڕكردنی گازی سروشتی كوردستان زیاد دەكات. بۆڕییەكە پێویستی بە گازی سروشتی هەیە كە مەرج نییە تەنیا گازی سروشتی لە رووسیاوە هەناردە بكات، دەكرێت گازی سروشتیی هەرێمی كوردستان، بەشێكی لەڕێگەی ئەم بۆڕییەوە هەناردە بكرێت. گازی سروشتیی كوردستان ئەو كاتە بەهای بازرگانی كەم دەبێت كە دوور بێت لە هێڵە گوێزەرەوەكانی وزە. بۆڕیی گازی زیاتر، واتە دەرفەتی بە بازاڕكردنی زیاتر. گرنگیی ئەم بۆڕیە ئەوەیە كە نیوەی گازەكەی بە توركیا دەفرۆشێت، ئەمەش دەكاتە 16 ملیار مەتر سێجا لە ساڵێكدا كە دەرفەتی زیاتر دەدات بە گازی كوردستان بۆئەوەی هەمووی لە نێوخۆی توركیادا بەكارنەهێنرێت، بەڵكو هەناردەی ئەوروپاش بكرێ.

لە ماوەی ئەو ساڵانەی كارم لەسەر سیاسەتی بۆڕی و جیۆپۆلەتیكی وزە كردووە، فێری ئەوە بووم كە مەرج نییە ئەو بۆڕیانەی رێككەوتنیان لەسەر دەكرێت یان نەخشەڕێژییان بۆ دەكرێت، جێبەجێ بكرێن. هەندێكجار خستنەڕووی نەخشەی بۆڕییەكی گازی سروشتی یان رێككەوتنێك بە مەبەستی پێكانی ئامانجێكی سیاسییە، هێندەی مەبەست لێی تەواوكردنی بۆڕییەكە بێت.

## لەمپەرەكانی بەردەم توركیش ستریم

توركیش ستریم وەك بۆڕییەكانی پێش خۆی كۆمەڵێك تەحەددای لەبەردەمدایە، لەوانە جۆرایەتی پەیوەندیی نێوان خودی رووسیا و توركیا كە ژمارەیەك كێشەی چارەسەرنەكراو لە نێوانیاندایە، بە تایبەتی سووریا. هەروەها كێشەی دارایی لە تەواوكردنی پرۆژەكە. گومان هەیە لەوەی رووسیا بتوانێت دروستكردنی بۆڕییەكە پارەدار بكات، چونكە دەبێت توركیش ستریم لە سەرەتای 2019 تەواو ببێ، كە هەمان ماوەی تەواوكردنی بۆڕیی نۆرد ستریم دووە، ئەستەمە رووسیا بتوانێت دوو بۆڕیی گاز لە هەمانكاتدا پارەدار بكات.

# "كەمكردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت" بەرەوڕووی شكست دەبێتەوە




ڕووداو- هەولێر

بەپێی دوایین راپۆرتی رێكخراوی وڵاتانی هەناردەكاری نەوت (ئۆپێك)، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەم رێكخراوە لە مانگی ئەیلولدا بەرزبووەتەوە، ئەوە لەكاتێكدا كە لە كۆتایی مانگی ئەیلول و لە پەراوێزی كۆڕبەندی نێودەوڵەتیی وزەدا لە جەزائیر، وڵاتانی ئەندامی ئەم رێكخراوە، بڕیاری كەمكردنەوەی بەرهەمهێنانیان دا.

كێشەكەی ئۆپێك هەر لێرەدا نابڕێتەوە، چونكە ژمارەكانی نێو راپۆرتی بەرهەمهێنانی ئۆپێك كە رۆژی 2016/10/13 بڵاوكرایەوە، لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا یەك ناگرێتەوە كە هەر كام لە وڵاتانی ئەندام بە جودا بڵاویان كردووەتەوە، ئەمەش دەشێ كێشەی گەورە بۆ بڕیارەكەی ئۆپێك سەبارەت بە دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دروست بكات.

رۆژی 2016/9/28 ئەندامانی ئۆپێك لە پەراوێزی كۆڕبەندی جیهانیی وزە لە جەزائیر دانیشتنێكیان رێكخست، لەوێ بڕیاریان دا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی رێكخراوەكە لە نێوان 32.5 ملیۆن بۆ 33 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێكدا دابەزێنن، بۆ ئەوەی باڵانسێك لە نێوان داوا و خستنەڕوودا دروست ببێت و بەم هۆیەشەوە نرخی نەوت بەرزببێتەوە.

هەتا ئێستا دیار نییە ئەم بڕیارە بە چ شێوازێك جێبەجێ دەكرێ، بۆیەش بڕیار وایە لیژنەیەك ماوەی دوو مانگ لەگەڵ ئەندامانی رێكخراوەكە كار بكەن، بۆ ئەوەی لەسەر رادەی دابەزاندنی بەرهەمی وڵاتانی ئەندام رێكبكەون.

خاڵی جێی سەرنج لە راپۆرتەكەی ئۆپێكدا ئەوەیە كە پێشبینی دەكات كەمكردنەوەی بەرهەمهێنان بۆ 33 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێكدا نەتوانێ نەوتی زێدەی ئۆپێك لە بازاڕەكاندا كەم بكاتەوە، لەبەر ئەوەی ساڵی داهاتوو بازاڕەكانی جیهان پێویستیان تەنیا بە 32.6 ملیۆن بەرمیل نەوتی ئۆپێك دەبێ.

بەگوێرەی راپۆرتەكەی ئۆپێك، كۆی گشتیی بەرهەمهێنانی رێكخراوەكە لە مانگی ئەیلولدا 220 هەزار بەرمیل لە مانگی پێشتر زیاتر بووە و گەیشتووەتە 33.39 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێكدا، ئەمەش لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنان بووە.

رۆژی 2016/10/11 ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەش راپۆرتی مانگانەی بڵاوكردەوە، ژمارەكانی راپۆرتی ئەم ئاژانسە هەندێك جیاوازییان لەگەڵ راپۆرتە مانگانەكەی ئۆپێكدا هەیە، لەوانەش لە راپۆرتەكەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەدا ئاماژە بەوە كراوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێك لە مانگی ئەیلول 160 هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە (نەك 220 هەزار) و گەیشتووەتە 33.6 ملیۆن بەرمیل، نەك 33.39 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێكدا). بەم پێیەش لە داتاكانی ئاژانسەكەدا ئاستی بەرهەمی ئۆپێك لە مانگی ئاب بەرزترە لەو داتایانەی ئۆپێك خستوویەتیەڕوو.

ژمارەیەك لە ئەندامانی ئۆپێك، لەوانەش عێراق و سعودیە، گوتیان داتاكانی ئۆپێك لەگەڵ ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەكەیاندا یەكناگرێتەوە. بەگوێرەی راپۆرتە مانگانەكەی ئۆپێك، عێراق لە مانگی ئەیلولدا رۆژانە 4.46 ملیۆن بەرمیل نەوتی فرۆشتووە، بەڵام وەزارەتی نەوتی عێراق دەڵێت رۆژانە 4.78 ملیۆن بەرمیلی فرۆشتووە.

لە راپۆرتەكەی ئۆپێكدا هاتووە، سعودیە لە مانگی ئەیلولدا رۆژانە 10.49 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، بەم پێیەش بەرهەمهێنانی نەوتی سعودیە بە بڕی 87 هەزار و 500 بەرمیل لە رۆژێكدا لە چاو مانگی پێشتر دابەزیوە، بەڵام ریاز دەڵێت رۆژانە 10.65 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە.

وەزارەتی نەوتی ڤەنزوێلاش رایگەیاندووە كە ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرزترە لەو ئاستەی لە راپۆرتە مانگانەكەی ئۆپێكدا هاتووە، لە كاتێكدا نایجیریا ئاماژەی بەوە كردووە كە ئاستی بەرهەمهێنانیان لەوەی نێو راپۆرتەكە كەمتر بووە.

جیاوازیی ژمارەكان دەكرێ كێشەی گەورە بۆ بڕیارەكەی 28ی ئەیلولی ئۆپێك دروست بكات، لەبەر ئەوەی بۆ هەر چەشنە دابەزاندنێكی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دەبێ سەقفی راستەقینەی بەرهەمهێنانی هەركام لە وڵاتەكان دیار بێ. ناكۆكیی نێوان ژمارەكانی نێو راپۆرتەكەی ئۆپێك لەگەڵ ژمارەی وەزارەتەكانی نەوتی وڵاتانی ئەندام كێشەی گەورە بۆ ئەو لیژنەیە دروست دەكات كە بڕیارە هەتا 30 تشرینی دووەمی ئەمساڵ راپۆرتێك سەبارەت بە پشكی هەركام لە وڵاتەكان بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان پێشكەش بە ئۆپێك بكات.

بڕیارەكەی ئۆپێك وڵاتی ئێران، نایجیریا و لیبیا ناگرێتەوە، كۆی گشتی بەرهەمهێنانی رۆژانەی ئەم سێ وڵاتەش لە مانگی ئەیلولدا بە بڕی 209 هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە. ئێران بە نیازە بەرهەمهێنانی نەوتی بۆ ئاستی پێش سەپاندنی سزا نێودەوڵەتییە ئەتۆمییەكان بگەڕێنێتەوە (واتە چوار ملیۆن بەرمیل لە رۆژێكدا)، پاش ئەمە ئامادە دەبێ سەبارەت بە دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان، هاوكاریی ئۆپێك بكات.

هەفتەی پێشوو رووسیا بەڵێنی دا كە ئەگەر وڵاتانی ئۆپێك لەسەر دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت رێكبكەون، ئەوە رووسیاش بەشداری دابەزاندنەكە دەبێ. ڤلادیمیر پوتین كە ئامادەی لوتكەی وزەی ئیستەنبوڵ ببوو، لەوبارەیەوە رایگەیاند "ئەگەر وڵاتانی ئۆپێك بتوانن لەنێوان خۆیاندا رێكبكەون، ئێمەش پشتگیری لە بڕیارەكەیان دەكەین".

لێدوانەكەی پوتین وایكرد بۆ یەكەمجار لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا بەهای نەوت سەقفی 53 دۆلار تێپەڕێنێ و بگاتە 53.54 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك. دوایین جار كە نرخەكانی نەوت ئەو ئاستەی تێپەڕاندبێ لە مانگی تشرینی یەكەمی پارساڵ بوو، كاتێك یەك بەرمیل نەوتی برێنت بە 54.05 دۆلار بازرگانی پێوە دەكرا.

## نەخشەڕێی رێككەوتن

بەر لە كۆبوونەوە فەرمییەكەی ئۆپێك كە بڕیارە لە كۆتایی مانگی داهاتوو بەڕێوەبچێ، وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك و دەرەوەی ئۆپێك لە رۆژانی 28-29/10/2016 لە ڤیەننا كۆدەبنەوە. محەممەد ئەلسەدا، وەزیری وزەی قەتەر رایگەیاند "كۆبوونەوەكە بۆ باسكردن لە نەخشەڕێی رێككەوتن دەبێ". هەروەها نورەدین بوتەرفا، وەزیری نەوتی جەزائیریش پێشبینیی كرد كۆبوونەوە نافەرمییەكەی ڤیەننا ئاكامی ئەرێنیتری لێ بكەوێتەوە.

### د.محەممەد خالد ئەلشاکر، بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوە لە ڕەوتی ئەلغەد بۆ (رووداو):

# کێشەی سووریا سیستەمی نێودەوڵەتی دیزاین دەکاتەوە



د.محەممەد خالد ئەلشاکر، بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوە لە ڕەوتی ئەلغەد کە ڕەوتەکەیان مانگی ڕابردوو لە قاهیرە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ئیدارەی خۆسەریی دیموکراتیک لە ڕۆژئاوای کوردستان واژۆ کرد، دەڵێت ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ کورد سووری سوورییە و بۆ ئەوەیە کە پێکهاتەی کورد لە داهاتووی سووریا فەرامۆش نەکرێ. ئەلشاکر لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) پەسنی ئیدارەی خۆسەری دیموکراتیک دەدات و دەڵێت دەبێت ئۆپۆزیسیۆنی سووری سوود لە ئەزموونی کورد ببینێ.

محەممەد خالد ئەلشاکر، دکتۆرای لە یاسای نێودەوڵەتیی و سیاسەتی دەرەوەدا هەیە، مامۆستای یاسای نێودەوڵەتی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی بووە لە زانکۆی فورات. بڕوانامەی دادوەری نێودەوڵەتی هەیە بۆ چارەسەری کێشە نێودەوڵەتییەکان کە ناوەندەکەی لە جنێڤە. خاوەنی چەندین پەرتووکە لە بواری یاسادا، لەوانەش (صناعه القرار الدولي- جدليه العلاقه بين واقعيه العلاقات الدوليه و مبادئ القانون الدولي العام).

**رووداو - هەولێر**

**ڕێککەوتنمان لەگەڵ کورد ڕێککەوتنێکی سووری سووری بووە**

**ئێران کاری بۆ بە مەزهەبیکردنی واقیعی سووریا کرد**

**سووریا بووەتە تاقیگەیەک بۆ هێزە نێودەوڵەتییەکان**

**ئۆپۆزیسیۆنی سووری شتێکی نوێی پێشکەشی سوورییەکان نەکردووە**

**هەوڵ دەدەین ئۆپۆزیسیۆن بگەڕێنینەوە سەر ڕێگای ڕاست**

**ڕەوتی ئەلغەد بەشێک نییە لە شەڕی سووریا**

**رووداو: ئەو بنەمایانە چین کە ڕێککەوتنی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر و ڕەوتی ئەلغەدی لەسەر دروستکراوە؟**

**ئەلشاکر:** ئێمە لەبەردەم واقیع و بارودۆخێکی جیاوازداین لەو واقیعەی کە سوورییەکان لە پێناویدا لە ئاداری 2011 هاتنە سەر شەقام، بۆیە ڕێککەوتنەکە لە ئەنجامی چەندین کێشمەکێشی نێودەوڵەتی و ناوچەیی کراوە کە هەڕەشە لە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای سووری دەکەن. مەبەستمە بڵێم ئێمە لە سەروبەندی لەدەستدانی ناسنامە و دوارۆژی سووریادا ین. لەبەر ئەمە هەموو بنەماکانی ڕێککەوتنەکە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی ئامانجەکانی ڕاپەڕینی گەلی سووریا بوو. بە لەبەرچاوگرتنی واقیع و دەرکەوتە ناچارییەکانی قەیرانی سووریا، کە بووەتە واقیعێکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، پێویست دەکات ئەو گرێکوێرانە بکرێنەوە کە ڕاپەڕینی سووریای کردە ململانێیەکی نێودەوڵەتی و ئامانجەکانی بە لاڕێدا برد. بۆیە بنەماکانی ڕێککەوتن خۆی لە یەکێتی خاکی سووریا، هاوکاری بۆ گۆڕینی ڕژێمی سووریا و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەبینێتەوە.

**رووداو: ئەو بارودۆخە بابەتییە چی بوو کە بووە هۆی واژۆکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر؟**

**ئەلشاکر:** ڕێککەوتن ڕەنگدانەوەی ئەو "بارودۆخە بابەتییەیە" کە خۆی بەسەر گۆڕانکارییەکانی ڕاپەڕینی سووریا و واقیعەکەیدا سەپاندووە. ترس لە ئازارە کاولکارییەکانی کە مەسەلەی پاراستنی نیشتمانی سووریا و پێکهاتەکانی بووەتە پێداویستییەکی حەتمی، خۆی دەسەپێنێ لەسەر پشتگوێ نەخستنی ڕووداوەکان. بەداخەوە ململانێی سووریا بووەتە ململانێ لەسەر دەسەڵات و دەوڵەتانی ناوچەکە پەرەی پێدەدەن. ڕێککەوتنەکە لە پێناوی پێدانەوەی ڕۆڵە بە سوورییەکان، چونکە پەرەپێدانی گفتوگۆی سووری — سووری بۆ دوارۆژی سووریا و لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی بەسەر واقیعەکەدا دەسەپێنێت.

**رووداو: بەر لەوەی ڕێککەوتنەکە واژۆ بکەن، پرستان بە سعودیە، یان لایەنێکی دیکە کردووە؟**

**ئەلشاکر:** ئێمە لە ڕەوتی ئەلغەد لەگەڵ هەموو ڕۆڵێکی عەرەبیانەین کە بتوانێ گرێکوێرەی بارودۆخی ئاڵۆزی سووریا بکاتەوە، عەرەبستانی سعودی لە گرنگترین وڵاتە عەرەبییەکانە کە پشتگیری لە گەلی سووریا کردووە، خۆشحاڵین بەهەر ڕۆڵێکی عەرەبستانی سعودی وەکو هێزێکی ناوەندی لەناوچەکەدا. بۆیە کەس ناتوانێ ڕۆڵی سعودیە فەرامۆش بکات، بەڵام ڕێککەوتنمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر ڕێککەوتنێکی سووری- سووری بووە، دەکەوێتە چوارچێوەی هەوڵەکانمان بۆ کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتەکانی سووریا لەژێر چەتری نیشتمانی سووریا، وەکو مەسەلەیەکی سووری- سووری کە هیچ دەوڵەتێکی دەرەکی دەستی بۆ نەبات، هەوڵێکە پەیوەستە بە دوارۆژی هەموو پێکهاتەکانی سووریا. پێمانوایە هەموو ئەو وڵاتانەی پشتگیرییان لە گەلی سووریا کرد، لە سەرووی هەمووشیانەوە عەرەبستانی سعودی، گرنگی بە یەکێتی خاکی سووریا دەدەن، هەروەها گرنگی بە یەکێتی هەموو پێکهاتەکانی سووریا لەژێر چەتری نیشتمانی سووریا دەدەن.

**رووداو: لە واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتنەدا لە شوێنێکی وەکو قاهیرە ئاماژەیەکی تایبەت هەبوو؟**

**ئەلشاکر:** بێگومان. ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی مێژووی هاوچارەنووسیمان لەگەڵ میسر، دەکەوێتە چوارچێوەی لەباوەشگرتن و دانپێدانانی میسر بە ئۆپۆزسیۆنی سووریا. ئەنجوومەنی کاروباری دەرەوە، پێش ئەو بەروارە، کۆنگرەی قاهیرەی بۆ ئۆپۆزسیۆنی سووریا کرد، هەروەها نووسینگەی سەرۆکی ئیئتیلافی هێزە شۆڕشگێڕ و ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا لە میسر کرایەوە. قاهیرە کۆنگرەی دامەزراندنی ڕەوتی ئەلغەدی لەخۆگرت. هەموو ئەمانە ئاماژەیە بە ڕۆڵی میسر، لە پشتگیریکردنی گەلی سووریا.

**رووداو: بۆچی ئەوەی ئێستا لە سووریا ڕوودەدات ناوی لێدەنێن ململانێ لەسەر دەسەڵات؟**

**ئەلشاکر:** ڕەوتی ئەلغەد ئۆپۆزیسیۆنە، هەڵگری ئەو هیوایانەیە کە گەلی سووریا لە پێناویدا بە دروشمی "گەلی سووریا یەکە" هاتە سەر شەقامەکان، ئەمە کاتێک بوو هێزە سوورییەکان بە باوەڕی مەدەنیانە، بە ئامانجی سووریانە لەسەر شەقام بوون، بەڵام ململانێی سووری لە قۆناغەکانی دواتر بووە مەزادێک بۆ هێزە ناوچەییەکان، لە پێش هەموویانەوە ئێران کاری بۆ بە مەزهەبیکردنی واقیعی سووریا کرد، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەو هێزە ناوچەییانەی کە لەگەڵ ئێران جیاوازبوون لە ئەجێندا سیاسیەکانیان، ئەوانیش لەسەر هەمان نەزمی مەزهەبی دەستبەکاربوون. بەم شێوەیە بەرەی ئەلنوسرە وەکو یەکەمین هێز کە جیاواز بوو لە سوپای ئازاد لەدایک بوو. هێشتا شەڕی نێوان ئەلنوسرە و سوپای ئازادمان لەناوچەکانی ڕۆژهەڵات لە بیرە، دواتر داعشیش وەکو کۆمپانیایەکی فرە جەمسەر هاتە نێو یارییەکە. لەپێناو بەدەستخستنی بستە خاکێک یان بەرزاییەک لێرە و لەوێ هەر وڵاتێکی ناوچەکە لەدژی وڵاتەکەی دیکە، پشتگیری لە هێزێک دەکات. بەداخەوە بەم شێوەیە بارودۆخی شەڕ لەسەر دەسەڵات خۆی بەسەر سووریادا سەپاند، بەو جۆرە وڵات بووەتە گۆڕەپانی ململانێ لەسەر دەسەڵات لەنێوان هێزە شەڕکەرەکان کە لە دەرەوە پشتگیری دەکرێن.

**رووداو: کەواتە باوەڕتان وایە ئەوەی لە سووریا ڕوودەدات شۆڕش نییە، وەکو ئەوەی هەندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی سووری بە شۆڕش ناوی دەبەن؟**

**ئەلشاکر:** ئێمە ئێستا ڕووبەڕووی واقیعێکی پڕ لە کێشمەکێش و ڕووخێنەر دەبینەوە، پێویستە لەسەرمان زۆر لاپەڕەکانی شەش ساڵی ڕابردوو هەڵنەدەینەوە، ئەگەرنا دەکەوینە نێو زەلکاوی ڕابردوو. هەموو دەزانن ئەو گۆڕانەی بارودۆخی سووریا، زۆر گەورەترە لەوەی سوورییەکان پێشبینیان دەکرد و لەپێناویدا هاتنە سەر شەقام و داوای مافە ڕەواکانیان دەکرد. ئەو داواکارییانەی ڕژێم دانی پێدانا و دواتر هەر بەخۆی لێی پەشیمان بووەوە. ئەمە لەو کاتە ڕوویدا کە ئێران هاتە نێو مەسەلەکە و ویستی ململانێیەکە ئاڵۆزتر و مەزهەبیتر بکات. دەستتێوەردانی ئێران دەرگای لەبەردەم گورگی خاک کردەوە تاوەکو سووریا وەکو خاک و میللەت پارچە پارچە بکات. پێویستە بڵێم سوورییەکان پێیانوابوو ئەوەی ڕوودەدات شۆڕشە، زۆر گرنگ نییە ئەوانەی هاتوونەتە سەر شەقامەکان باوەڕیان بە بەرنامە و ناوی ئەوەی ڕوودەدات هەبێ، وەکو خۆی ناوی لێدەنێن، هەندێکیان بە ڕاپەڕین، هەندێکیان بە شۆڕش، یان تەقینەوەی کۆمەڵگایەکی مەترسیدار، ئەوەی گرنگە دەبێت بزانین کە گەلی سووریا بۆ داواکردنی مافە مەدەنی، سیاسی و ئابوورییەکان هاتە سەر شەقام. هاتە سەر شەقام بۆ ئەوەی بەربەستی بەردەم مێژوو بشکێنێ، کە خۆی لە بیرۆکەی شمولیەت و ڕژێمی تاکحیزبیدا دەبینییەوە. بەڵێ ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە ئەوەی ڕوویداوە بەلاڕێدا چوونە و دوورە لە داواکاریی سوورییەکان، ئەو سوورییەی تاوەکو دوێنێ دەیگوت "گەلی سووریا یەکە" ئەمڕۆ برا سوورییەکەی دەکوژێت، لەبەر ئەوەی ڕاستگۆین، جورئەت دەکەین بڵێین ئەوەی ڕوودەدات ململانێیە لەسەر دەسەڵات، شەڕی ئەهلییە، شەڕی بە وەکالەتە. ئەو هەوڵەی دەدرێت تەنیا هەوڵی مانەوەی ئەو بارودۆخەیە و بەردەوامیی ململانێیە، لەبەر ئەوە بەبێ ناولێنانی ڕووداوەکان و خوێندنەوەیان ناتوانین دەست بۆ گرێکوێرەی سووریا ببەین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. ئەو بارودۆخە جیاوازە لە بارودۆخی بیرۆکەی شۆڕش، ئێمە لە ئێستادا هەوڵ بۆ چارەسەری سیاسی دەدەین، هەوڵ دەدەین بە واقیعیانە زەمینەی دروستکردنی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی خۆش بکەین. بەو شێوەیە ڕێگا لە پڕۆژەکانی خەلافەت، تیرۆر و دابەشبوون بگرین.

**خۆسەری دیموکراتیک ئەزموونێکی سەرکەوتووە**

**دەبێت ئۆپۆزیسیۆنی سووری سوود لە ئەزموونی کورد وەربگرێ**

**رووداو: بۆچی لایەنە سوورییەکان تاوەکو ئێستا پشتگیری ڕێککەوتنەکەی ئێوەیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر نەکردووە؟**

**ئەلشاکر:** لێرەدا جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی پڕۆژەیەکی دیاریکراو هەیە و ئەوانەی تا ئەو ساتە ئیرادەیان نییە. ئێمە بە ئاشکرا پڕۆژەی خۆمان خستەڕوو. ئێستا شەڕی سووریا بووەتە ئاڵۆزترین کێشەی نێودەوڵەتی، دەرکەوتەکانی ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو جیهان هەیە، لەوەش زیاتر ئەم کێشەیە سیستەمی نێودەوڵەتیش دیزاین دەکاتەوە کە پشت بە چەمکی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبەستێ. بەداخەوە سووریا بووەتە تاقیگەیەک بۆ هەموو هێزە نێودەوڵەتییەکان، لەبەر ئەوە ئەگەر تاوەکو ئێستا هەندێک سەری خۆیان نزم دەکەن و ڕاستییەکان نابینن، ئەوە کێشەی ئەوان و کێشەی ئەوانەیە کە لەجیاتی ئەوان بڕیار دەدەن.

لەبەرامبەر ئەمەدا ناکرێ ئاواتی سوورییەکان بکرێتە کاڵایەک بازرگانیی پێوە بکرێت. وەکو ئەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات، خیانەتە لە خوێنی سوورییەکان ئەگەر ڕێگا بدرێت پڕۆسەی سیاسی کە سوورییەکان چاوەڕێی دەکەن بکرێتە پڕۆسەیەکی دەسەڵات پەرستن. هەموو ئۆپۆزسیۆنی سووریا بەهەموو پێکهاتەکانییەوە لەسەر یەک ئامانج ڕێککەوتووە، بەڵام ئەوەی گرنگە ڕێککەوتنە لەسەر شێوازی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە. ئۆپۆزسیۆنی فەرمیی سووری شەش ساڵە لەسەر یەک گوتاری بیرۆکراتیانە بەردەوامە، بەبێ ئەوەی هیچی نوێ پێشکەشی سوورییەکان بکات، یان هیچ خوێندنەوەیەکی جدی هەبێ بۆ ڕاگرتنی ئەو خوێنبەربوونەی سووریا. شاندی دانوستاندنکاری سووری کە یەک ئامانج کۆماندەکاتەوە، بەڵام لە شێوازی کارکردن جیاوازیمان هەیە، هەمان ئەو گوتارە دووبارە دەکاتەوە، بەبێ هیچ کارێکی دەزگایی جێبەجێکاری. لەبەر ئەمە هەوڵ دەدەین ئۆپۆزیسیۆن بگەڕێنینەوە سەر ڕێگای ڕاست. بە کورتی "ئێمە لە ڕەوتی ئەلغەد بەشێک نین لە شەڕی سووریا، بەڵام هەوڵ دەدەین سوورییەکان لەو شەڕە ڕزگار بکەین و هانیان بدەین بەرەو پڕۆژەی دەوڵەتی مەدەنی دیموکراتی یەکگرتوو.

**رووداو: بەڕێز ئاڵدار خەلیل دەڵێ نامەرکەزی ئیداری بۆ واقیعی سووریا سوودی نییە. ئەو قسانەی ئاڵدار چۆن دەخوێننەوە؟**

**ئەلشاکر:** سەرەتا پێویستە نامەرکەزی ئیداری و نامەرکەزی سیاسی (فیدراڵی) کە پەیوەندی بە سیستەمی سیاسی دەوڵەتەوە هەیە لەیەک جیابکەینەوە. چەمکی نامەرکەزی ئیداری، واتا دابەشکردنی کاروباری ئیدارەیە لە نێوان دەسەڵاتی ناوەند و دەزگا ئیدارییەکانی دیکە، کە لەسایەیانەوە ئەو دەزگایانە کەسایەتی ئیعتیباریان پێدەبەخشرێت و لەژێر چاودێری دەسەڵاتی مەرکەزیدا دەبن. هەروەها نامەرکەزی ئیداری یەکێکە لە بابەتەکانی سیستەمی ئیداریی دەوڵەت، پەیوەندی بە سیستەمی سیاسییەوە نییە (وەکو ئەوەی لە نامەرکەزی سیاسی یان فیدراڵیدا هەیە)، ئەوە یەکێکە لە بابەتەکانی یاسای ئیداری، کەواتە لە کۆتاییدا مەرکەزی ئیداری لەناوخۆیدا بریتییە لە دەسەڵاتی ناوەند و چاودێریکردنی کاروبارەکان، بەشێوەیەک کە دەزگاکان دەبنە هاوتەریبی دەسەڵاتی ناوەندی نەک جێگرەوە. بۆیە ئەو سیستەمە لە دەوڵەتە سادە و یەکگرتووەکاندا جێبەجێ دەکرێت، کە لەسەر بنەمای یەکێتی میللەت و هەرێم و دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەدەچێت. بەتایبەتی ئەگەر ئەو دەوڵەتە بەدەست لاوازیی دەوڵەتی مەرکەزی (وەکو بارودۆخی ئێستای سووریا) بناڵێنێت.

**رووداو: پشتگیری لە شێوازی فیدراڵی جوگرافی دەکەن کە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر پێشنیازی دەکات؟ ئایا ئەو شێوازە دەتوانێ ئەو برینە چارەسەر بکات کە کەوتووەتە جەستەی سووریا؟**

**ئەلشاکر:** نامەرکەزی سیاسی کە ئێوە ناوی لێدەنێن (فیدراڵی جوگرافی) پەیوەندی بە بابەتی ئیدارەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بەشێوازی سیاسیی دەوڵەت و سروشتی سیستەمی سیاسی. دەکەوێتە چوارچێوەی یاسای دەستووری و سیستەمی سیاسی نەک یاسای ئیداری. لەبەرئەوە بەبێ گۆڕینی دەستوور، یاسا و ڕێککەوتنەکان ناتوانرێ شێوەی سیاسی دەوڵەت بگۆڕدرێت، چونکە نامەرکەزی سیاسی پەیوەستە بە دابەشکردنی ئەرکی سیاسی نەک ئیداری. دابەشکردنی ئەرکە سیاسییەکان پێیدەگوترێت نامەرکەزی سیاسی. بۆیە دەڵێین: ئێمە لە بارودۆخی ململانێیەکی کراوەداین لەگەڵ هەموو ئەگەرەکان، نزیکبوونمان لە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر، نزیکبوونەوەیەکە لە چوارچێوەی بارودۆخی ململانێ، ناچارمان دەکات لەگەڵ یەکدی کاربکەین بۆ ئەوەی بەرەنگاری مەترسییەکان ببینەوە، لێرەدا ئەنجامی ڕێککەوتن بە توانای لایەنەکانەوە بەستراوەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەن وڵات بەرەو ئاڵۆزی و دابەشبوون بڕوات، جگە لەوە هەوڵ بۆ چارەسەرییەکی سیاسی دەدەین کە بگاتە ڕاگەیاندنی دەستووری و ڕاپرسی لەسەر دەستوور، لە چوارچێوەی یەکێتیی سووریا. بۆیە ڕێککەوتنەکە ڕێککەوتنی کۆکردنەوەی هەموو هێزە نیشتمانی و دیموکراتییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پڕۆژە تاریکەکانە کە هیچ پەیوەندییان بە کولتووری سوورییەکانەوە نییە، هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پڕۆژانەیە کە دەخوازێ پێکهاتەی کوردی فەرامۆش بکات.

**رووداو: پێتانوایە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر سەرکەوتوو بووە، ئایا دەکرێ ئەزموونی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر ببێتە مۆدێلێک بۆ هەموو سووریا لەدوارۆژدا؟**

**ئەلشاکر:** پێمانوایە ئەزموونێکی سەرکەوتووە. ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر بەدەستی هێناوە بە دەستکەوت هەژمار دەکرێت، چونکە ناوچەکانی لە کاولکاری و تێکچوون پاراستووە، ئەمەش هێزەکانی دیکەی سووریا هان دەدات سوود لەو ئەزموونە وەربگرن و لەو ناوچانە جێبەجێی بکەن کە ئازادیان دەکەن.

### ڕێککەوتنی قاهیرە

ڕۆژی 10/9/2016 ئەیلول لە قاهیرە پایتەختی میسر ڕێککەوتنێک لەنێوان ڕەوتی ئەلغەد کە سەرۆکی پێشووی ئیئتیلافی ئۆپۆزسیۆنی سووریا ئەحمەد ئەلجەربا سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە ڕۆژئاوای کوردستان واژۆکرا. ڕێککەوتنەکە داوای لە لایەنە سوورییەکان دەکات ڕێچکەی ژیرانە بگرنەبەر بۆ ئەوەی مەترسییەکان لە سووریا دووربخەنەوە. هەروەها ڕێککەوتنەکە پێیوایە ئەوەی لە سووریا ڕوودەدات شەڕە لەسەر دەسەڵات لە نێوان لایەنە سوورییەکان، شۆڕشی سووریا لە ڕێگای ڕاستەقینەی خۆی لایداوە. قەیرانەکە تەنیا بە گفتوگۆی سوورییەکان (بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات)، بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەچاودێری ڕووسیا و ئەمریکا چارەسەر دەبێت.



## کۆچبەران کێشەی بیستنیان هەیە

ڕووداو – ستۆکهۆڵم

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک 40%ی ئەو کۆچبەرانەی لە کۆمۆنەکانی سیونە و تورشبی لە سوێد نیشتەجێن کێشەی بیستنیان هەیە. ئەمە بەپێی هەواڵێکی کەناڵی تەلەفزیۆنی سـوید لە ڤەرملاند (SVT Värmland) بەپێی هەواڵەکە دەکرێ شـەڕی سـووریا هۆکارێکی ئەم گرفتەبێت. مەحموود خوجە، یەک لە بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکەیە و خەڵکی سووریایە دەڵێت ژیانی ڕۆژانەیان لە سووریا پڕبوو لە تەقینەوە و بۆمباران، ژیانیان تا دەهات دژوارتر دەبوو، هەر بۆیە سووریایان بەجێهێشت". مەحمود دەڵێ لە کاتی تەقینەوەکاندا، زاری دەکردەوە و گوێی دەگرت بۆ ئەوەی گوشار لەسەر گوێچکەکانی دروست نەبێ.

# کوردێک دەیەوێ بە دڵێکی دەستکرد نۆبڵ بباتەوە

ڕووداو – ستۆکهۆڵم

کوردێکـی نیشـتەجێی سـوێد، وەک یەکێک لە باشـترین پزیشکەکانی ئەو وڵاتە، بەربژێرێکی بەهێزی خەڵاتی نۆبڵی داهاتووە، ئـەوە لەکاتێکدایە کە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەمسـاڵ بۆ ئەدەب، جوویەکی بە ڕەچەڵەک خەڵکی شـاری قارسـی باکووری کوردستان بوو.

هەرچەنـدە میدیاکانـی تورکیـا وایـان بڵاوکـردەوە کە بۆب دیلەن، براوەی خەڵاتی نۆبـڵ بۆ ئـەدەب بـۆ 2016 خەڵکی تورکیا بـووە. بـەڵام ڕۆهـات ئالۆکـۆم، لێکۆڵەری مێژوویـی کـە بـە ڕەچەڵـەک خەڵکـی ئەو ناوچەیەیـە باوانـی بۆب دیلەنـی لێ بووە و ئێسـتا لـە سـوێد دەژی، دەڵێـت "ماڵباتی دیلـەن جـوون و خەڵکـی ناوچەیەکـی کوردنشـینی تورکیـا بـوون. بنەماڵەکەیان پێش سـەد سـاڵ لەوێ نەماون و ڕوویان لە ئەمریکا کردووە".

ئالۆکـۆم بە (ڕادیۆی سـوێد)ی گوت "بۆ مـن و هەموو کـورد هەواڵێکـی خۆش بوو. بـۆب لـە جووەکانی ناوچەی کوردسـتانە و دیلەنیش پاشـناوێکی کوردییە. دیلەن خۆی دەڵێـت خەڵکـی شـارۆچکەی کاغزمانـە لە قارس".

بـەڵام بۆب خـۆی پێشـتر گوتوویەتی، پاشناوە هونەرییەکەی (دیلەن) لە شاعیری بەریتانـی دیلەن تۆمـاس وەرگرتووە کە زۆر سەرسام بووە پێی.

بەپێی گوتەی ئالۆکۆم، ئەوان لە هەرێمی سـەرحەد بـوون کـە هەرێمێکی هاوبەشـی باکووری کوردستان و ئێران و ئەرمەنستانە. نـەدا ئالـپ، دانیشـتووی سـتۆکهۆڵم کـە بەرەچەڵـەک لـە سـەرحەدی باکـووری کوردستان بووە و خۆیشی بە جوو دەزانێت، هەمـان بۆچوونـی هەیە و دەڵێـت "دەبێت کـورد لە هـەر چـوار پارچەی کوردسـتان شانازی بەوەوە بکات، جوویەکی ئەمریکی بە ڕەچەڵەک خەڵکی کوردسـتان، بووە براوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب".

دیلـەن خـۆی لـەم بارەیـەوە هیچـی نەگوتـووە، بـەڵام ئالپ و چەنـد کوردێکی دیکـە، بەرنامـەی ئەوەیـان هەیـە لەکاتی هاتنـی بۆب دیلەن لە مانگی دیسـەمبەر بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی، سەردانی بکەن و ئەو بابەتەی لەگەڵ باس بکەن.



د.ئازاد نەجار: پڕۆژەکەم بەربژێرێکی زۆر بەهێز دەبێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ

## توێژەرێکی سوێدی: پزیشکانی کورد شایستەی نۆبڵن

### دڵێکی کوردی بۆ نۆبڵ ئامادەیە

لـە نێـو بەربژێرانـی خەڵاتەکانـی نۆبڵی ئەمسـاڵ، تەنیا یەک بەربژێری کورد هەبوو، ئەویش کچە کـوردی ئێزدی نادیە موراد بوو کـە بەربژێر بـوو بۆ خەڵاتی ئاشـتیی نۆبڵ، بـەڵام ئـەو خەڵاتـە درایە سـەرۆک و گەلی کۆلۆمبیا.

هـەر لە ئێسـتاوە باسـێکی گـەرم هەیە کـە بۆ سـاڵی داهاتوو، پزیشـکێکی کوردی دانیشـتووی سـوێد ببێتە بەربژێری خەڵاتی نۆبڵ.

نۆرمـان ئیلیاسـۆن پزیشـک و لێکۆڵەری فسـیۆلۆژی دەڵێـت "پزیشـکانی کـورد لـە باشـترینەکانی وڵاتـن و داهێنانەکانیـان شایستەی خەڵاتی نۆبڵە".

د.ئازاد نەجار، پزیشـک و داهێنەری کورد لـە سـوێد، یەکێکە لە کاندیـدە بەهێزەکانی بـراوەی نۆبڵی سـاڵی داهاتوو کە پرۆسـەی وەرگرتن و پاڵاوتنە سەرەتاییەکان لە کۆتایی ئەمساڵ دەستپێدەکات.

د.ئازاد نەجار خەڵکی باشووری کوردستانە و پسـپۆڕی (urology) یـە، ئامـادە نەبوو لەسـەر بردنەوە یان نەبردنـەوەی خەڵاتەکە قسـە بکات، تەنیا گوتی "هـەر هیچ نەبێت، پڕۆژەکەم بەربژێرێکی زۆر بەهێز دەبێت".

پڕۆژەکەی د.ئازاد بریتییە لە دروستکردنی دڵێکی دەسـتکرد، لە ئەگەری سەرکەوتنیدا، ژیانی دەیان هەزار کەس لە جیهان دەپارێزێ.

د.ئـازاد چەنـد نهێنییەکـی پرۆژەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "لەسەر دەیان گیانلەبەر تاقیمانکردووەتەوە و سـەرکەوتوو بووە، تاوەکو ئێستا لە ژیاندان، پڕۆژەکەم بە سەرکەوتوویی لە تەواوبووندایە و بەم نزیکانە کۆتایی دێت. سـاڵی داهاتووش بۆ یەکەمجار دڵە دەستکردەکەم دەچێتە لەشی مرۆڤەوە".

د.ئـازاد زیاتـر لـە 16 سـاڵە کار لـەو پرۆژەیەدا دەکات. وەک داهێنەرێکی سوێدی، دەوڵـەت و دەیـان کۆمپانیـا پشـتگیریی دەکەن. سـەرچاوەیەکی ئاگادار لەو پرۆژەیە بە (ڕووداو)ی گوت "هەر لە ئێستاوە سەدان پشکی پرۆژەکە فرۆشراوە".

نۆرمـان ئیلیاسـۆن دەڵێـت "ئێـوە وەک کورد، مـن وەک سـوێدی و هەموومان وەک مرۆڤ، شـانازی بـە پرۆژەکەی د.ئـازادەوە دەکەین".

کـوردی سـوێد دەڵێن ئەوان شـانازی بە نادیـە موراد و داهێنەرانـی وەکو د.ئازادەوە دەکەن.

ئـازاد حەمەئەمیـن، نووسـەر و شـاعیر لـە سـتۆکهۆڵم بە (ڕووداو)ی گـوت "ئەوانە شـانازین بـۆ مرۆڤایەتی، بۆ ئێمـەش وەکو کورد".

## مردنی کچە کوردێک، مەسەلەی منداڵە دوورخراوەکان دەکاتە رۆژەڤ

# لە سوێد 800 منداڵی کورد لە خێزانەکانیان دوورخراونەتەوە

## سۆسیۆلۆژێکی سوێدی: لای دەوڵەت ژیانی منداڵەکە لە پێش هەموو شتێکەوەیە

ڕووداو– ستۆکهۆڵم

مردنـی کچـە کوردێک دوور لـە خێزانەکەی، هەمـوو ئەو دایک و باوکانەی تووشـی دڵەڕاوکێ کرد کە منداڵەکانیان لێ دوورخراونەتەوە. بەپێی ئاماری ڕێکخراوێک، لە سـوێد 800 خێزانی کورد هەن کە منداڵیان لێ دوورخراونەتەوە.

نزیکەی 11 سـاڵ لەمەوبەر، سـینا کە ناوی خـوازراوی کچێکـی کـوردە و کۆمۆنەکەی بۆی دانابـوو، بەهۆی کێشـەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لە دایکی دوورخرایەوە. سـینا ئەو کات تەمەنی 19 سـاڵان بوو، بەڵام چەند ڕۆژێک لەمەوبەر دایکی ئـاگادار کرایـەوە کـە کچەکەی مردووە. سـینا لەلایەن بنەماڵەکەیەوە هەر لە سوێد ئەسپەردەی خاک کرا.

بەپێی یاسـاکانی سوێد، هەر دایک و باوکێک لەگـەڵ منداڵەکانیـان، نەگونجێـن و کێشـە لـە نێوانیـان هەبێـت، ئـەوە منداڵەکانیـان لێ دووردەخەنەوە. بەگوێرەی قەبارە و ئاستی کێشە و ئاڵۆزییەکانیـان، بڕیار لەسـەر ئـەوە دەدرێت کـە چۆن و کـەی منداڵەکەیان ببینـن. تێیدایە لـە دوای ماوەیـەک جارجار بۆیـان هەیە یەکدی ببینن و هەندێکیشیان کە کێشەکانیان ئاڵۆزە، بە یەکجاری لە یەکدی دادەبڕێنرێن.

سـینا لە دایـک و باوکێکی کـوردی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لەدایک ببوو. باوکی سینا لە ڕووداوێکدا لە باشـووری کوردستان کوژراوە و ئەمیـش لەگەڵ دایکی ڕوویان کردووەتە سـوێد. سینا دوای ئەوەی بەهۆی کێشەیەکەوە لە دایکی دوورخراوەتـەوە، دایکی تەنیـا ئەوەندەی زانیوە کـە کچەکەی سـەلامەتە تا ئەو کاتـەی ئاگادار کراوەتـەوە کـە کچەکـەی مردووە و بـۆی هەیە تەرمەکەی وەربگرێتەوە.

ئەنوەر حوسێن کە کوردێکی دانیشتووی سوێد و خزمی سینایە بە (ڕووداو)ی گوت "سەربوردەی ئـەو خێزانـە لـەو ڕۆمانانە دەچێت کـە پڕن لە نەهامەتی و کۆتاییان نایەت".



بەپێی توێژینەوەیەک: زۆربەی ئەو کچانەی دوورخراونەتەوە کەسوکاریان ویستوویانە بەزۆر بەشوویان بدەن

### خێزانەکان ترسیان لێ نیشتووە

سـیروان دەلۆیـی سۆسـیۆلۆگ و کادری ئەو بوارە لە یەکێک لە کۆمۆنەکانی سـتۆکهۆڵم، بە (ڕووداو)ی گـوت "لە دوای ڕووداوەکەی سـینا، زۆر لـەو بنەماڵـە کوردانـەی منداڵەکانیـان لێ دوورخراوەتـەوە، تووشـی دڵەڕاوکـێ بوون و لە چارەنووسـی منداڵەکانیان دەترسن، ڕۆژانە ئەو جۆرە خێزانانە پەیوەندیم پێوە دەکەن".

تەنیـا کورد نیـن، پەیوەندی بە سـیروانەوە دەکـەن، بەڵکـو دەڵێـت "بیانییەکانـی دیکەی سـوێدیش لەوانە عەرەب و ئەفغانـی پەیوەندیم پێوە دەکەن و باسـی وردەکاریی کێشـەکانیانم بـۆ دەکـەن". هەروەهـا دەڵێـت "ئـەو بابەتـە بووەتـە مایـەی موعاناتێکی گەورە بـۆ خێزانە تاراوگەنشـینەکان، دەیان دایک و باوک تووشـی کێشەی دەروونی بوون".

کۆمەڵناسێکی سـوێدی بەرگری لە یاساکانی وڵاتەکـەی دەکات بۆ پاراسـتنی ئـەو منداڵانە و دەڵێت "لە لای حکومەتی سوێد ژیان و ئایندەی ئەو منداڵانە لەپێش هەموو شتێکەوەیە".

سـاگا سڤانسـۆن، کۆمەڵناسی سـوێدی بە (ڕووداو)ی گوت "خێزانەکان لەو یاسایانەی سوێد ناڕازین، لەوەش تێدەگەم کە لە ڕووی سۆزەوە بۆ ئەوان زەحمەتە، بەڵام لای دەوڵەت ژیانی گەنج و منداڵ، لەپێش هەموو بابەتێکی دیکەوەیە".

بـە گوتـەی سـاگا ئـەو کێشـەیە تەنیا پەیوەسـت نییە بە تاراوگەنشینان، بەڵکو لەنێو سوێدییەکانیشـدا هەیـە "ئـەم بابەتـە لـە نێو سوێدییەکانیش زۆرە، بەتایبەت بۆ منداڵانی خوار چوار سـاڵی، بەڵام لەنێو تاراوگەنشـینان زۆرتر هـەرزەکارەکان کێشـەیان لەگـەڵ خێزانەکانیان هەیە".

ساڵی 2012، ئەنجوومەنی گەنجانی سوێد کە فەرمانگەیەکی فەرمیی دەوڵەتە، ڕاپرسییەکی لە نێو بیانیانی سوێد کرد، دەرکەوت 77%ی کچانی بیانی، لە ژێر هەڕەشەی بەشوودان‌دان.

هـاژە ڕەحیمـی کـە یەکێـک بـوو لـە سەرپەرشـتیارانی ڕاپرسـییەکە و ئێسـتا لـە ڕێکخـراوی (KYEO) کار دەکات، بـە (ڕووداو)ی گوت "زۆر لە کەیسـەکان کوردن. لە ڕوانگەی ئەم فەرمانگەیـە و دەوڵەتـەوە، گەنجانی کورد تاوەکـو ئێسـتاش لەوانەن کە لەژێر هەڕەشـەی بە زۆر بەشـوودان و بەزۆر ژن بۆ هێناندان، هەر بۆیـە زۆربەی ئەو کچانـەی دوورخراونەتەوە لەو کچانە بوون کە کەسـوکاریان ویستوویانە بەزۆر بەشوویان بدەن".

هـاژە هەروەها دەڵێت "مەسـەلەکانی دیکەی وەک ئیش، هاتنە دەرەوە و هاوڕێیەتیش بە پلەی دووەم و سـێیەم لـەو هۆکارانەن کە کێشـەکان دەگەیەنێتە ئەوەی منداڵ و هەرزەکاران لە دایک و باوکیان دووربخرێنەوە".

ڕێکخراوی (KYEO) کە زیاتر لەسەر گەنج و نەوەی نوێی نەتەوە بیانییەکان کار دەکات، پاش توێژینەوەیەکی مەیدانی، بەو ئەنجامە گەیشتووە کـە نزیکەی 800 خێزانی کورد منداڵەکانیان لێ دوورخراونەتەوە.

هاژە ڕەحیمی دەڵێـت "ئەو منداڵانەی گەورە دەبن، خۆیان خواسـتیان هەیـە دووربکەونەوە، ئەمـەش بەهۆی هەڵە تێگەیشـتنی نێـوان دوو نەوەیە لە یەکدی".

## دایکێکی کورد: خەریکە بۆ باوەشێکی کچەکەم شێت دەبم

### پەشیمانە

دایکی لەنجە، کە کچەکەی لەماڵ دوورخراوەتەوە و ماوەیەکە تەنانەت بـۆی نییە بیبینێ، پەشـیمانە لەوەی خـۆی و مێردەکـەی ڕێگرییان لە کچەکەیـان کـردووە کار بکات. دایکـی لەنجە کە ماوەی سـێ مانگە کچەکـەی نەبینیوە و گوێی لە دەنگی نەبووە، دەڵێت "خەریکە شـێت دەبم بۆ باوەشـێکی". لەنجە، 17 ساڵ، کە ناوی خوازراوی کچەکەیە، بە (ڕووداو)ی گـوت "تەمەنم لەوە تێپەڕیوە دایک و باوکم دەسـت بخەنە ژیانمەوە، من تەنیا ویسـتوومە کار بکەم". گوتیشی "پێم خۆش نییە لە دووری ئەوان دەژیم، بەڵام ژیانی ئێستام باشترە".

ڕووداو
ژمارە (428)

## میره بە کوچە و کۆڵاناندا دەگەڕێ



**پشتیوان جەمال / ڕووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ شوان میره دوو بەرهەمی نوێی تۆمار کردووە کە یەکێکیان نوێکردنەوەی ئاوازێکی هونەرمەندی کۆچکردوو ئەحمەد شەماڵە.
شوان میره بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە "لە خۆشەویستیم بۆ بەرهەمەکانی هونەرمەندی کۆچکردوو مامۆستا ئەحمەد شەماڵ، لەسەر ئاوازی بەرهەمێکی ئەو هونەرمەندە، گۆرانییەکی نوێمان ئامادەکرد لە هۆنراوەی خالید مەجید فەرەج بەناوی کوچە و کۆڵان، ئەو بەرهەمە لەگەڵ تیپی موزیکی مەحوی تۆمار کراوە، ئێستا وا کلیپی بۆ دەکەن". بەرهەمی دووەمی میره، بەناوی (تەدارەک بێ) کە بەرهەمێکی فۆلکلۆرە و لەگەڵ تیپی موزیکی فۆلکلۆری کورد تۆماری کردووە و بەم نزیکانە کلیپەکەی بڵاودەکرێتەوە. پێشتریش میره گۆرانی هەنارەی گوتووە کە هۆنراوەی ئەحمەد شەماڵ و ئاوازی فۆلکلۆر بوو.

## هونەرمەند عەزیز شاروخ بۆ (ڕووداو):

# حەز ناکەم سەردانی هەرێمی کوردستان بکەمەوە



هەتا باوکی لە ژیاندا بووە نەیهێشتووە گۆرانی بڵێت، چونکە نەیویستووە کوڕەکەی ببێتە "چاوەش".
هونەرمەند عەزیز عەبدوڵڵا، ناسراو بە عەزیز شاروخ، ساڵی 1938 لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. هەر لەوێش خوێندنی ناوەندیی تەواو کردووە، پاشان پەیمانگەی مامۆستایانی لە ورمێ تەواو کردووە و دوای سێ ساڵ بووەتە مامۆستا لە شاری مهاباد.
شاروخ خاوەنی چەندین گۆرانی دانسقەیە و دەمێکە هیچ بەرهەمێکی بڵاونەکردووەتەوە. ئەو دەڵێت کۆمەڵێک گۆرانیی ئامادەن و بەنیازە بڵاویان بکاتەوە. ئەو ئێستا لە شاری مهاباد نیشتەجێیە و (ڕووداو) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ کرد.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: با لە ناسناوی (شاروخ)ەوە دەست بە پرسیار بکەین، شاروخ بە مانای چی دێت؟**
**عەزیز شاروخ:** کاتی خۆی باوکم کە چووەتە دائیرەی سەبت و ئەحوال بۆ دەرهێنانی ناسنامە، کارمەندێکی دائیرەکە پێیگوتووە چ ناسناوێکت بۆ دابنێین، ئەویش گوتوویەتی بە ئارەزووی خۆتان دایبنێن. کارمەندەکەش ناوی شاروخی بۆ داناوە، واتە ڕووی جوان، شا ڕوو.
**ڕووداو: لە کەیەوە دەستت بە کاری هونەری کرد؟**
**عەزیز شاروخ:** سەرەتا باوکم پێیخۆش نەبوو گۆرانی بڵێم، چونکە پێیوابوو ئەوەی گۆرانی بڵێت دەبێتە چاوەش. بۆیە دوای کۆچی دوایی باوکم دەستم بە گۆرانیگوتن کرد، کاتێکیش لە زیندان بووم هەواڵی کۆچی دوایی باوکم و برایەکم پێگەیشت.
**ڕووداو: بۆچی لە زیندان بووی؟**
**عەزیز شاروخ:** ساڵانی شەستەکان بۆ ماوەی سێ ساڵ مامۆستا بووم، ئەوکات دەگەڕام کۆمەکم بۆ شۆڕشی ئەیلول کۆدەکردەوە، بە تاوانی کۆکردنەوەی کۆمەک، لە شاری مهاباد دەستگیرکرام و ڕەوانەی شاری تاران کرام، بۆ ماوەی سێ ساڵ بەند کرام و دوای ئازادبوونیشم 10 ساڵ نەمتوانی بڕۆمەوە سەر کارەکەم، ئیشم دەکرد. پاشان چوومە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ئەوەی لەوێ درێژە بە کارەکەم بدەم، بەڵام لە وەزارەتیش دیسانەوە بە تاوانی پەیوەندی سیاسی دەرکرام، لە کاتێکدا پەیوەندیم بە هیچ حیزبێکەوە نەبوو.

### 400 گۆرانیم تۆمار کردووە

### من گۆرانیبێژی مەجلیسەکان نیم

**ڕووداو: گوتت باوکت ڕێگر بووە لەوەی کاری هونەری بکەی، ئەی دوای ئازادبوونت لە زیندان کە 10 ساڵیش کارت کردووە، کاری هونەریت نەکرد؟**
**عەزیز شاروخ:** دوای ئازادبوونم سەرقاڵی کشتوکاڵ و کاری دیکە بووم. دوای دامەزراندنی تەلەفزیۆنی مهاباد پێویستیان بە کارمەند بوو، منیش داواکاریم پێشکەش کرد بۆئەوەی لەوێ کار بکەم، چوومە کێبڕکێ و قبوڵیش کرام، بەڵام دەزگای ئەمنیی ئەوکاتەی ئێران لە سەردەمی شا کە ساواکیان پێدەگوت، نەیهێشت کار بکەم لەبەرئەوەی تازە لە زیندان ئازادکرابووم و دۆسیەم هەبوو، بەڵام دواتر بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنەکە بانگی کردمەوە و پێیگوتم جارجار گۆرانی تۆمار بکە.
**ڕووداو: کەواتە کەی یەکەم بەرهەمت بڵاوکردەوە؟**
**عەزیز شاروخ:** لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەستم پێکرد، تاوەکو ئێستا نزیکەی 42 کاسێتم بە بەرهەمی خۆم و ئاهەنگەکانەوە هەیە کە زیاتر لە 400 گۆرانین.
**ڕووداو: لە بنەماڵەی ئێوەدا هیچ هونەرمەندی دیکە هەڵکەوتن؟**
**عەزیز شاروخ:** وەکو بنەماڵە هەموومان دەنگمان خۆش بوو بەتایبەتیش برا گەورەکەم، بەڵام تەنیا من هاتمە نێو بواری هونەر، خەڵک دەنگی منیان پێ خۆش بوو.
**ڕووداو: زۆرتر کاریگەریی کام هونەرمەندت لەسەر بوو؟**

### ساواک نەیهێشت لە تەلەفزیۆنی مهاباد کار بکەم

### تاوەکو باوکم نەمرد گۆرانیم نەگوت


**عەزیز شاروخ:** کاتی خۆی لە ڕێگەی قەوانەکانییەوە گوێم لە مامۆستا سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی دەگرت و سوودم لێوەرگرت. دواتریش گوێم لە دەنگی تاهیر تۆفیق و حەمەساڵح دیلان و حەسەن جەزراوی دەگرت.
**ڕووداو: دەڵێن زۆربەی گۆرانییەکانت لە ئاواز و هۆنراوەی خۆتن؟**
**عەزیز شاروخ:** ڕاستە، گۆرانی فۆلکلۆرم گوتوون، بەڵام زۆربەی هۆنراوە و ئاوازی گۆرانییەکان خۆم دامناون، چونکە هونەر هەستە، بۆ نموونە شاعیر ئەگەر هەستێکی تێدا نەبێت، هەزاران هۆنراوەی کلاسیکیش بخوێنێتەوە ناتوانێت هۆنراوەیەک دابنێ.
**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات چۆن بوو؟**
**عەزیز شاروخ:** شێوەی ژیانی من لەگەڵ هەموویاندا جیاوازە، کەسێک نەبووم بڕۆمە هیچ مەجلیسێک بۆ گۆرانیگوتن، تەنیا بۆ هەست و دڵ و بیروباوەڕی خۆم گۆرانیم گوتووە.
**ڕووداو: کەواتە کەسێکی گۆشەگیر بوویت؟**
**عەزیز شاروخ:** بەڵێ زیاتر گۆشەگیر بووم، چونکە گۆرانیم بۆ ناوبانگ نەگوتووە. تەنیا ئامانجم ئەوە بووە ئەو هەستەی لە دەروونمدایە دەریبڕم و بمێنێتەوە.
**ڕووداو: پێشتر سەردانی هەرێمی کوردستانت کردووە، ئەگەر بانگهێشت بکرێی سەردانی دەکەیتەوە؟**
**عەزیز شاروخ:** پێمخۆش نییە جارێکی دیکە بچمەوە.
**ڕووداو: بۆچی؟**
**عەزیز شاروخ:** ئیدی پێمخۆش نییە.
**ڕووداو: ساڵانێکی زۆرە بێدەنگیت، وازت لە کاری هونەری هێناوە؟**
**عەزیز شاروخ:** نەخێر، ئێستاش نزیکەی 15 گۆرانیم ئامادەیە، بەڵام هێشتا تۆمارم نەکردوون.

### 36 ساڵە کاسێت دەفرۆشێ

لە شاری مهاباد لە هەر کەسێک بپرسی دوکانەکەی عەزیز شاروخ لە کوێیە، پێتدەڵێت لە شەقامی وەفاییە. عەزیز شاروخ سەرەڕای کارە هونەرییەکەی، بە پەیداکردنی بژێوی ژیانیشی سەرقاڵە، ئەویش لە ڕێگەی فرۆشتنی کاسێت و سیدیی گۆرانی. عەزیز شاروخ کە پێشتر بەهۆی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە لە پیشەکەی (مامۆستایەتی) دوورخراوەتەوە، دەڵێت "نزیکەی 36 ساڵە دوکانی فرۆشتنی کاسێتم داناوە و بژێوی ژیانمی پێ دابین دەکەم".

## هونەرمەند هۆشیار حەمەفەرەج بۆ (ڕووداو):

# یەکەمین گۆرانیم بۆ کیمیابارانی هەڵەبجە بوو



ناوێکی دیارە لە شارەکەی خۆی و لە کوردستانیش ئەگەرچی تەنیا یەک ئەلبوومی گۆرانی هەیە. زۆرتر گۆرانییەکانی سینگڵن چونکە دەڵێت لەکاتی گەڕانەوەی بۆ کوردستان تەنیا فریای تۆمارکردنی گۆرانیەک دەکەوێ. وشیار حەمەفەرەج بەنیازە ئەلبوومی دووەمی گۆرانییەکانی بڵاوبکاتەوە و کانی شێخی هەڵەبجە بیر هەڵەبجەییەکان بهێنێتەوە کە جێژوانی عاشقان بووە.
هۆشیار حەمەفەرەج، ساڵی 1960 لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە، ئامادەیی پیشەسازی تەواو کردووە، وەکو زۆربەی هەڵەبجەییەکان کیمیابارانی هەڵەبجەی بە چاوی خۆی بینیوە. ئەو ئێستا لە کوردستانە و سەرقاڵی ئەلبوومێکی نوێیە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارەکانی ئەلبوومەکەی دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: بەچاوی خۆت کیمیابارانی هەڵەبجەت بینی، لەو باوەڕەدا بوویت ڕزگارتان ببێت؟**
**هۆشیار حەمەفەرەج:** لەو ڕۆژەدا کۆڵانەکان پڕ بوون لە تەرم، ئێمەش بەپێی ئاراستەی هەواکە شەڕمان لەگەڵ مەرگ دەکرد و دەبوو بەپێچەوانەی هەواکە هەوڵی خۆڕزگارکردن بدەین، ڕزگاربوون لەو کارەساتە دەکەوتە سەر شانس و ئاراستەی هەوا، ئەگەرنا خۆڕزگارکردن لە ئازایەتی و لە ڕاکردندا نەبوو.
**ڕووداو: هیچ ئەندامێکی خێزانەکەت لەو ڕووداوەدا لەدەستچوو؟**
**هۆشیار حەمەفەرەج:** لە خێزانەکەم نا، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ئامۆزا و پوورزاکانم شەهید بوون.
**ڕووداو: دەستپێکی کاری هونەریت بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە؟**
**هۆشیار حەمەفەرەج:** لە کۆتایی حەفتاکانەوە لەگەڵ تیپی موزیکی شنروێ کاری هونەریمان دەکرد، بەڵام بۆ تەلەفزیۆن نەبوو. دوای کارەساتی هەڵەبجە ئاوارەی ئێران بووین، کە لە ئێرانیش گەڕاینەوە هێشتا بەعس مابوو، بۆیە نەمدەتوانی کاربکەم، بەڵام دوای ڕاپەڕین یەکەمین بەرهەمم لە تەلەفزیۆن بڵاوکرایەوە کە گۆرانییەک بوو بۆ هەڵەبجە بەناوی (هەڵەبجە- هیرۆشیما).
**ڕووداو: ئەو سەردەمە زۆرتر کاریگەریی کێتان بەسەرەوە بوو بۆ کاری هونەری؟**

### ئەگەر گوێگران لێم ڕازی نەبن واز لە گۆرانیگوتن دێنم

### کاریگەریی هەورامان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانم لەسەر بوو

**هۆشیار حەمەفەرەج:** ئەو کاتە بە سوپاسەوە ئازاد ساڵح، وەکو سەرپەرشتیاری تیپی هونەریی شنروێ تیپەکەی دروست کرد، بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی هەڵەبجەش لەبەرئەوەی لە هەورامان و ڕۆژهەڵاتەوە نزیکە، ڕەنگە کاریگەری ئەو دوو ناوچەیەمان لەسەر بێت.
**ڕووداو: ئەی خۆت لەژێر کاریگەریی کێدا بوویت؟**
**هۆشیار حەمەفەرەج:** زیاتر کاریگەری سروشتی هەڵەبجەم بەسەرەوە بووە، چونکە وەکو دەنگم نە هەورامییە و نە سۆرانییەکی تۆخە.
**ڕووداو: زۆربەی کارە هونەرییەکانت لەگەڵ تیپی شنروێ بوو، تیپ نەبوو، یاخود سروشتی کارەکەت لەگەڵ ئەوان دەگونجا؟**
**هۆشیار حەمەفەرەج:** لە زۆربەی فێستیڤاڵ و کارەکانی تەلەفزیۆنەکاندا لەگەڵ ئەو تیپە کارم کردووە، هاوڕێی ئەندامانی تیپەکە بووم و زۆریش تێکەڵ بووین، من گۆرانییەکانم بۆ کاک ئازاد ساڵح دەبرد، ئەویش ئامادەکاریی بۆ دەکردن، بەڵام جگە لە ئەوان، کارم لەگەڵ تیپەکانی دیکەشدا کردووە.
**ڕووداو: هەر لە سەرەتاوە بە چ ستایلێک گۆرانیت گوتووە، ئێستاش هەر ئەو ستایلەیە، چۆنە نەتگۆڕیوە؟**
**هۆشیار حەمەفەرەج:** دەبێت گوێگر بڕیار لەسەر بەرهەمەکان بدات کە تا چەندێک ئەو ستایلەیان پێ باشە، بۆ ڕێچکەکەش ئەگەر توانیبێتم ڕێچکەی تایبەتی خۆم گرتبێتە بەر و گوێگر هەستیان پێکردبێت، سوپاسیان دەکەم.
**ڕووداو: مەبەستم ئەوەیە چۆن توانیوتە ئەو ڕێچکەیە بپارێزی؟**
**هۆشیار حەمەفەرەج:** لەبەرئەوەی زۆربەی ئاوازەکان خۆم دایدەنێم، گوێ لە گۆرانی نەتەوەکانی دیکەش دەگرم، بەڵام نەمویستووە لە شێوازی خۆم لابدەم.
**ڕووداو: ئێوە لە ناوچەی هەورامانەوە نزیکن و ئەوانیش لە بواری هونەریدا زۆر دەوڵەمەندن، هەوڵت نەداوە سوودیان لێوەربگری؟**
**هۆشیار حەمەفەرەج:** هەوڵمداوە سوودیان لێوەربگرم، بەڵام ناتوانین وەکو هەورامییەک گۆرانی بڵێین، چونکە ئەو تۆنەی لە قوڕگی ئەوان دەردەچێ، کەس ناتوانێت وەکو ئەوان بیڵێ و لاساییان بکاتەوە.
**ڕووداو: لە ساڵانی ڕابردوودا شەپۆلی هونەریی وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەتی تورکی تێکەڵی هونەری کوردی بوو، بەڵام هێشتا بەرهەمەکانی هونەرمەندانی وەک ئێوە گوێگریان ماوە، تۆ ئەوە چۆن دەبینی؟**
**هۆشیار حەمەفەرەج:** ڕەنگە هۆکارێکیان ئەوە بێت بەرهەمەکانمان ڕۆحیەتێکی کوردی تێدایە، بەڵام زۆربەی گۆرانییە تازەکان کاریگەرن بە موزیکی تورکی و ئێرانی، ئێمە میللەتێکین کولتوور و فەرهەنگی خۆمان هەیە و خەڵکیش وریایە، دەزانێت کام دەنگانە دەڕۆنە نێو ڕۆحییەوە، بۆیە لەو باوەڕەدا نیم ئەو شەپۆلانە تا کۆتایی بڕۆن، بەڵکو ئەو گۆرانییانەی کە زیاتر بۆنی کوردییان لێدێت دەمێننەوە.
**ڕووداو: لەو سەردەمەدا کە هونەریش بەرەو بە جیهانیبوون دەچێت، لەو باوەڕەدای ئەو شێوازەی ئێوە گۆرانی پێدەڵێن تا سەر باوی بمێنێ؟**
**هۆشیار حەمەفەرەج:** من گۆرانی بۆ خەڵک دەڵێم، ئەگەر لێم ڕازی بن بەردەوام دەبم و ئەگەریش لێم ڕازی نەبن واز دێنم بۆ ئەوەی میزاجیان تێکنەدەم. ئەوەندەی زانیومەتەوە، هەست دەکەم کاردانەوەی خەڵک بۆ گۆرانییەکانم باشن و ئەو شێوازی گۆرانی گوتنەی منیان بەلاوە خۆشە، هەر ئەوەشە توانای بەردەوامبوونم پێدەدات.
**ڕووداو: تەنیا یەک ئەلبوومت هەیە، بۆچی زۆرتر گۆرانی سینگڵت هەیە؟**
**هۆشیار حەمەفەرەج:** ئەوە ڕاستە، چونکە لەگەڵ گەڕانەوەم بۆ کوردستان گۆرانی تاکم بڵاوکردووەتەوە لەبەرئەوەی نەمتوانیوە بۆ ئەلبووم زۆر بمێنمەوە، هەم کات و بودجەی زۆری دەوێت. جگە لەوەش گۆرانیی تاک زووتر بە دەستەوە دێت و لە گوێگریش دانابڕێی و زووتریش کاردانەوەم بۆ دێتەوە.

### نهێنیی کانییەکەی شێخ

هۆشیار حەمەفەرەج، کە خێزاندارە و باوکی دوو منداڵە، 20 ساڵە لە ئەوروپا دەژی. بەنیازە لە کۆتایی ئەمساڵ دووەمین ئەلبوومی خۆی بڵاوبکاتەوە. هۆشیار حەمە فەرەج زانیاری لەبارەی ئەلبوومە نوێیەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "ئەلبوومە نوێیەکەم حەوت گۆرانییە و تەواوبوون. ئەلبوومەکە بە ناوی کانی شێخە کە یەکێکە لە کانییە جوانەکانی هەڵەبجە، کاتی خۆی ئێواران جێژوانی عاشقان بووە، بەڵام ئێستا بووەتە خانوو، منیش ویستم بیری خەڵکی بهێنمەوە".
گوتیشی "پێش کۆتایی ئەمساڵ ئەلبوومەکە بڵاودەکەمەوە و دوو گۆرانیشم لێ کلیپ کردووە".




LEGACY
CONSTRUCTION

## کارەبا ژنێکی کوشت

ڕووداو- ڕانیە

پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند، بەهۆی تەزووی کارەباوە ژنێک لە ڕانیە گیانی لەدەستداوە. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی پۆلیسی ڕانیە ڕۆژی 2016/10/15 ژنێکی 44 ساڵ، بەنێوی (خ.ئا.ح) دانیشتووی گەڕەکی ڕزگاری ڕانیە، بەهۆی دەستکاریکردنی ماتۆڕی ئاوی ماڵان، کارەبا گرتوویەتی و گیانی لەدەستداوە .بەپێی ڕاگەیێندراوەکە ئەو ژنە سەرقاڵی شووشتنی سەربانی ماڵەکەیان بووە، بەهۆی تەزووی کارەبای ماتۆڕی ئاوی ماڵان، گیانی لەدەستداوە. پۆلیسی ڕاپەڕین دەڵێت "دوای گەیشتنی مەفرەزە و تیمی لێکۆڵینەوە لە بەڵگەکانی تاوان و ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی، تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کرا، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".



# پێداویستی قوتابخانەیان بۆ نەکڕی و خۆی خنکاند



پشتیوان جەمال
ڕووداو- کەرکووک

کچە قوتابییەکی دانیشتووی شاری کەرکووک لە ماڵەکەی خۆیاندا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. کەسوکارەکەی هۆکاری خۆکوشتنی ئەو کچەیان بۆ پۆلیس ڕوونکردووەتەوە و گوتوویانە داوای پێداویستیی خوێندنی کردووە، بەڵام نەیانتوانیوە بۆی بکڕن، بۆیە خۆی خنکاندووە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/10/10 کچە قوتابییەک بەنێوی (بەنین.ن) دانیشتووی گەڕەکی موسەڵلای شاری کەرکووک، کە لە پۆلی چواری دواناوەندی بوو، خۆی خنکاند.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی ئازادی کە لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە دەکەن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کچە دوو پارچە قوماشی لێک گرێداوە و بە شوێنی پانکەی ژوورێکی ماڵەکەیاندا قایمی کردووە و خۆی پێ خنکاندووە.

ئەو سەرچاوەیە بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان گوتی "بەقسەی باوکی، کچەکەی داوای هەندێک پێداویستیی خوێندنی کردووە، ئەویش بەهۆی خراپیی باری ئابووری، تەنیا توانیویەتی هەندێکی بۆ بکڕێت، بۆیە کچەکە خۆی خنکاندووە".

دراوسێیەکی ماڵی بەنین، قسەکانی پۆلیسی پشتڕاست کردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "کچەکە داوای جل و کتێب و پێداویستی دیکەی خوێندنی کردووە، بەڵام باوکی باری ئابووری باش نییە و نەیتوانیوە بۆی بکڕێ".

گوتیشی "خێزانێکی بێدەنگن، لەو باوەڕەدا نین کێشەیان هەبووبێت، بەڵام باری ئابوورییان باش نییە و لە خانووی کرێدان".

پرسەی بەنین لە ماڵی خاڵی بوو لە گەڕەکی قادسیەی شاری کەرکووک، (ڕووداو) سەردانی کردن و هەوڵی دا ڕایان وەربگرێت، سەرەتا باوکی ئامادەبوو قسە بکات، بەڵام دواتر لەلایەن چەند کەسێکی بنەماڵەکەیانەوە پەشیمان کرایەوە.

خۆکوشتنی بەنین، دەنگدانەوەی زۆری لە نێو خەڵکی کەرکووکدا هەبووە. جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی ژنان و منداڵ لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکانی پۆلیس، ئەو ماڵە خەڵکی دوزن و ئاوارەی کەرکووک بوون. باری ئابوورییان خراپە، بۆیە داوایان لە کچەکەیان کردووە واز لە خوێندن بهێنێ، بەڵام کچەکە حەزی لە خوێندن بووە و نەیویستووە وازبهێنێ".

بە گوتەی جوان، باوک و دایکی بەنین بە کچەکەیان گوتووە ئەگەر واز لە خوێندنەکەی نەهێنێ، ناتوانن پێداویستی خوێندنی بۆ دابین بکەن، ئەویش گوتوویەتی کە بەردەوام دەبێ لەسەر خوێندنەکەی، هەفتەیەکیش دەوامی کردووە، بەڵام دواتر خۆی خنکاندووە، بۆیە جوان حەسەن پێیوایە جگە لە هۆکاری ئابووری هیچ هۆیەکی دیکە لە پشت خۆخنکاندنی ئەو کچەوە نییە.

جوان حەسەن دەڵێت کێشەی ئەو کچە دەکرا چارەسەر بکرێ بەبێ ئەوەی پەنا بۆ خۆکوشتن ببات، بەڵام دەڵێت "فیلمی دۆبلاژکراو و وەرگێڕدراو کە لە کەناڵە نێوخۆیی و ئاسمانییەکان پەخش دەکرێن، خۆکوشتنیان لەلای کچان و ژنان ئاسایی کردووە".

### 80%ی ئەوانەی خۆیان دەکوژن گەنجن

چێنەر سیروان، توێژەری دەروونی لە شاری کەرکووک، دەڵێت بەپێی توێژینەوە جیهانییەکان 80%ی ئەوانەی خۆیان دەکوژن تەمەنیان لە نێوان 15- 25 ساڵاندایە.

سەبارەت بە خۆخنکاندنی ئەو کچە، چێنەر دەڵێت "ئەو خێزانە لەلایەک ئاوارەن، لەلایەکیش باری ئابوورییان باش نییە، ئەوە کاریگەریی زۆری لەسەر کچەکە هەبووە بۆیە پەنای بۆ خۆخنکاندن بردووە".

بە گوتەی چێنەر، هۆکارە ئابوورییەکە پلەی یەکەمە بۆ خۆخنکاندنی ئەو کچە. بەڵام دەڵێت "ڕێگایەکی هەڵەی هەڵبژاردووە، دیارە نەیدەزانی دوای خۆی چ کاریگەرییەکی خراپ لەسەر خێزانەکەی جێدەهێڵێ".

# کەمپینێک لەدژی بەشوودانی منداڵان ڕادەگەیەنرێت

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان دەست بە کەمپینێک دەکات بۆ ڕێگری لە بەشوودانی کچانی خوار تەمەن 18 ساڵ و کەمپینەکەش ماوەی ساڵێک بەردەوام دەبێت.

"نا بۆ بەشوودانی منداڵان" ناوی کەمپینەکەیە کە ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان لەگەڵ ڕێکخراوی UNFPA ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و چەند وەزارەتێکی پەیوەندیدار و هاوکات بە هاوکاریی چەند ڕێکخراوێکی لۆکاڵی بەڕێوەی دەبەن. کەمپینەکە ڕۆژی 2016/10/16 دەستی پێکرد.

ئەمەل جەلال، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەساڵی 2013ەوە لەگەڵ ڕێکخراوی UNFPA سەرقاڵی ئەو پرۆژەیەن. ساڵی ڕابردووش سێ مامۆستای زانکۆ توێژینەوەیان لەسەر 62 ژن کردووە کە لە خوار 18 ساڵییەوە بەشوودراون.

ئەمەل گوتی "ئەو هاوسەرگیرییە پێشوەختە بەشێکی پەیوەندی بە ناهۆشیاریی کۆمەڵایەتی خێزان و کچەکانەوە هەیە، یان باری دارایی و چاولێکەری، بەشێکیشی ئەو ئاوارە و پەنابەرانەن کە هاتوونەتە کوردستان و لە دۆخێکی نالەباردان".

وەکو ئەمەل گوتی، بەهاوکاریی وەزارەت و ڕێکخراوەکان پلانێکی تۆکمەیان بۆ ئەو مەبەستە دارشتووە "هەر وەزارەتێک تیمی تایبەتی ئامادە کردووە کە مەترسییەکانی زوو بەشوودان ڕوون دەکەنەوە، ئێمەش جگە لە بەدواداچوون بۆ کاری وەزارەتەکان، لەڕووی ڕاگەیاندنەوە چالاکی دەکەین، جگە لەوەش لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان پاڵپشتی داراییمان پەیدا کردووە".



### بەرپرسی ڕێکخراوێکی ژنان:
### زۆربەی ئەو کچانەی لە کەمپەکان بەشوودەدرێن 18 ساڵیان تەواو نەکردووە

### "بووەتەچاولێکەری"

ئەمەل جەلال، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بەدووری زانی کە شووکردنی پێشوەختە بووبێتە دیاردە و گوتی "هەموو دیاردەیەک لە حاڵەتەوە دەست پێدەکات، بۆیە پێویستە پێش ئەوەی ببێتە دیاردە، کۆنترۆڵی بکەین".

بەڵام عیزەددین عەبدوڵڵا کە ئەندامی لیژنەی ئاشتەواییە بۆ کێشە خێزانییەکان لە دادگای هەولێر، گوتی "بەشوودانی کچانی منداڵکار نەک بووەتە دیاردە، بەڵکو بووەتە چاولێکەری و ڕۆژانە چەندین کەیس دەبینم".

بە بۆچوونی عەبدوڵڵا، کەسوکاری کچەکان هۆکارن بۆ بەشوودانی پێشوەخت "کەسوکاریان دەڵێن خەڵک لە پێش ئێمەوە منداڵی بە شووداوە، زۆرجاریش بیانووی خراپیی باری ئابووری بۆ بەشوودانیان دێننەوە".

### "دادگا ناتوانێت ڕەتی بکاتەوە"

عیزەددین عەبدوڵڵا ڕاوێژکاری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کە نوێنەری فەرمانگەکەیەتی لەو هەڵمەتەدا، باسی لایەنە یاساییەکانی بەشوودانی کچانی کرد و گوتی "لە عێراق کوڕان و کچان لە هەر شوێنێک بێت دەتوانن گرێبەستی هاوژینی بکەن، بۆیە ئەگەر ئەو کوڕ و کچە لە دەرەوەی دادگا لای مامۆستای ئاینی گرێبەستیان کردبێت و لە دادگاش هەردووکیان ڕازی بوون، دادوەر ناتوانێ گرێبەستەکە هەڵوەشێنێتەوە، بەڵکو تەنیا دەتوانێ سزای (مادی یان بەندکردن)یان بدات لەسەر ئەوەی لە دەرەوەی دادگا گرێبەستیان کردووە".

### پەرلەمان زیادی کرد

بەپێی یاسای باری کەسێتی عێراق ژمارە 188ی ساڵی 1959 ، بە سێ شێواز باسی بە شوودانی کچان کراوە. ئەوانەی 18 ساڵیان تەواوکردووە. هەروەها ئەوەی 14 ساڵی تەواو کردبێت و بەرەزامەندی وەلییەکەی و بۆ حاڵەتی "زۆر پێویست" دەتوانێت بەشوو بدرێ. هەر کچێک 15 ساڵی تەواوکردبێ، لەڕووی جەستەیی و ئەقڵیشەوە تەواوبێت، بۆی هەیە بە ڕەزامەندی وەلییەکەی شوو بکات. بەڵام پەرلەمانی کوردستان ساڵی 2008، هەندێک لە بڕگەکانی ئەو یاسایەی هەموار کرد. بەپێی هەموارەکە تەمەنی ڕێپێدراوی کچان بۆ شووکردن 16 ساڵە.

### لە کەمپەکاندا زۆرە

دەگوترێ بەشێک لەو هاوسەرگیرییە پێشوەختانە لە کەمپی ئاوارەکانە. بەڵام سۆزان سەفەر، سەرۆکی ڕێکخراوی داک بۆ پرسی ژن لە کەمپەکان بێئاگایی خۆی لەو هەڵمەتە ڕاگەیاند، ئەو گوتی شووکردنی پێشوەختەی کچان لە کەمپەکان هەیە "شووکردنی پێشوەختە لەنێو کەمپەکاندا لە شووکردنی سەرووی 18 ساڵ زۆرترە، هەندێکی ئەوانە بەهۆی خراپیی باری ئابووری، یان نا هۆشیارییە، یاخود دابونەریتە".

تەها حوسێن، پسپۆڕی دەروونی لە شاری سلێمانی زۆر لەو ژنانەی بینیوە کە لە تەمەنی هەرزەکاریدا شوویان کردووە و گوتی "زۆربەیان بەهۆی خراپیی باری ئابووری و لەدەستدانی ئەندامانی خێزانیان بووە. زۆربەشیان پەشیمانن، چونکە بەو هۆیەوە تووشی کێشەی تەندروستی و ئازاری دەروونی بوون، یان نەیانتوانیوە خوێندن تەواو بکەن". هەروەها دەڵێت "کچ هەبووە بە زۆر بە شوودراوە، بۆ باوکی ژنبەژنەی پێکراوە".



## سێ مێردمنداڵ دەستگیردەکرێن

**ڕووداو– سۆران**

نەقیب هاوار ئەرگووشی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند شەوی 2016/10/15 لەلایەن خاوەن ماڵێک لە گەڕەکی جوندیانی شـاری سـۆران پۆلیس ئاگادارکراونەتەوە کە سێ مێرمنداڵ چوونەتە ماڵێک.لە کاتی هاتنە دەرەوەی ئەو مێرمنداڵانە لە ماڵەکە دەستگیرکراون و چەقۆیشیان پێبووە، لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایشدا دانیان بەوەدا ناوە کە لەگەڵ کوڕی ماڵەکەدا کێشەیان هەبووە و ویستوویانە بیکوژن و دزیش لە ماڵەمە بکەن، بەڵام ئەو کاتەی بۆ ئەو مەبەستە ڕۆیشتوون کوڕەکە لە ماڵەوە نەبووە. ئەو سێ مێردمنداڵ بە بڕیاری دادوەر و بەماددەی 443 ڕاگیراون.

# تەقەی لە ماڵی خەزووری کرد و کوژرا

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– هەولێر**

ژنەکـەی محەممەد بە تۆمەتی تەقەکردن لـە ماڵـی کەسـوکاری، سـکاڵای لـە دژی مێردەکـەی تۆمـار کرد، بەڵام کەسـوکاری نەوەسـتان تاوەکو پۆلیس بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکە بکات و یەکسەر کوشتیان.

ڕۆژی 2016/10/8 لە گوندی مێرخوزاری سەر بە ناحیەی قوشتەپە، پیاوێکی تەمەن 34 سـاڵ بەنـاوی محەممەد سـابیر، باوکی سـێ کـچ، لەلایـەن ماڵـە خەزووڕانیـەوە لەبەردەم ماڵەکەیدا کوژرا.

ڕائیـد هۆگـر عەزیـز، گوتەبێـژی بەڕێوەبەرایەتـی پۆلیسـی پارێزگای هەولێر بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، بەپێـی گوتـەی کەسـوکاریان، ڕۆژی پێشـتر دەمەقاڵـێ لە نێوانیـان محەممەد و هاوژینەکەی دروسـت بووە، محەممـەد هاوژینەکـەی بردووەتەوە گوندەکەیـان (گردعازەبـان)، لـەوێ چەند گوللەیەکـی بە ئاراسـتەی ماڵـی ژنبرایەکی تەقاندووە و گەڕاوەتـەوە گوندەکەی خۆی. دواتر ماڵی باوکی ژنەکە، لە بنکەی پۆلیسی شەمامک سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە.

سـەرەڕای تۆمارکردنـی سـکاڵا، بـەڵام ژنبراکانـی محەممـەد بـەوە نەوەسـتان و هێرشـیان کـردە سـەر ماڵەکـەی. ڕائیـد هۆگر گوتی "سـێ برای ژنەکـە، هاتوونەتە گونـدی مێرخـوزار و لـەوێ تەقەیـان لـە ماڵـی محەممەد کردووە و بەو هۆیەشـەوە محەممەد کوژراوە".

دانیشـتوویەکی گونـدی مێرخـوزار کـە نەیویسـت ناوی بڵاوبکرێتـەوە بە (ڕووداو)ی گـوت "دەڵێـن محەممەد قـەرزدار بووە، داوای لـە ژنەکـەی کـردووە ئاڵتوونەکانـی بۆ بفرۆشـێ، بەڵام ژنەکـەی ڕازی نەبووە و گوتوویەتـی دەچمەوە ماڵـی باوکم، ئەویش بردوویەتییـەوە. بەڵام لەوێ تەقەی لە ماڵی ژنبرایەکی کردووە".

سـتار سابیر، برای محەممەد، پشتڕاستی کردەوە کە محەممەد و هاوژینەکەی کێشـە لـە نێوانیانـدا هەبـووە. سـتار سـابیر بە (ڕووداو)ی گـوت "ئێـوارەی ڕۆژی پێـش ڕووداوەکـە، هاوژینی محەممەد تەلەفۆنی بۆ مـن و خوشـکێکم کـرد و پێیگوتین لەگەڵ محەممەد شـەڕیان بـووە و چووەتەوە ماڵی باوکی، بەڵام نەیگوت شـەڕەکەیان لەسـەر چی بووە".

بـە گوتەی سـتار، دواتر خـۆی و دایکی چەنـد جارێک پەیوەندییان بـە براکەیانەوە کـردووە، بـەڵام وەڵامـی نەداونەتـەوە، دواتر خوشـکێکیان تەلەفۆنـی بۆ کردوون، وەڵامـی داوەتەوە و گوتوویەتی هیچ نییە و دەگەڕێتەوە ماڵەوە.

سـەبارەت بـە تەقەکـردن لـە ماڵـی کەسـوکاری ژنەکەی، سـتار گوتـی "دوای ئـەوەی محەممەد ژنەکەی بردووەتەوە ماڵی باوکـی و گەڕاوەتەوە، لە ڕێـگادا ژنبراکانی پەیوەندییـان پێـوە کـردووە و گوتوویانـە ئەگـەر پیاویـت دەگەڕێیتـەوە، ئەویش جارێکـی دیکـە گەڕاوەتـەوە و وەکـو باس دەکرێـت براکەم تەقەی کـردووە، دواتریش ژنەکەی شکاتی لێکردووە". گوتیشی "ڕۆژی دواتر براکەم خەریکی دروسـتکردنی خانوو بووە، لە ناکاو سـێ برای ژنەکەی هاتوون و تەقەیان لێکردووە و کوشتوویانە".

ستار ڕەتیکردەوە براکەی قەرزدار بووبێ و گوتـی "محەممـەد نەک قـەرزدار نەبووە، قەرزیشی لای خەڵک بووە".



### شەشن نەک سێ

کەسـوکاری محەممەد سابیر سکاڵایان لە دژی سێ کەس تۆمار کردووە. پۆلیسیش فەرمانی دەسـتگیرکردنی بۆ سـێ ژنبـرای محەممەد دەرکـردووە. بەڵام تا ئێسـتا دەسـتگیرنەکراون. ستار گوتی "سکاڵامان لە دژی شـەش برای ژنەکەی تۆمار کردووە. چونکە هەرچەندە ئەو سـێ برایەی هاتـوون. بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر شـەش براکەی و ژنەکەشـی ئاگادار بـوون. ئەگەر ژنەکـەی نەچووبایـەوە ماڵی باوکـی، محەممەد نەدەکوژرا".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## کچە پوورەکەی ماڵی وێران کرد

ئافرەتێـک بـۆی گێڕاینـەوە کـە تووشـی نەخۆشـییەک ببـوو، بـەڵام هاوژینەکـەی لـە جیاتـی ئـەوەی چاودێریـی بکات و ئـاگای لێی بێت، ڕۆژ بـە ڕۆژ هەڵسـوکەوتی بەرامبەری خراپتر بووە، تاوەکو کار گەیشتووەتە ئـەوەی ڕۆژێـک تەڵاقنامـەی بـۆ هێناوەتەوە و پێیگوتووە بڕۆ لە دادگا مافی خۆت وەربگرە.

چیرۆکێـک لـە پشـت تەڵاقدانـی ژنەکـەوە هەبوو. ئـەو ژنە دەڵێت زۆر هەوڵـی داوە لە بەرامبـەر مێردەکەی خۆی بەهێز نیشان بدات و مێردەکەی هەسـت بەبێتاقەتییەکـەی نـەکات، بەڵام نەخۆشـییەکەی تینی بۆ هێناوە و نەیتوانیـوە بەرگـە بگـرێ و چیدی نمایش بۆ مێردەکەی بکات.

ئـەو ژنـە ڕۆژ بـە ڕۆژ لەلایـەن مێردەکەیـەوە فەرامـۆش کراوە و لێی دووردەکەوتـەوە. تاوەکـو ڕۆژێکیـان کچـە پوورێکـی ژنەکـە بە کێشـەی نێوانیانـی زانیوە. بەڵێنـی بە ژنەکە داوە، کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات. کچـە پـووری ژنەکە بۆ ماوەی سـێ مانگ قسـەی لەگەڵ پیاوەکە کردووە، هـەر جارێکیـش ژنەکە لێی پرسـیوە هـا چیـت کـرد، پێیگوتووە هێشـتا ماویەتی، تاوەکو ڕۆژێک بڕیاری دادگا بۆ ژنەکە چووە کە لە دەرەوەی دادگا تەڵاق دراوە. کاتێکیش تەڵاقنامەکەی پیشـانی کچـە پوورەکـەی داوە، پێیگوتووە: وازی لـێ بهێنە، پیاوێک تـۆی نەوێت، تۆش ئەوت نەوێ. بەڵام پـاش ماوەیەک بۆی ئاشـکرا بووە کە مێردەکـەی، ئەو کچە پـوورەی مارە کردووە.

ئـەو ژنـە بە پلـەی یەک لـە کچە پوورەکـەی تـووڕە بـوو، دەیگوت لە جیاتی ئەوەی کێشەکەی بۆ چارەسەر بـکات، ماڵـی وێـران کـردووە، بۆیە دەیویست سکاڵای لەسەر تۆمار بکات و هاوژینەکەشـی دەسـتگیر بکرێ، چونکە ژنی دووەمی بەسەردا هێناوە.

لەبـەر ئـەوەی ئافرەتەکـە هیـچ بڕیارێکـی دادگای پـێ نەبـوو، بۆیە پەیوەنـدی بـە هاوژینەکەیـەوە کرا و بانـگ کرا بـۆ لێپرسـینەوە. پیاوەکە یەکسـەر بڕیاری دادگای دەرهێنـا کـە ژنی هێنـاوە. بڕیارەکـەش پلەی بنبڕی وەرگرتبوو، چونکە سـێ مانگ بەسـەر بڕیارەکەی دادگادا تێپەڕیبوو، ناوی ژنە کۆنەکەی لەسـەر ناسنامەی نەمابـوو، نـاوی ژنـە نوێیەکـەی خسـتبووە سـەر ناسـنامەکەی، بۆیە بەپێی یاسـا نەتوانرا هیـچ ڕێکارێکی یاسایی لەگەڵ ئەو ژن و پیاوە بکرێت، تەنیا ئەوە مابوو بە ژنەکە بگوترێ کە دەتوانێت بچێتە دادگای باری کەسـی و داوای مارەیـی و مافـە داراییەکانی خۆی بکات، چونکە هاوژینەکەی بەبێ هۆکار تەڵاقی داوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسـای باری کەسی ژمارە (188)ی ساڵی 1959ی هەموارکـراو، ژمـارە (15)ی سـاڵی 2008 ، لـە مـاددەی سـێ و نۆیەم، بڕگەی سـێدا هاتـووە "ئەگەر پیاوێک ژنەکەی تەڵاق دا، لە دادگا ساغ بووەوە کە پیاوەکـە خەتابارە لە تەڵاقدانی و ژنەکەی بەو هۆیەوە زیانی پێکەوتووە، ئەوا دادگا بەپێـی ئەو داوایەی ژنەکە لـە دژی تەڵاقدانەکـەی پێشکەشـی کردووە، حوکم دەدات. ژنەکە لەلایەن پیاوەکـەوە قەرەبـوو دەکرێتـەوە بە مەرجێک بڕی قەرەبووەکە لە نەفەقەی سێ سـاڵ کەمتر نەبێ و لە نەفەقەی پێنج سـاڵیش زیاتر نەبێت. جگە لەو مافانەی دیکەی کە سەلمێنراون".

* بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر

## پاش 10 ڕۆژ لە خۆکوشتنی کوڕەکەی

### بەرپرسێکی ناسراوی پارتی:

# بەرپرسیارێتیم نەدەنێ، خۆم دەکوژم

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– کەرکووک**

کـوڕی پێشـمەرگەیەکی ناسـراوی پارتـی بە کوژراوی لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دۆزرایەوە، پۆلیس دڵنیا نییە لەوەی کوژراوە، یان خۆی کوشـتووە، بەڵام باوکی دەڵێت خۆی کوشتووە.

سـەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/10/7 تەرمـی پێشـمەرگەیەکی تەمـەن 26 سـاڵ بەنـاوی زاگـرۆس محەممـەد، لـە نزیک گونـدی هۆگزی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ دۆزرایەوە. لەنێو ئۆتۆمبێلەکەشـیدا نامەیەک بەجێماوە کە ئێستا لای پۆلیسە.

عەقیـد حەیـدەر محەممـەد، بەڕێوەبـەری پۆلیسـی چەمچەماڵ بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەلایـەن هەواڵدەرێکـەوە لەڕووداوەکـە ئاگادار کراونەتـەوە، بـەڵام تاوەکو ئێسـتا نازانن ئەو پێشمەرگەیە خۆی کوشتووە.

بـە گوتـەی عەقیـد حەیـدەر "نامەیـەک لە ئۆتۆمبێلـی قوربانییەکـەدا دۆزراوەتـەوە، بەڵام پەیوەنـدی بـە ڕووداوەکـەوە نییـە. ناشـتوانین ناوەڕۆکەکەی ئاشـکرا بکەین، چونکە تایبەتە بە خێزانی خۆیان".

باوکـی زاگـرۆس پێشـمەرگەیەکی ناسـراوی پارتییە و بە "حەمە ڕێگر" ناسـراوە. حەمە ڕێگر لەدایکبووی شـارۆچکەی چەمچەماڵە و ئێستا لە کەرکووک دادەنیشێ. محەممەد لەگەڵ سێ کوڕی لە دەسـتپێکی شـەڕی داعشـەوە لـە میحوەری ڕۆژئاوای شـاری کەرکووک لە بەرەکانی شـەڕن، کوڕێکی لە شـەڕی دژی داعشـدا برینـدار بووە و قاچێکی براوەتەوە.

حەمە ڕێگر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕووداوەکە لـە ناوچەکـەی خۆیاندا ڕوویداوە و شـەوی پێش ڕووداوەکـەش، خـۆی لـە بەرەی شـەڕ بـووە و بـۆ بەیانییەکـەی ئاگاداریـان کردووەتـەوە. ئەو گوتـی "مانگ و نیوێک بوو زاگرۆسـم نەبینیبوو، چونکە لە بەرەکانی شـەڕ بووم، ئەویش خەریکی دروستکردنی خانوو بوو، نەدەهاتە بەرەکانی شەڕ. تەنیا بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد".

زاگرۆس خێزاندار بووە و منداڵێکیشی هەیە. باوکـی گوتی "ئەو شـەوە زاگـرۆس چووەتە دەرەوە، لە ڕێگـەی مۆبایلەکەیەوە نامەیەکی بـۆ هاوژینەکـەی نـاردووە و نووسـیویەتی ڕۆیشـتم و نایەمەوە. خێزانەکەشی تەلەفۆنی بۆ کردووە و قسـەی لەگەڵـدا کردووە، بەڵام نازانم باسی چییان کردووە".

هەرچەندە پۆلیس بۆی ڕوون نەبووەتەوە ئەو کوڕە خۆی کوشتووە یان کوژراوە، بەڵام باوکی دەڵێت "کوڕەکـەم چووەتە ناوچەکەی خۆمان، ئێمـە دڵنیاین بە مەبەسـت چووەتـە ئەوێ و خۆی کوشتووە، چونکە ناحەزمان نییە تاوەکو بیکوژن و دوژمنیشی نەبووە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنی کوڕەکەی، حەمـە ڕێگر گوتی "کوڕەکەم هەشـت سـاڵە پێشـمەرگەیە. بـە شـایەتی بەرپرسـەکانی کەسـێکی بەتوانا بووە. لە شـەڕی داعشدا بە قەد 100 پێشـمەرگە شـەڕی دەکـرد، ڕۆڵی فەرماندەی دەبینی، بەڵام هیچ پلەیەکی نەبوو، پێشمەرگەیەکی سادە بوو. ئەویش لەوە بێزار بوو، دڵنیام هەر لەبەر ئەوە خۆی کوشتووە".

بـە گوتـەی ڕێگر، نزیکەی شـەش مانگ لەمەوبەر زاگرۆس لە فەیسـبووک پۆستێکی کـردووە و گوتوویەتی "چیـدی پارتی نیم"، بەڵام بە پەلە پۆسـتەکەی پێ سـڕیوەتەوە "پێمگـوت ئێمـە هـەر پارتین، بەرپرسـان دەزانـن چەند بە توانا بووین، بەڵام زاگرۆس لە بەرامبەر فەرامۆشکردنیدا خۆی کوشت".

سـەبارەت بە باری ئابووریی کوڕەکەشـی، حەمـە ڕێگـر گوتـی "خانووی خـۆی هەبوو، مووچەشـی هەبوو، منیش مانگانە 500 هەزار دینـارم دەدایێ، چونکە دەمزانـی مەغدوورە، پارسـاڵیش پیکابێکـی جۆری هایلۆکسـم بۆ کڕی".



زاگرۆس حەمە ڕێگر

### بەپلەی لیوا ڕازی نییە

حەمە ڕێگر بە پلەی ئامر لیوا خانەنشـین کراوە. بـەڵام بەو پلەیە ڕازی نییە و دەڵێت ڕەنگـە ئەویش بە ڕێگای کوڕەکەیدا بڕوات. ڕێگر دەڵێت "نایشـارمەوە بەنیازم بچمە بازگەکەی سـەر ڕێـگای ماڵی جەنابی سـەرۆک و گوللەیەک لە سەری خۆم بدەم. ئێستاش ڕەنگە بیکەم. نامەیەکیش جێبهێڵم تا چیتر خەڵکانی وەکو ئێمـە لەبیر نەچنـەوە". لەبارەی پلەکەشـی، حەمە ڕێگـر گوتی "ئەوە خانەنشـینییەکەمە. بـەڵام بەرپرسـیارێتیم نییە کە شـەو و ڕۆژ لە بەرەکانی شەڕم".

# لەماوەی دوو کاژێردا دوو کوڕیان لەدەست چوو



سامان نوورەدین



محەممەد نوورەدین

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– کەرکووک**

سـامان بەرگـەی مەرگـی براکـەی نەگرت و نەیهێشت دوو کاژێر بەسەر مەرگیدا تێپەڕێ، خۆی خنکاند. کەسـوکارەکەی دەڵێن سـامان بەهۆی مەرگی براکەیەوە باری دەروونیی تێکچووە، بۆیە خۆی خنکاندووە.

ڕۆژی 2016/10/4 گەنجێکـی تەمـەن 18 سـاڵ بەناوی محەممەد نوورەدین کە سـەرقاڵی ئاوپرژێنی خانوویەک بوو، کارەبا گرتی و کوشتی. سـامانیش کە برای محەممەدە و پێکەوە کاریان دەکرد، دوای مردنی براکەی، خۆی خنکاند.

سـەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی عروبە کە لێکۆڵینەوە لـەو ڕووداوە دەکەن، بە (ڕووداو)ی گوت، سـەرەتا برایەکیـان بەهۆی کارەباوە مـردووە و پاشـان براکـەی دیکـەی خـۆی خنکاندووە.

ماڵی سـامان و باوکی لـە گەڕەکی حوڕییەی شـاری کەرکووکـن و پێنج برای دیکەشـیان لە ژیانـدا ماون. نورەدیـن عیزەدین، باوکی ئەو دوو برایە بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای کاژێر دووی نیـوەڕۆ ئـەو دوو کوڕەی چوونەتە سـەر کار بۆ ئاوپرژێنی خانوو. ئەو گوتی "محەممەد مۆلیدەی داگیرسـاندووە و لەو کاتـەدا کارەبا گرتوویەتی. دواتـر سـامان بەسـەر ڕووداوەکـەدا هاتـووە و بینیویەتی براکەی مردووە، دەستبەجێ پەیوەندی پێوەکردم و گوتی شـتێکی وا ڕوویداوە. چووینە نەخۆشـخانە، لەوێش ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دایە خاڵـی و گوتـی سـێ ملیـۆن دینـاری تێدایە و ڕۆیشت".

سـەمیرە ئەحمەد، دایکی ئەو دوو کوڕە دوای لەدەسـتدانی کوڕەکانی هێشتا شوکرانەی دەکرد و بـە (ڕووداو)ی گـوت، سـامان پەیوەنـدی بە محەممەدەوە کرد بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ ئیش، کاتێک لە بەشـی فریاکەوتنی نەخۆشخانە بووین بەدیار تەرمی محەممەدەوە، سـامان گوتی من هۆکاری مردنی محەممەد بووم، چونکە من پێمگوت وەرە بۆ ئیش.

گوتیشـی "سامان لە بەشـی فریاکەوتن باری دەروونیـی زۆر خراپ بوو. لەگەڵ هەر کەسـێک قسەی دەکرد دەیگوت محەممەد بەهۆی منەوە وای لێهات، پاشـان کە محەممەدیان بردە پەیمانگەی دادپزیشکی. سامان گوتی دەڕۆم خۆم ڕادەستی پۆلیس دەکەم و دیار نەما، پاشـان کەسوکارمان گەڕایـن نەیاندۆزییـەوە، دواتـر خێزانەکەی هات گوتی سـامان باری دەروونی باش نییە و بەپێی پەتـی هاتوچۆی کردووە و لەبەر خۆیەوە قسـە دەکات و پێدەکەنێت و دەڵێت خەتای من بوو".

### چۆن زانییان سامان خۆی کوشتووە؟

بـە گوتەی دایکی سـامان و محەممـەد، دوای وەرگرتنـەوەی تەرمی محەممـەد، گەڕاونەتەوە بۆ ماڵی خۆیان و کوڕێکی دیکەشـیان ئۆتۆمبێلەکەی بردووە بۆ ماڵی سـامان، بـەڵام کاتێک دەرگاکەی کردووەتـەوە و ویسـتوویەتی ئۆتۆمبێلەکـە بباتە ژوورەوە، بینیویەتی سامان لە حەوشەدا بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە.

دایکـی ئەو دوو کوڕە کە سـەرتاپای جلەکانی بـۆ مەرگـی دوو کوڕەکەی ڕەش کـردووە، دەڵێت "ئێمە شـوکور بووین بە قـەدەری محەممەد، بەڵام نەمانزانـی سـامان کارێکـی وا دەکات. لەگـەڵ محەممەد یەکدییان زۆر خۆشدەویسـت، قەت دڵی ئێمەشیان نەشکاندووە، قەدەرەکە وا بوو لەماوەی دوو سەعاتدا دوو کوڕمان لەدەست بچێ".

# پاراستنی مووسڵی پاش داعش لە کۆنترۆڵکردنەوەی سەختترە

ڕووداو ـ Washington Institute

پەیمانگای واشنتن، لە لێکۆڵینەوەیەکدا باسی هەنگاوەکانی پاش کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵ دەکات و فۆکەس دەخاتە سەر ئەو ڕێوشوێنە ئەمنیانەی کە پێویستە هێزە ئەمنییەکانی عێراق بیگرنە بەر.

مایکڵ نایتس، گەورە توێژەری ئەو پەیمانگایە، لێکۆڵینەوەکەی بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکات، قۆناغی یەکەم لە 2007 هەتا 2011یە کە تێیدا توانرابوو ئاسایش و سەقامگیریی مووسڵ بپارێزرێ، قۆناغی دووەمیش لە 2011 هەتا 2014 و ساتەوەختی کەوتنی مووسڵە.

**نایتس هۆکاری سەرکەوتنی قۆناغی یەکەم بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێنێتەوە:**

**یەکەم**- بەغدا پابەند بوو بە پاراستنی سەقامگیریی مووسڵ.

**دووەم**- دەرکردنی لێبوردن بۆ ژمارەیەک لە ئەفسەرە کۆنەکانی ڕژێمی بەعس و گەڕانەوەیان بۆ نێو سوپا.

**سێیەم**- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگاری مووسڵ، بە جۆرێک خەڵکی شارەکە هەست بکەن پارێزگار لە خۆیانە.

**چوارەم**- هێزە ئەمنییەکانی عێراق خاوەن فەرماندەییەکی یەکگرتوو بوون.

**پێنجەم**- خەڵکی شارەکە خرابوونە نێو ریزەکانی سوپای عێراقەوە.

**هۆکارەکانی شکستی قۆناغی دووەمیش بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێنێتەوە:**

**یەکەم**- هێزەکانی عێراق لە مووسڵ چیدی خاوەن فەرماندەییەکی یەکدەنگ نەبوون.

**دووەم**- ئەو فەرماندانەی بەغدا بە مەرامی سیاسی بۆ مووسڵی دانابوون، کۆمەڵێک ئۆپەراسیۆنیان بۆ سزادان و سووکایەتیکردن بە مووسڵاوییەکان بەڕێوەبرد.

## وانەکانی ئەم دوو قۆناغە:

مایکڵ نایتس پێیوایە نابێ هێزە کوردییەکان و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بەشداری جەنگی نێو شاری مووسڵ بکەن، بەمەش عەرەبە سوننەکانی مووسڵ مەیلێکی زیاتریان دەبێ بۆ ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شارەکەیاندا هاوکاریی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی عێراق و هاوپەیمانان بکەن.

لە ئاستە سیاسی و ئیدارییەکەشدا، پارێزگای نەینەوا پێویستی بە دەستەیەکی بەڕێوەبەرییە کە بە ڕێککەوتن پێکهێنرابێ. واتە هەم ئەنجوومەنی پارێزگا و هەمیش لیژنەی هەماهەنگیی ئەمنی و سەربازیی مووسڵ دەبێ بە ڕێککەوتنی لایەنە بەشدارەکان (بەغدا، کورد و پارێزگای نەینەوا) بێت. وەرگرتنی خەڵکی ناوچەکە بۆ هێزە ئەمنییەکان دەبێ بخرێتە ئەولەوییەتەوە.

توێژەرە ئەمریکییەکە جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە ناوەندەکانی فەرماندەیی سوپا نابێ لەسەر بنەمای سیاسی دیاری بکرێن. ئەگەرچی ئێستا ناوەندی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا هەیە، بەڵام لە قۆناغی دوای گرتنەوەی مووسڵدا دەبێ فەرماندەیی و پێکهاتەی ئەم ناوەندە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە.



## هەڵەکانی 2011 بۆ 2014

بەپێی لێکۆڵینەوەکەی مایکڵ نایتس، لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە مووسڵ ترسی باڵادەستبوون و فراوانبوونەوەی پانتایی دەسەڵاتی کورد لە مووسڵ وایکرد حکومەتی عێراق و عەرەبە سوننە مووسڵاوییەکان یەکبگرن. عەرەبە سوننەکان هەڵبژاردنەکەیان بایکۆت کردبوو، ئەمەش ژمارەی کورسی کورد لە ئەنجوومەنی پارێزگا و ئاستی بەشداری عەرەبە سوننەکان لە هێزە ئەمنییەکانی کەم کردبووەوە.

بەڵام لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی 2009دا سوننەکان بەشدارییان کرد 48.8%ی دەنگەکانیان بردەوە. لەو هەڵبژاردنەدا لیستی ئەلحەدبا نوێنەرایەتی زۆرینەی سوننەکانی دەکرد و دواتریش ئەسیل ئەلنوجەیفی کردە پارێزگاری مووسڵ.

بەڵام پەیوەندییە نزیکەکانی نێوان مووسڵ و بەغدا هێندەی نەکێشا. بەڕای نایتس هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئارامییەکەی نێوان 2007 بۆ 2011 لەسەر کۆمەڵێک بنەمای زێڕین دانەنرابوون، هیچ هەماهەنگییەکی چڕوپڕیش لە نێوان هێزە ئەمنییەکانی مووسڵ و فرقەی دووەمی سوپای عێراقدا نەبوو، پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەش هیچکات نەگەیشتنە ناوچە بێبەش و زیانلێدراوەکانی مووسڵ.

بەدەر لە هەموو ئەمانەش هەوڵەکانی مالیکی بۆ گۆڕینی فەرماندەکانی سوپای عێراق لە مووسڵ و دانانی فەرماندەی شیعە یان نزیک لە خۆی متمانەی عەرەبە سوننەکانی بە بەغدا کەمکردەوە. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگەڕانەوەی نوجەیفی بۆ لای کورد و پشتکردنیان لە بەغدا. نموونەی ئەمەش دانانی مەهدی ئەلغەراوی بوو بۆ پۆستی سەرۆکی پۆلیسی ناوچەی ئایمان لە شاری مووسڵ.

غەواری کە شیعەبوو، تۆمەتباریش دەکرا بەوەی لە ئازار و ئەشکەنجەدانی سوننەکانی بەغدا دەستی باڵای هەبووە. هەڵبەت کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی مالیکی هێندەی دیکە دامەزراوە ئەمنییەکانی مووسڵ و ناوچە سوننەکانی دیکە بە سیاسی بکاتەوە.

بەبۆچوونی لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای واشنتن، کەوتنی مووسڵ لە 2014دا لەو ناکۆکییە کەوتەوە کە بەهۆی بە سیاسی و بە تایفیکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە مووسڵ هاتبووە ئاراوە، چونکە ماوەی سێ ساڵ بەر لە هێرشەکانی داعش بۆ سەر ئەم شارە، پارێزگار و کورد لەگەڵ دەسەڵاتداران و فەرماندە دەستنیشانکراوەکانی بەغدا لە ناکۆکی و مشتومڕدا بوون. هەر بۆیەش حوکمڕانی مووسڵی پاش داعش پێویستی بە ڕێککەوتنە، بەڵام ڕێککەوتنەکان نابێ لە پشت پەردە و لەسەر بنەمای "دوژمنی دوژمنی من دۆستی منە" بێ.

## تەحەداکانی پاش ڕزگارکردنی مووسڵ

**یەکەم:** شاری مووسڵ لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بە تەواوەتی کراوە بە شارێکی سوننەی عەرەبی. نایتس پێیوایە لە دوای گرتنەوەی مووسڵ، یەکێک لە تەحەداکان گەڕاندنەوەی ئەو خەڵکە نا سوننە و نا عەرەبەیە کە بەر لە هێرشەکانی داعش نیشتەجێی شاری مووسڵ بوون. یەکێک لە هەنگاوەکان بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ پێکهێنانی دادگای خێرا، بۆ ئەوەی کەسە داگیرکەرەکان بە زوویی لەو موڵک و خانووبەرانە دەربکرێن کە موڵکی ئاوارە و دەرکراوەکانن.

**دووەم:** دەشێت مووسڵاوییەکان لە دوای دەرکردنی داعش لە شارەکەیان بە دوای تۆڵەسەندنەوە لەو کەس و گرووپانە بن کە لە 2014 دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵکردبوو، ئەمەش ئاگری شەڕ و پێکدادانێکی دیکە لە نێوخۆی پارێزگاکەدا دروستدەکات.

**سێیەم:** مووسڵاوییەکان ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا ژیاون و ئەمەش کاریگەری لەسەر تێڕوانینی ئەوان بۆ حوکمڕانی داناوە. لە ساڵی 2003شەوە مووسڵ حوکمڕانییەکی باشی بە خۆیەوە نەبینیوە، هەر بۆیەش هێزە ئەمنی و ئیدارییەکان دەبێ خەڵکی مووسڵ دڵنیا بکەنەوە لەوەی ئەزموونی 13 ساڵی ڕابردوو دووبارەنابێتەوە.

**چوارەم:** دروستکردنی پەیوەندییەکی بەرهەمدار لە نێوان کورد، بەغدا و پارێزگای مووسڵ کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵام جەنگی داعش هەر سێ لایەنەی شەکەت کردووە. بەڕای مایکڵ نایتس، باشترین شوێن بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵە، ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکیش باشترین نموونەیە بۆ چۆنێتی ڕێکخستنی پێکهاتەی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ.

**پێنجەم:** بنیاتنانەی هێزەکانی پۆلیس بۆ 20 بنکەی سەرەکیی پۆلیسی مووسڵ، کە بەشی زۆریان دەبێ خەڵکی پارێزگاکە بن، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی دانیشتوانی مووسڵ لە ساڵی 2014ەوە ئامادەییەکی ئەوتۆیان لە هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراقدا نەماوە.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیدا مایکڵ نایتس دەڵێت مەرجی سەرەکی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم تەحەدایانە ئەوەیە ئەمریکا پاش ڕزگارکردنی مووسڵ، عێراق جێنەهێڵێ. ئیدارەی داهاتووش دەبێ هاوکارییە ئەمنییە تایبەتەکانی خۆی بە عێراق بۆ ماوەی سێ ساڵی دیکە درێژ بکاتەوە.

## جەنگی سووریا سەرەتاکەیەتی

# جیهان بەرەو دووەم جەنگی سارد هەنگاو دەنێ

ڕێبوار قاسم
ڕووداو- هەولێر

لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، دوو ڕێککەوتنی گرنگ لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیا هەڵپەسێردران. یەکەمیان ڕێککەوتنی ئاگربەستی سووریا بوو کە ئەمریکا هەڵیپەسارد، ئەوەی دیکەیان ڕێککەوتنی لە مێژینەی نێوان واشنتن و مۆسکۆ بوو بۆ سڕکردنی ژمارەیەکی زۆر چەکی ئەتۆمیی بارگاوی بە پلۆتۆنیۆم کە ڕووسیا هەڵیپەسارد.

ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ئەورووپی و ڕووسی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هۆشدارییان داوە کە جەنگە بەوەکالەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەتیش جەنگی سووریا، دەکرێت ئاماژەیەک بێ بۆ ئەوەی کە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی جەنگێکی سارد لەسەر ئاستی جیهان هەیە.

میخائیل گۆرباچۆف، سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، لە دوایین لێدوانیدا بۆ ئاژانسی ڕووسی (ریا نۆڤۆستی) هۆشداریی دا کە بەهۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئەمریکاوە "جیهان لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە". پێشتریش فرانک ڤاڵتەر شتاینمایەر، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، بە ڕۆژنامەی (بیڵد)ی ئەڵمانی گوتبوو "هەڵەیە ئەگەر وابزانین ڕەوشی ئێستای جیهان وەکوو قۆناغی جەنگی ساردە، چونکە سەردەمی خۆمان هەم جیاوازە و هەمیش مەترسیدارترە لە قۆناغی جەنگی سارد"، چونکە وەک ئەو گوتی "لە قۆناغی جەنگی سارددا هێڵی سوور هەبوو کە لایەنەکان ڕێزیان لێدەگرت".

شتاینمایەر ڕووسیای بە تۆمەتباری یەکەمی ئەو ئاڵۆزییانە زانی کە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا دروست بووە. بەڵام هەندێک لە شارەزایانی سیاسی پێیانوایە سیاسەتی ئەمریکا لە ماوەی 16 ساڵی ڕابردوودا هۆکاری پەرچەکرداری ڕووسیا بووە.

لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆتایی قۆناغی جەنگی سارد، لە کۆی چوار سەرۆکی ئەمریکا، سێیان ڕووبەڕووی مەترسی بەرپابوونی جەنگی سێیەمی جیهانی، یان هەر هیچ نەبێ سەرهەڵدانەوەی جەنگی سارد بوونەتەوە. بیل کلینتن لە کاتی هاتنەسەر کاری لە ساڵی 1993 بەڵێنی دروستکردنی هاوپەیمانێتی بیل (کلینتن) و بوریس (یەلتسین)ی دا. بەڵام شەش ساڵ دواتر و لە کاتی جەنگی کۆسۆڤۆ (لە نێوان هێزەکانی یۆگۆسلاڤیای کۆن و ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ) ناچار بوو هۆشداری سەرهەڵدانی جەنگی جیهانیی سێیەم بدات، کاتێک ڕووسەکان بە نیازی ناردنی هێزی ئاشتیپارێز بوون.

ساڵی 2001، جۆرج دەبلیو بووش، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، بەڵێنی دا پەیوەندییەکی بێوێنە لە نێوان واشنتن و مۆسکۆدا دروست بکات. بەڵام حەوت ساڵ دواتر ڕووسیا هێرشی کردە سەر جۆرجیا و ئەندامە کۆمارییەکانی کۆنگرێس داوایان لە بووش کرد بە قورسی وەڵامی هێرشەکەی ڕووسیا بداتەوە.

باراک ئۆباما هەر لەسەرەتاوە بەنیاز بوو پەیوەندییەکانی نێوان واشنتن و مۆسکۆ سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە، بەڵام حاڵی ئیدارەکەی ئەو بە دەست کردەوەکانی ڕووسیاوە لەوەی کلینتن و بووش ناخۆشترە. لە ساڵی 2014 ڕووسیا دەستی بەسەر نیمچە دوورگەی کریمیادا گرت و لە ئۆکرایناى دابڕی. ماوەی ساڵێکیشە هێزی ئاسمانیی ڕووسیا بەشدارییەکی چالاکی لە قەیرانی سووریادا هەیە و باڵانسی هێزی بە لای ئەسەددا شکاندووەتەوە.

ئەمجارەیان کێشەکان و چاوەڕوانییەکان جیاوازن. لە لایەکەوە ڕووسیا، بەهۆی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، هەلی ئەوەی دەستکەوتووە بە مەیلی خۆی کار لەسەر قەیرانی سووریا بکات، هەتا ئەو شوێنەی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا لەگەڵ واقیعێکی نەخوازراوی نوێدا ڕووبەڕوو بکاتەوە، واتە حەلەب بە تەواوەتی بکەوێتەوە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سووریا. بەمەش هۆشدارییەک بە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بدات کە هەر چەشنە بەشدارییەکی ئەمریکا بۆ پشتگیری لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، دەشێت لەسەر ئەمریکا قورس بکەوێت.

نیکۆلاس گڤێسدیڤ، توێژەر لە ئینستیتیوتی پەیوەندییەکانی دەرەوە، پێیوایە سیاسەتەکانی ئۆباما ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەوەی ڕووسیا لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا ببێتە سەرچاوەی کێشەی ستراتیژی بۆ ئەمریکا. بە بۆچوونی گڤێسدیڤ کێشەی سەرەکی لەوێوە دەستی پێکرد کە "ئەمریکا هۆشدارییەکانی پوتینی دوای لکاندنی کریمیا بە ڕووسیاوە، بە جددی وەرنەگرت"، ئەگەرچی دوای ئەوەش ڕووسیا چەندین جار هێڵە سوورەکانی کۆشکی سپی بەزاند.

گڤێسدیڤ پێشیوایە وازهێنانی کۆشکی سپی لە هێڵە سوورەکانی سیاسەتی دەرەوە، مۆسکۆی دڵنیا کردووەتەوە لەوەی کە ئیدارەی ئۆباما لە سیاسەتی دەرەوەدا هێڵی سووری نەماوە. بۆیە هەم لە ئۆکراینا و هەمیش لە سووریا واقیعە نوێیەکان ڕووسیا دروستیان دەکات و ئەمریکا و ناوچەکە دەبێ مامەڵەی لەگەڵ بکەن. نموونەی هەرە زەقی ئەمە لە قەیرانی سووریادا دەبینرێ، کاتێک لە چەندین ساتەوەختی جیاوازدا ئەمریکا هێڵی سووری دانا و دواتر هێڵە سوورەکان زۆر بە ئاسانی لەلایەن حکومەتی سووریا و ڕووسیاوە بەزێنران، لەوانەش ئەو هێڵە سوورەی ئەمریکا لە 2013 بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن سوپای سووریاوە دایناו، یان هەڵوێستی بەرایی ئەمریکا کە بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا دەبێ کورسی دەسەڵات بەجێبهێڵێ.

ئەنتۆنی کۆردیزمان، لێکۆڵەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی و ستراتیژی، پێیوایە ئیدارەی بوش و ئۆباما هەمان هەڵەیان کردووە، بەڵام بە دوو دیوی پێچەوانەدا. ئیدارەی کۆشکی سپی لە سەردەمی جۆرج بووش سوور بوو لەسەر ئەوەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بەکارهێنانی هێزیەکلایی بکاتەوە، بێ ئەوەی "هیچ پلانێکی بۆ ڕەهەند و کاریگەرییە مەدەنییەکانی جەنگ لە قۆناغی دوای شکستی دوژمن هەبێ"، لەوانەش بنیاتنانەوەی دامەزراوە ئیداری و یاساییەکان لەسەر بنەمایەکی دیموکراتی.

ئیدارەی ئۆباما، بە پێچەوانەوە، پێداگری کردووە لەسەر ئەوەی "بەکارهێنانی هێزی سەربازی کەم بکاتەوە" بێ ئەوەی هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەبێ بۆ ئەوەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەبێ بەکارهێنانی هێز چارەسەر بکات. ئەگەر بوش پێیوابووبێت بە ڕووخاندنی سەدام لە ڕێگەی هێزەوە دەتوانێ دیموکراسی و بەها مرۆییەکان لە عێراق جێگیر بکرێن، ئەوە ئۆباماش پێیوابووە هێزە نێوخۆییەکانی وڵاتانی عەرەبی دەتوانن لە بەهاری عەرەبیدا بە دیموکراسی بگەن. ئەوەی هەردوو ئیدارەکە بیریان لێ نەکردبووەوە، ئەوە بوو کە "قەبارەی هێزە بیانییەکان گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە، ئەم هێزانە بەشێکن لە جێبەجێکردنی پلانێکی درێژخایەنتر" کە بریتییە لە بنیاتنانی دەسەڵاتێکی دیموکراتیک لە وڵاتەکەدا و ئەوەش "پێویستی بە پلان و ڕوئیای بەرفراوانی پێشوەختە هەیە".

هەر بۆیە ئەگەر سیاسەتی بووش لە عێراق دۆزەخی شیعە و سوننەی لێ کەوتبێتەوە، سیاسەتی ئۆباماش دۆزەخی جەنگی نێوخۆیی سووریای دروست کرد. هەر ئەمە لە ماوەی 16 ساڵدا بەشی ئەوەندە ناکۆکی لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروست کردووە کە زلهێزێکی وەکوو ڕووسیا بەرژەوەندی خۆی تێدا ببینێتەوە و دەستکاری نەزم و پەیوەندییە ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات.



### جەنگی هێڵە سوورەکان لە سووریا

جەنگی سووریا چیدی جەنگێکی نێوخۆیی نییە، بەڵکو جەنگێکی بەوەکالەتی نێودەوڵەتییە. بەبڕوای نیکۆلاس گڤێسدیڤ، توێژەر لە ئەنستتیوتی پەیوەندییەکانی دەرەوە، هەموو وڵاتە خاوەن بەرژەوەندییەکان بەرادەی جیاواز هێڵی سووری خۆیانی تێدا دەکێشن. ئێستاش ڕووسیا دەسەڵاتی یەکەمی کێشانی ئەم هێڵە سوورەی لەدەستە، بە جۆرێک بەزاندنیان دەشێ نرخێکی قورسی وەکوو بەکارهێنانی چەکی بالیستیکی، هێرشکردنە سەر ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و هەڵکشانی ژمارەی قوربانیانی جەنگی سووریا بۆ چەند بەرامبەری ئێستای، لێ بکەوێتەوە.

## ستراتفۆر چی بۆ کۆتایی ئەمساڵ پێشبینی دەکات؟

# تورکیا و ئێران سەقامگیری هەرێمی کوردستان لاواز دەکەن



ڕووداو- Stratfor

بەگوێرەی ناوەندی ستراتفۆر، گەورەترین و چارەنووسسازترین ڕووداوی چارەکی کۆتایی ئەمساڵ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکایە، چونکە ئەم هەڵبژاردنە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دیاری دەکات. گرنگیی ئەم هەڵبژاردنە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتایبەتی لەوێوەیە کە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان پلانی هەردوو کاندیدی کۆماری و دیموکراتەکاندا هەیە، واتە ئەگەرچی هەردوو بەربژێرەکە کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێ هەژموونی ئەمریکا بپارێزرێ، بەڵام سەبارەت بە چۆنێتی پاراستنی ئەم هەژموونە ناکۆکن.

لە چارەکی کۆتایی 2016دا دەردەکەوێ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا چ جۆرە سیاسەتێک لە هەمبەر کۆریای باکوور (وەکوو مەترسییەکی ئەتۆمی)، ڕووسیا (وەکوو مەترسییەکی گەورە بۆ سەر هەژموونی ئەمریکا لە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) پەیڕەو دەکات. قەیرانی سووریا و ڕۆڵی ڕووسیا لەم وڵاتەدا، پرسێکی گرنگی دیکەی دوایین سێ مانگی ئەمساڵ دەبێ.

### جەنگی مووسڵ.. ڕۆڵی تورکیا و ئێران

ئامادەکارییەکان بۆ گرتنەوەی شاری مووسڵ بەردەوامن، حکومەتی عێراق بە نیازە بەر لە کۆتایی ئەمساڵ شارەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە، بەڵام هاوشێوەی سووریا، لە مووسڵیش زلهێزەکان (ئێران، تورکیا و ئەمریکا) دەزانن هەر وڵاتێک بەشداریی کرداری لە ئۆپەراسیۆنەکەدا هەبێ، دەتوانێ لە شێوەگیرکردنی داهاتووی ئەم شارەشدا بەشدار بێ. بەپێی چاوەڕوانییەکانی ستراتفۆر هەرکام لەم سێ وڵاتە هەوڵ دەدەن لەنێو یەکە سەربازی و چەکدارییەکانی عێراقدا هێزیان هەبێ. هەر بۆیە ئێران پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی دەبێ، تورکیا پشتگیری لە هێزەکانی حەشدی نیشتمانی و پێشمەرگە دەکات و ئەمریکاش هاوکارییەکانی خۆی بۆ سوپای عێراق دەنێرێ.

لەو بەشەی پێشبینییەکانی ستراتفۆردا ئاماژە بەوەش کراوە کە لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکەی مووسڵدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ناچار دەبن ناکۆکییەکانیان بخەنە لاوە. بەڵام هەر پرۆسەی گرتنەوەی مووسڵ جارێکی دیکە پرسی دەسەڵاتی ناوچە کێشە لەسەرەکان زیندوو دەکاتەوە.

بەگوێرەی ناوەندە ئەمریکییەکە، هەوڵەکانی تورکیا و ئێران بۆ دەستێوەردان لە بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەقامگیریی کوردستان لاواز دەکات، لە کاتێکدا تورکیا لە هەوڵەکانی بۆ بەشداری لە جەنگی مووسڵ پشت بە پارتی باڵادەستی هەرێمی کوردستان دەبەستێت و تارانیش هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی تۆکمەتر لەگەڵ هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێ، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی هەڕەشەی هێرشی هێزە کوردییەکانی لەسەر دروست بووە.

### ئاشتییەکی مەحاڵ

بەپێی پێشبینییەکانی ستراتفۆر، هەرچەندە ئەمریکا دانوستاندنەکانی خۆی لەگەڵ ڕووسیا سەبارەت بە سووریا ڕاگرتووە، بەڵام واشنتن دەبێ کۆمەڵێک کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ مۆسکۆ و ڕێگەی هاوکاریی دوولایەنە لەگەڵ ئەنقەرە بەکراوەیی بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە لە ڕووداوی نەخوازراوی دیکە لە مەیدانەکانی جەنگی سووریا بگرێ.

چاوەڕێش دەکرێ ڕووسیا بە هاوکاریکردنی ئەسەد و لایەنگرانی، هەوڵ بدات بە ئەمریکای بسەلمێنێ کە وازهێنان لە دانوستاندن، ئەمریکا بەرەوڕووی باجی قورس دەکاتەوە. هەروەها پێشبینیش دەکرێ، ئەنقەرە بۆ ڕێگریکردن لە فراوانبوونەوەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، خۆی لە مۆسکۆ نزیکتر دەکاتەوە. وڵاتانی کەنداویش تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا دەقۆزنەوە و گرووپە سوننەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بەهێزتر دەکەن.

ناوەندی ستراتفۆر پێشبینی دەکات حەلەب لە سێ مانگی کۆتایی ئەمساڵدا هەر وەکوو گۆڕەپانی سەرەکیی شەڕی نێوخۆی سووریا بمێنێتەوە. لەم ماوەیەشدا خاڵی گرنگ ئەوە دەبێ کە ئاخۆ سوپای سووریا و میلیشیا شیعەکان دەتوانن چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن لە ڕۆژهەڵاتی حەلەب دەربکەن، یان چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن دەتوانن گەمارۆ سەربازی و مرۆییەکە بشکێنن. ئەگەر چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن نەتوانن گەمارۆ بشکێنن، ئەوە سوپای سووریا دەرفەتی ئەوەی دەبێ بیر لە کۆنترۆڵکردنەوەی شاری ئەلباب لە باکووری سووریا بکاتەوە.

بەپێی پێشبینییەکانی ناوەندە ئەمریکییەکە، هێرشی تورکیا بۆ نێو خاکی سووریا، ئەنقەرە ناچار دەکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ڕووسیا بپارێزێ. سەرەڕای نەبوونی پشتگیری نێودەوڵەتی، تورکیا سوور دەبێ لەسەر کردنەوەی ناوچەی ئارام لە باکووری سووریا. بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە بەشدارییەکی کەمی سوپای وڵاتەکەی و هێزەکانی سوپای ئازادی سووریا دەبەستێت.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ڕووسیا، ناوەندی ستراتفۆر پێشبینی دەکات پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان مۆسکۆ و ئەنقەرە لە چارەکی کۆتایی ئەمساڵدا گەشە بکات، ئەگەرچی لە مەیدانەکانی جەنگی سووریا بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ یەکدی دەکەن.

### بڕیارەکەی ئۆپێک و وڵاتانی کەنداو

ڕۆژی 28ی ئەیلولی ئەمساڵ وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک بڕیاریاندا کۆی گشتی بەرهەمهێنانی نەوتی ڕێکخراوەکە دابەزێنن، ئاستی دابەزاندنەکەش لە نێوان 250 هەزار بۆ 750 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دەبێ. بۆیە چاوەڕێ دەکرێ لە ماوەی دوو مانگی یەکەمی ئەم چارەکەدا ئەندامانی ئۆپێک سەبارەت بە پشکی هەرکام لە ئەندامان لە دابەزاندنەکەدا، دانوستاندن بکەن.

بەگوێرەی پێشبینی ناوەندی ستراتفۆر، ئەگەر ئەندامان لەسەر پشکی هەر کام لە وڵاتەکانیش ڕێکنەکەون، دیسان ئەم ڕێکخراوە بەسەر ئەمری واقیعێکدا دەکەوێ کە ناچارە ئاستی بەرهەمهێنان کەم بکاتەوە.

سعودیە، عومان و بەحرەین بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا، تووشی کێشەی دارایی گەورە بوونەتەوە. ناوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات سعودیە لەسەر پلانی ڕیفۆرمی ئابووری بەردەوام بێ، لە کاتێکدا بڕیارە لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ قۆناغێکی دیکەی بەسعودیکردنی هێزی کار جێبەجێ بکات.

بەڵام جەنگی یەمەن قورسایی کێشەی بودجەی لەسەر وڵاتانی کەنداو، بە تایبەتیش سعودیە، زیاتر کردووە. جەنگی یەمەن نەک هەر کێشەی ناوچەیی نێوان ڕیاز و تارانی قورستر کرد، بەڵکو لەنێو هاوپەیمانێتی عەرەبی بە سەرکردایەتی سعودیەش ناکۆکیی دروست کردووە. ئیمارات لایەنگری لە دابەشبوونی یەمەن بەسەر دوو بەشی باشوور و باکووردا دەکات، بەڵام سعودیەکان کێشەی جەوهەرییان لەگەڵ حوسییەکان هەیە. هەر ئەمەش ڕێگرە لە وەدیهاتنی هەرچەشنە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ قەیرانی یەمەن.

### دەست بە پرۆسەی چارەسەری دەکرێتەوە

لە دوای کودەتا سەرنەگرتووەکەی 15ی تەممووزی ئەمساڵ، حکومەتی تورکیا بە بیانووی ئاسایشی نیشتمانی گوشارەکانی لەسەر ناوچە کوردییەکان زۆرتر کردووە. ناوەندی ستراتفۆر پێشبینی دەکات بەهۆی زۆربوونی گوشارەکان لەسەر هەدەپە، ئەم پارتە جارێکی دیکە هەوڵی زیندووکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد بداتەوە. حکومەتی تورکیاش بۆ جوانکردنی ڕوخساری خۆی لەبەردەم یەکێتیی ئەورووپا، بەشدارییەکی ڕەمزی لە پرۆسەی ئاشتیدا دەکات. بەبێ ئەوەی لە جەوهەردا سیاسەتی خۆی بەرامبەر کورد بگۆڕێ و لە دروستکردنی گوشار بۆ سەر ناوچە کوردییەکان، بەردەوام دەبێ.

# پلانەکەی تورکیا لە عێراق بۆ دوای شەڕی مووسڵە



پۆڵ ئیدن
ڕووداو - هەولێر

تورکیا سوورە لەسەر ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵدا بەشدار بێ، لە هەمانکاتیشدا پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا، بەهۆی مۆڵخواردنی هێزەکانی تورکیا لە ناوچەی باشیکی باکووری مووسڵ، هەتا دێ ئاڵۆزتر دەبێ. بەبۆچوونی شارەزایانی سیاسی، تورکیا نەک هەر بە نیازی بەشدارییەکی بەرفراوانە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا، بەڵکو چاوی لە ڕۆڵێکی سیاسیی درێژخایەنتریشە لە ناوچەکەدا.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لەبارەی ڕۆڵی وڵاتەکەی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ ڕایگەیاند "ئێمە ڕۆڵمان دەبێ لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا و هیچ کەسیش ناتوانێ ڕێگریمان لێ بکات". لێدوانەکەی ئەردۆغان لە کاتێکدایە کە پێشبینی دەکرێ لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا دەست بە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بکرێت.

بنکەی سەربازیی باشیک، لە نزیک مووسڵ، یەکەمین و گرنگترین کەمپی مەشقی میلیشیاکانی حەشدی نیشتمانییە کە گرووپێکی میلیشیایی سەر بە ئەسیل نوجەیفی، پارێزگاری پێشووی مووسڵە. نوجەیفی لە بارەی بەشداریی هێزەکانی تورکیا لەم ئۆپەراسیۆنەدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هێزەکانی تورکیا تەنیا ڕۆڵی هێزی پشتیوانیان دەبێت و "ئەگەریش پێویست بکات هاوکاریی پێشمەرگە، حەشدی نیشتمانی و تەنانەت سوپای عێراقیش دەکەن".

نوجەیفی بۆ پشتگیری لە بۆچوونەکەی خۆی، دەڵێت "ئێمە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا پێویستیمان بە تورکیا دەبێ، بە تایبەتیش بۆ پرۆسەی چۆڵکردنی شارەکە و گەیاندنی هاوکارییەکان، پێشموایە لەم ڕووەوە هەموو وڵاتانی ناوچەکە هاوکاریمان دەکەن"، پێشبینیشی کرد کە ناکۆکی و گرژییەکانی ئێستای نێوان تورکیا و عێراق لە داهاتوویەکی نزیکدا چارەسەر ببن.

مایکڵ نایتس، توێژەری سیاسی لە پەیمانگای واشنتن بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک، بە گومانە لەوەی تورکیا لە شەڕی مووسڵدا ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی پێبدرێ، لەبەر ئەوەی ئەو هێزانەی لە باشیک جێگیری کردوون زۆر کەمە. نایتس بە (ڕووداو)ی گوت "تورکیا ئەو تۆپ و تانکانەی لە باشیک دایناون بۆ خۆپاراستنن، بەڵام لەوانەشە بۆ پشتگیری لە پێشڕەوی هێزەکانی نوجەیفی بەکاربهێنرێن".

ئارۆن ستاین، لێکۆڵەری سیاسی لە ناوەندی ڕەفیق حەریری لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک، هاوڕایە لەگەڵ نایتس و تەنانەت گومانی هەیە حەشدی نیشتمانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ئۆپەراسیۆنەکەی مووسڵدا هەبێ.

ستاین لەبارەی خاڵە گوماناوییەکانی جەنگی مووسڵ بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێک هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی مووسڵی گرتەوە، دیار نییە ئایا تورکیا و حەشدی نیشتمانی ئەرکی پاراستنی ئەو شارەیان پێدەدرێ یان نا. پەیوەندیی نێوان نوجەیفی و بەغدا و تورکیا و بەغدا بە دۆخێکی سەختدا دەڕوات، پێشبینیش ناکەم حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، پێشوازی لە ڕۆڵی نوجەیفی و تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا بکات".

تورکیا تەنیا بە نیازی بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵدا نییە، بەڵکو دەیەوێ لە دروستکردنەوەی داهاتووی مووسڵدا ڕۆڵی کارای هەبێ. بەبۆچوونی لێکۆڵەرەکەی ئەنجوومەنی ئەتلانتیک، "لێدوانەکانی ئەمدواییەی ئەردۆغان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەنقەرە دەیەوێ عەرەبە سوننەکانی ناوچەکە، لەوانەش میلیشیاکانی نوجەیفی ڕۆڵیان لە ڕزگارکردنی شارەکەدا هەبێ. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە حکومەتی تورکیا بە بەشداریی میلیشیا شیعەکانی حەشدی شەعبی لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ ئاسوودە نییە".

ئەوە یەکەمجار نییە تورکیا تێبینی لەمجۆرەی لەبارەی داهاتووی ناوچە سوننی و تورکماننشینەکانی عێراقەوە هەبێ. پێشتریش حکومەتی ئەنقەرە تێبینی لەمجۆرەی لەبارەی تەلەعفەرەوە هەبووە، هەروەها ئاماژەی بە ئامادەیی هێزەکانی پەکەکە و یەپەگە لە شنگال داوە.

چاوەڕێ دەکرێ حەشدی نیشتیمانی لە مووسڵی پاش داعشدا ڕۆڵی خۆی هەبێ. یان ڕەنگە تورکیا هاوکاریی دارایی پێشکەش بە تورکمانە سوننەکانی عێراق بکات، ئەمەش شتێکە تورکیا تەنانەت بەر لە دەرکەوتنی داعشیش دەیکرد".

بەڵام پرسیارەکە هێندەی پەیوەندی بە ڕۆڵی درێژخایەنی تورکیا لە ناوچەکەدا هەیە، هێندە پەیوەندی بە بەشداری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی تورکیاوە لە ئۆپەراسیۆنەکاندا نییە.

سەبارەت بەم مەسەلەیە ئارۆن ستاین دەڵێت "ئەگەرچی پێناچێ تورکیا ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە ئۆپەراسیۆنەکەی مووسڵدا هەبێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا تورکیا ئەکتەرێکی دەرەکی جیدییە کە ڕۆڵی لە داهاتووی شارەکەدا دەبێ".

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەرپرسانی عێراقی و کوردی جەختیان لەسەر زەروورەتی چارەسەری کێشە سیاسییەکانی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ کردووەتەوە.

جۆڵ وینگ، شارەزا لە کاروباری عێراق پێیوایە بەشداری هێزەکانی سەر بە نوجەیفی لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ زیاتر بۆ دەستخستنی بەرژەوەندی و پشکی سیاسییە لە مووسڵی پاش داعشدا.

سەبارەت بە ڕۆڵی هێزەکانی حەشدی نیشتمانی، وینگ گوتی "ئەوان (حەشدی نیشتمانی) هێزێکی بچووکن و کاریگەرییەکی ڕاستەقینەیان لە مەیدانی جەنگەکاندا نابێ، بەڵام هەتا ئێستا تەواو دیار نییە تورکیا بەنیازە چی بکات". لەبارەی پاڵنەرەکانی تورکیا بۆ بەشداریی لە هەڵمەتی گرتنەوەی مووسڵدا وینگ گوتی "ڕەنگە گازندەکانی ئەمدواییەی بەغدا سەبارەت بە ئامادەیی هێزەکانی تورکیا لە نێو خاکی عێراق بەس بێ بۆ ئەوەی تورکیا ڕازی بێ بەوەی تەنیا ڕۆڵی هێزی پشتیوانی حەشدی نیشتیمانی بگێڕێ، بەڵام دواجاریش پێشبینیکردنی ئەمە سەختە، لەبەر ئەوەی شەڕ و پێکدادانی مووسڵ هێندەی سەربازییە هێندەش سیاسییە، هەر بۆیە هەر کەس دەیەوێ پشکی خۆی لەو جەنگەدا هەبێ، بۆ ئەوەی دواتر بڵێن ئێمەش لە تێکشکاندنی داعشدا بەشدار بووین، لەوێشەوە پشکی خۆیان لە دەسەڵات و ئیدارەی مووسڵ وەربگرن".

### شەڕە قسەی ئەردۆغان و عەبادی

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا هێزەکانی سوپای تورکیای بە "داگیرکەر" وەسف کرد و داوای لێکردن لە عێراق بکشێنەوە. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا لە بایەخی ئەو هەڕەشانەی عەبادی کەمکردەوە و گوتی "بەر لە هەموو شتێک حەدی خۆت بزانە. تۆ لە ئاستی من نیت، هاوشانی من نیت، هەمان توانای منت نییە. قیژە و هات و هاوارەکەت لە عێراقەوە هیچ بایەخێکی نییە". بەڵام عەبادی بێدەنگ نەبوو، لە ڕێگەی تویتەرەکەی خۆیەوە بە توانجەوە گوتی "ئێمە.. بە هیممەتی پیاوەکانمان وڵاتی خۆمان ڕزگار دەکەین، نەک بە ڤیدیۆ کۆڵ".

دوای یەمەن و هایتی

# کوردستان ترسی کولێرای لێ نیشتووە

پزیشکێک:

## کوردستان لە زۆنی مەترسیداری کۆلێرادایە

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

شەپۆلێکی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆلێرا یەمەن و هایتیی گرتووەتەوە، بەو هۆیەشەوە زۆر ناوچەی دیکە ترسیان لێ نیشتووە. هەندێک لە پزیشکان هۆشداریی دەدەن کە کوردستان و عێراق لە زۆنی مەترسیداری کۆلێرادان، بۆیە دەزگا تەندروستییەکانی کوردستان کەوتوونەتە خۆ بۆ بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە.

سکچوون ساڵانە 1.7 ملیار مرۆڤ نەخۆش دەخات، بەگشتی دووەم هۆکاری مردنی منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ساڵانە و هۆکارێکی بەرچاوی بەدخۆراکی و وشکبوونەوەیانە. بەپێی ئامارە جیهانییەکان ساڵانە 760 هەزار منداڵی خوار تەمەنی پێنج ساڵان بە سکچوون دەمرن.

کۆلێرا سکچوونێکی ئاویی توندە، بەهۆی خواردن و خواردنەوەی پیسبوو بە بەکتریای ڤیبریۆ ڕوودەدات. کاتێک بەکتریاکە دەگاتە ریخۆڵە، ماددەگەلی ژەهرین دەرژێنێ کە ڕەنگە ببنە هۆی سەرهەڵدانی سکچوونێکی توند. پیسایی کەسەکە وەک ئاو شل دەبێتەوە و بەوەش شلە و خوێیەکی زۆر لە جەستەی کەسەکە دەردەچن.

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ساڵانە 1-4 ملیۆن کەس تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن و 28-42 هەزار کەس بەم نەخۆشییە دەمرن.

تاوەکو ڕۆژی 13ی ئەم مانگە ژمارەی قوربانیانی کۆلێرا لە هایتی گەیشتووەتە 173 حاڵەتی مردن، لە یەمەنیش تەنیا لەنێو شاری سەنعای پایتەخت، 11 حاڵەتی کۆلێرا تۆمارکراون.

کۆلێرا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانەوە. زیاتر لە ناوچە پشتگوێخراوەکان ڕوودەدات کە ئاو و ئاوەڕۆی ڕێکوپێکیان نییە.

د.زانیار نووری، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی فێرکاری لە سلێمانی دەڵێت، کوردستانیش لەو دەڤەرانەی جیهانە کە هەڕەشەی کۆلێرایان لەسەرە "عێراق و کوردستان لە زۆنی مەترسیداری کۆلێرادا هەڵکەوتوون، چونکە لانیکەم لە هەندێک ناوچەیاندا بارودۆخ و ژینگە لەبارە بۆ گەشە و زۆربوونی بەکتریا تووشکەرەکەی کۆلێرا". لەگەڵ ئەوەشدا د.زانیار بۆ ئەمساڵ گەشبینە "بە بەراورد بە ساڵان ئەمساڵ حاڵەتی سکچوون بەگشتی کەمترە".

د.زانیار، کە بەهۆی کارکردنی وەک بەڕێوەبەر و پزیشک لە بەشی فریاکەوتن ئەزموونی هەیە لەگەڵ دەستنیشانکردن و چارەسەری سکچوون، هەندێک ڕێنمایی هەیە بۆ ئەوانەی خۆیان یان کەسێکیان تووشی سکچوون دەبن "خۆپاراستن لە سکچوون گرنگترینە، ئەویش بە ڕەچاوکردنی بنەما سەرەتاییەکانی خاوێنی و پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان، هەروەها لە خۆوە نەخواردنی حەبی وەکو ئینترۆستۆپ و فلاجیل".

### کۆلێرا، سکچوونێکی جیاواز

وەک پزیشکەکان دەڵێن، کۆلێراش هەر جۆرێکە لە سکچوون، بەڵام بەشێوەیەکی توندتر "کۆلێرا بە خێرایی دەگوازرێتەوە، گەورە و منداڵ تووش دەکات و دەتوانێت لە چەند کاژێرێکدا کەسی تووشبوو بکوژێت". ئەمە بە گوتەی د.سەربەست فەخرەدین، پزیشکی هەناوی.

دوای ئەوەی بەکتریاکە دەگاتە نێو جەستە، مەرج نییە خێرا نیشانەکانی نەخۆشییەکە دەربکەون بەڵکو 1-5 ڕۆژی دەوێت. مەرجیش نییە ئەو کەسەی هیچ نیشانەیەکی کۆلێرای نییە، ئیدی مەترسی ئەوەی لێنەکرێ کە نەخۆشییەکە بگوازێتەوە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، پسپۆڕی پزیشکیی کۆمەڵ، بۆ (رووداو) دەڵێ "نزیکەی 80%ی ئەوانەی بەکتریاکە وەردەگرن، تووشی هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییەکە نابن. دوای 10 ڕۆژ بەکتریاکە لە پیساییاندا دەردەکەوێ و ژینگەی پێ پیس دەکەن و ئەگەری تووشبوونی کەسانی دیکە زیاد دەکەن".

سەبارەت بە ڕاددەی توندیی نەخۆشییەکەش، د.عەبدولفەتاح دەڵێ "ئەوانەی تووش دەبن، 80%یان بە توندی نایگرن، بەڵام ئەو 20%ەی بە توندی دەیگرن، بەهۆی سکچوونێکی ئاویی سەختەوە کە ڕەنگە ڕشانەوەشی لەگەڵ بێ، بەخێرایی وشک دەبنەوە و مەترسیی لەسەر ژیانیان دروست دەبێت ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێن".

### چۆن ڕێی لێ دەگرین؟

وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان کە ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێ زۆرتر بیری لەلای چارەسەری نەخۆشییەکانە نەک ڕێگری لە ڕوودانیان، دەڵێ سەبارەت بە کۆلێرا هەنگاویان ناوە بە ئاراستەی پێشگرتن بە نەخۆشییەکە.

دکتۆر خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان و گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، بە (رووداو)ی گوت "ئامادەکاری تەواو کراوە، لەسەر ئاستی پارێزگاکان لیژنەمان پێکهێناوە، نەخۆشخانەکانمان ئاگاردار کردووە لە حاڵەتی پێویستدا نموونە لە حاڵەتە گوماناوییەکان وەربگرن بۆ پشکنینی کۆلێرا، هەروەها لە ڕێگەی لیژنە پەیوەندیدارەکانمانەوە چاودێری شوێنە گشتییەکان دەکەین، چاودێری سەرچاوەکانی ئاو دەکەین. هەماهەنگی باشمان هەیە لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی وەک شارەوانی و ئاو".



### سلێمانی سەوزەی قەدەغە کردووە

لەشکر حەمید، سەرۆکی لیژنەی تەندروستی خۆراکی سەر بە لیژنەکانی پشکنین و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "بەکارهێنانی سەوزە لە سەرجەم خواردنگە و ڕێستۆرانت و شوێنە گشتییەکان قەدەغە کراوە تاوەکو مانگی داهاتوو".

وەک لەشکر باسی کرد، لە سلێمانی دەست بە هەڵمەتێکی چڕ کراوە و لەلایەن لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی پشکنین بۆ ئاوی خەزانەکان، هۆتێل، شوێنە گشتییەکان و خواردنگەکان دەکرێت.

### ڕێگاگرتن لە تووشبوون


- دەست شووشتن بە ئاو و سابوون:
- ئاوی خواردنەوەی ماڵەوە بکوڵێنە.
- خواردنەکانت بەباشی بکوڵێنە بەر لە خواردنیان
- لە سووشی و هاوشێوەکانیان دوور بە
- زۆرتر سەوزە و میوە توێکڵدارەکان بخۆ

### کێ زۆرتر مەترسی لەسەرە؟



- دانیشتووانی کەمپەکان
- ئەوانەی بەدخۆراکییان هەیە
- ئەوانەی سیستمی بەرگریی جەستەیان لاوازە
- منداڵانی تەمەن 4-2 ساڵان
- ئەوانەی ترشیی گەدەیان لاوازە
- ئەوانەی گرووپی خوێنیان لە جۆری O یە

# ئەتڵەسێک خانەکانی جەستەی مرۆڤ ڕووندەکاتەوە



رووداو- CBC

ڕۆژی 2016/10/14 پرۆژەیەکی زەبەلاح ڕاگەیێندرا کە بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا پرۆژەیەکی لەوجۆرە ئەنجام دەدرێ. پرۆژەکە یارمەتی زانایان و توێژەران دەدات باشتر لەلایەنی بایۆلۆژیی جەستەی مرۆڤ تێبگەن لەکاتی تەندروستی و تەنانەت نەخۆشیشدا.

پێشبینی دەکرێ پرۆژەکە زۆرتر لە دەیەیەک بخایەنێ و تێیدا جۆر و جیاکەرەوەکانی هەموو خانەکانی شانە و ئەندامە جیاوازەکانی جەستەی مرۆڤ پۆلێن بکرێن و بکرێنە نەخشەیەکی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتنی ورد و زانستی لە جەستەی مرۆڤ.

تێگەیشتن لە سروشتی خانەکان زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە هەردوو باری تەندروستی و نەخۆشیی مرۆڤ، بەڵام وەک یەکێک لە ئامادەکارانی پرۆژە نوێیەکە دەڵێ، تاوەکو ئێستا بە وردی نازانرێ لە جەستەی ئێمەدا چەند خانە هەن و چەند جۆرن و چۆن جیاکەرەوەکانیان لە ئەندامێکی جەستەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ.

سارە تێچمان، سەرۆکی بەشی بۆماوەیی خانەکان لە ئەنستتیوتی سانگەری بەریتانی دەڵێ "ئەتڵەسی خانەکانی جەستەی مرۆڤ دەستپێکی سەردەمێکی نوێیە لە تێگەیشتن لە خانەکانی جەستە".

تێچمان هەروەها دەڵێ "جۆری نوێی خانە دەدۆزینەوە، ئەوە دەدۆزینەوە کە چۆن خانەکان بەدرێژایی کات و لە درێژایی تەمەن، لەکاتی تەندروستی و نەخۆشیدا دەگۆڕێن. بەوەش تێگەیشتنێکی باشترمان بۆ لایەنی زیندەزانیی جەستە دەبێ".

پرۆژە نوێیەکە لەلایەن هەریەکە لە ئەنستتیوتی تەکنۆلۆژیی ماساچوستس و زانکۆی بەناوبانگی هارڤەردی ئەمریکی و ئەنستتیوتی سانگەر و ئێڵکەمترەستی بەریتانی سەرپەرشتی دەکرێ، بەڵام توێژەران و بەخشەران لە سەرتاسەری جیهانەوە بۆیان هەیە بەشداریی تێدا بکەن.

ئەتڵەسی خانەکانی مرۆڤ داتابەیسێکی زەبەلاحە کە زانیاریی ورد و درشت لەبارەی خانەکان دەدات، پلانیش وەهایە بەشێوەی خۆڕایی بۆ زانایان لە سەرتاسەری جیهانەوە بەردەست بێ. دامەزرێنەرانی پرۆژەکە خوازیارن بەهۆی ئەو داتابەیسە مێژووییەوە گۆڕانکاری بەدی بهێنن لە تێگەیشتنمان لە پەرەسەندنی مرۆڤ و پێشڤەچوونی نەخۆشییەکانی وەک ڕەبۆ، ئەڵزایمەر و شێرپەنجە.


جەستەی مرۆڤ لە تریلیۆنان خانە پێکهاتووە کە دابەش دەبن، گەشە دەکەن و کاری تایبەت ئەنجام دەدەن لە جەستەی کۆرپەلەدا و دواتر دەگۆڕێن بۆ شێوازی جیاواز لە خانەی پێستەوە تاوەکو دەمارەخانە و خانە چەورییەکان.

تاوەکو ئەمدواییە زانیاری لەبارەی خانەکان تەنیا لە ڕێگەی تەماشاکردنیان بوو بە مایکرۆسکۆپ، یان توێژینەوەی بۆماوەییانەی شانەکان (کۆمەڵە خانەکان) ی جەستە دەکرا.

بەڵام بەرەوپێشچوونە تەکنۆلۆجییەکان ناسراو بە لێکۆڵینەوەی جینۆمیی تاک خانەیی، توانا دەبەخشێتە توێژەران کە تاک بە تاکی خانەکان لە شانە و ئەندامەکانیان جودا بکەنەوە و خەسڵەتەکانیان شرۆڤە بکەن و لەو گەردانە بکۆڵنەوە کە لە خانەکاندا دروست دەبن.

ئاڤیڤ ریگرێڤ، یەکێک لە ئامادەکاران و سەرپەرشتیارانی پرۆژە نوێیەکە دەڵێ "ئێستا کەرەستەی ئەوتۆمان لەبەردەستن کە بەهۆیانەوە دەتوانین بزانین خانەکان بە وردی لە چی پێکهاتوون و چۆن فرمانی ئەو بەشانە تێکدەچن لەکاتی نەخۆشیدا".

ریگریڤ هەروەها دەڵێ "بە بۆچوونی ئێمە ڕوونکردنەوەی سروشتی هەموو خانەکانی جەستەیەکی تەندروست، کاریگەری دەبێ لەسەر هەموو ڕووەکانی تێگەیشتنمان لە زیندەزانی و زانستی پزیشکی لە دەیەکانی داهاتوودا".






# چاوەڕێی سندانی کارۆخ بن

**هیوا سەڵاح / ڕووداو– هەولێر**

کارۆخ ئیبراهیم، شانۆکاری گەنج بەنیازە شانۆگەرییەک بەناوی سندان لە شاری هەولێر بۆ ماوەی 10 ڕۆژ نمایش بکات کە کۆمەڵێک شانۆکاری بە ئەزموون ڕۆڵی تێدا دەبینن و تۆڕی میدیایی ڕووداویش سپۆنسەری میدیایی شانۆگەرییەکەیە. کارۆخ ئیبراهیم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمەڵێک لە شانۆکارانی بە ئەزموونی هەولێر وەک ئیبراهیم حەکیم، یوسف عوسمان، ڕزگار زاهیر و لێلاف مەدحەت، شانۆگەریی سندان لە سەرەتای مانگی داهاتوو بۆ ماوەی 10 ڕۆژ نمایش دەکەین".

کارۆخ لەبارەی ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە گوتی "ئێمە لەم نمایشەدا باس لە گەنجێکی پینەدۆز دەکەین کە کارەکەی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە، دەیەوێت سیستەمی دەوڵەت لە ڕێگای کارەکەیەوە بە پێڵاو دروست بکات". شانۆگەرییەکە لە ڕۆژی 2016/11/1 لە هۆڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر نمایش دەکرێت.



# کیژانی ڕانیە لە ئیستانبوڵن

**ڕووداو– هەولێر**

گرووپی میوزیکی کیژانی ڕانیە، ڤیدیۆ کلیپێک لە ئیستانبوڵ تۆمار دەکەن و بەم نزیکانە بڵاوی دەکەنەوە.

گرووپی میوزیکی کیژانی ڕانیە، لە پەیجی فەرمیی خۆیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک چەند وێنەیەکیان بڵاوکردووەتەوە کە لە ئیستانبوڵ سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانییەکی کوردین.

ئەم گۆرانییە گەشتێکە بەنێو کۆمەڵێک گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا و بە شێوازی کۆرس و سۆلۆ تۆمارکراوە.



# حەسنا هاندەری پێشمەرگە یە

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو– هەولێر**

حەسنا مەتەر، کچە گۆرانیبێژی لوبنانی، گۆرانییەک بە زمانی عەرەبی بۆ پێشمەرگە دەڵێت.

هەڵکەوت زاهیر ئاوازدانەری کورد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆرانییەکەی حەسنا مەتەر کە لەسەر پێشمەرگەیە، لە ئاواز و میلۆدیی منە و شاعیری بەناوبانگ کەریم عێراقی تێکستی بۆ نووسیوە. هەموو کارەکانی کلیپکردنی ئەم گۆرانییە تەواو بووە و بڕیارە لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا بڵاوبکرێتەوە".

حەسنا مەتەر دەربارەی ئەم گۆرانییە گوتی "کوردستان بە وڵاتی دووەمی خۆم دەزانم و هێزی پێشمەرگەش بە هێزی خۆم دەبینم، بۆیە زۆر بەخۆشحاڵییەوە ئامادەم گۆرانی بۆ ئەو هێزە بڵێم کە سەرکەوتنی مەزنی لە شەڕی دژی داعشدا تۆمار کردووە".

# شوان عەتوف خەریکی ئەلبوومێکی فیلمە


**ڕووداو– سلێمانی**

شوان عەتوف، سینەماکاری کورد بەنیازی بەرهەمهێنانی چوار کورتە فیلم و دوو فیلمی درێژی سینەماییە.

پاش وەرگرتنی خەڵاتی باشترین سیناریۆ لە یەکەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە سلێمانی، شوان عەتوف بڕیاری داوە چوار کورتە فیلم بە ناوەکانی (دەلاک و دونیا)، (ماچەکەی مریەم)، (مانگ و زیندان) و هەروەها (مینا پێدەکەنێ) لەگەڵ دوو فیلمی درێژی سینەمایی بەناوەکانی (عیسا و شارە غەمگینەکە) و (گۆزەی شکاو) بەرهەم بهێنێ.

لە پلانی هونەرمەند شوان عەتوفدایە ئەم پرۆژانە تاوەکو سەرەتای ساڵی 2018 تەواو ببن. پرۆژەکانیش بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری سلێمانی، کۆمپانیای سینەمایی "مەستی فیلم" و کام پرۆدێکشن و چەند کۆمپانیایەکی بەلجیکی و میسری جێبەجێ دەکرێن.





# خەبات دادەبڕێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**

گۆرانیبێژ خەبات مەولودی دەڵێت لەمەودوا ستایلی کارکردنی دەگۆڕێت و بۆ ماوەیەکیش لە گۆرانیگوتن دوور دەکەوێتەوە.

خەبات مەولودی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوەندەی تێبینیم کردووە زۆربەی کاری هونەرمەندان لە یەکدی دەچن، بۆیە ماوەیەک پێویستم بە خۆدابڕینە". خەبات گوتیشی "دەبێت کاری هونەری پەیامی هەبێت، منیش دەمەوێت لەمەودوا گۆڕانکاری لە هۆنراوە و ئاواز و موزیکی کارەکانمدا بکەم، بەڵام ئێستا نامەوێت باسی چۆنیەتی جیاوازبوونی کارەکان بکەم، بەڵکو کاتێک بەرهەمەکان بڵاوبوونەوە خۆیان پێناسەی جیاوازییەکان دەکەن".

خەبات مەولودی خەڵکی شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و پێشتر زۆر لەسەر فۆلکلۆر کاری دەکرد، بەڵام دواتر بە گۆرانی پەری کە بەرهەمێکی ئۆرکێسترایی بوو، گۆڕانکاری لە ستایلی خۆیدا کرد.





# عەدنان عوسمان مێرووڵە دەباتە تونس

**ڕووداو– هەولێر**

فیلمێکی کوردی بەناوی مەملەکەتی مێرووڵەکان کە لە دەرهێنانی عەدنان عوسمانە، لە فێستیڤاڵی فیلمی قرتاج لە تونس کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵات دەکات.

عەدنان عوسمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە 27ی ئەم مانگە فیلمەکەمان بەشداری لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی لە فێستیڤاڵی فیلمی قرتاج لە تونس بکات". عەدنان گوتیشی "ئەو فیلمە لە یەکەمین نمایشی خۆیدا لەگەڵ دەیان فیلمی دیکەی عەرەبی و ئەفریقی کێبڕکێ بۆ وەرگرتنی خەڵات دەکات".

فیلمی مەملەکەتی مێرووڵەکان، باس لە ڕزگارکردنی کچێکی کوردی ئێزدی دەکات کە داعش ڕفاندبووی، مەینەتییەکانی ئەم کچە لە دوای ڕزگارکردنی باس دەکات، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی باوکسالاری ڕۆژهەڵاتی وەک کۆمەڵگەی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم ئافرەتە کە جارێکی دیکە چۆن بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە و دەست بە ژیانی ئاسایی بکاتەوە. فێستیڤاڵەکە لە ڕۆژانی 10/27 تاوەکو 2016/11/5 دەخایەنێ و 28 فیلم کێبڕکێ لەسەر وەرگرتنی خەڵات دەکەن.

# دلیان جافۆ دل بە دل بڵاودەکاتەوە

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو– هەولێر**

دلیان جافۆ، کچە گۆرانیبێژی ڕۆژئاوای کوردستان، ڤیدیۆکلیپێک بەناوی دل بەدل بڵاودەکاتەوە کە لە دانیمارک کلیپی بۆ کردووە.

دلیان جافۆ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم گۆرانیە لەڕووی ئاواز و تێکستەوە تازەگەرییەکی زۆری پێوە دیارە. لەگەڵ ئەوەشدا کلیپەکە بە کواڵیتییەکی بەرز تۆمار کراوە".

دلیان گوتیشی کە ئامادەکاری بۆ دوو گۆرانی نوێ دەکات و بەنیازە نەورۆزی داهاتوو لە هەولێر کلیپیان بۆ بکات.

# بەختی ڕووداو

ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**

هەتا زیاتر کەسی بەرامبەر بناسیت، بەرچاوت ڕوونتر دەبێت بۆ خستنەڕووی پێشنیار و داواکاریەکانت. هەوڵ بدە گرفتی بچوک گەورە نەکەیت و لە کاتێکی گونجاودا چارەسەری بکەیت.

**گا**

بەهۆی هەواڵێکەوە دڵخۆش دەبیت و دڵنیا دەبیت لەوەی هیچ شتێک مەحاڵ نییە، کاتە ناخۆشەکە تێپەڕیوە، ئەگەر پلانی باشت هەبێت دەتوانی خۆت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی گرنگ ئامادە بکەیت.

**دووانە**

لەبەرئەوەی بە وردی چاوەڕوانی هاتنی شتەکان دەکەیت، وا هەست دەکەیت کات زۆر بە خاوی دەڕوات و شتەکان لە جێی خۆیانن، بۆ ئەوەی ئاسوودە بیت وا باشە خۆت سەرقاڵی چەند بابەتێکی جیاواز بکەیت.

**قرژاڵ**

لە پلانەکانت بەخت یاوەرت دەبێت، هەوڵ دەدەیت گۆڕانێکی نوێ لە ماڵ یان خانووەکەت بکەیت، بەڵام بەشێوەیەکی باشتر ئەنجامی دەدەیت. بۆ باشبوونی باری دارایی لەسەر بەرنامە کۆنەکەت بەردەوام بە.

**شێر**

ئەم هەفتەیە هەواڵێکی خۆش دەبیستی کە لەمێژە چاوەڕوانی دەکەیت و بەرنامەیەکت دیاری کردووە بۆ دەستبەکاربوون لە کارێکی نوێ کە ژیانت بگۆڕێت. هەوڵەکانت لەڕووی داراییەوە بەرفراوان بکە.

**فەریک**

پێویستە بڕیارێکی گونجاو دەربارەی کارێک بدەی کە دەبێتە سەرچاوەیەکی دارایی نوێ. پەیوەندیت لەگەڵ ئەڤیندارەکەت تووشی ئاڵۆزییەکی کاتی دەبێت، بەڵام توڕەبوونی بە هەند وەرمەگرە.

**تەرازوو**

بەخت یاوەرت دەبێت، کات گونجاوە بۆ بەشداریکردن لە خولی فێربوونی زمان یان پیشەی نوێ. خەمبار مەبە بە لەدەستدانی کەسێکی ئازیز کاتێک ئازادیت دەوێت و گوێ بۆ قسە و پێشنیارەکانی ناگریت.

**دووپشک**

ئەو شتانەی ئاواتت بۆ دەخواست ئێستا لەبەردەستتدایە، بەڵام هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەو شێوەیەی کە بە قازانجت بشکێتەوە لە داهاتوودا. بە ڕاڕاییەوە هیچ بڕیارێکی نوێ مەدە.

**کەوان**

لەگەڵ هاوڕێکانت کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک دەکەن و لە کۆتاییدا پێشنیارەکەت پەسەند دەکەن، ناتوانی پەلە لە کات بکەیت، بەڵکو دەبێت چاوەڕوان بیت هەتا هەلی گونجاو دەستەبەر دەبێت.

**گیسک**

ئەم هەفتەیە دەخوازیت بە شێوەیەکی جیاواز گفتوگۆ لەسەر بابەتەکان بکەیت کە مافی تەواو بە لایەنەکان بدەیت. گرنگی زیاتر بە لایەنی کۆمەڵایەتی بدە و سەردانی شوێنە کۆمەڵایەتییەکان بکە.

**سەتڵ**

بیرکردنەوەت لە بابەتێکی دیاریکراو قوڵ دەکەیتەوە سەبارەت بە کار و پارە و ئەڤینداری، بەڵام کاتێک هاوڕێکانت دەبینیت هەمیشە باسی دۆخی خراپ و سیاسەت دەکەن، تووشی بێ هیوایی دەبیت.

**نەهەنگ**

لەم هەفتەیەوە مانگ نوێ دەبێتەوە، فرسەتێکی گرنگ دێتە بەردەستت و چەند هەڵبژاردنێکت بۆ فراهەم دەکات. شکستەکانت لە ئەستۆ بگرە و خۆت ئامادە بکە بۆ هەستانەوەیەکی نوێ کە توانات بسەلمێنی.

# ژنێک، لە بیرەوەرییە تەماوییەکاندا





کامەران سوبحان

(بەشی دووەم و کۆتایی)

(لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا و لە هەفتەی رابردوو، باسی ژیانی مەستوورە و کتێبەکانی و چیرۆکی لەناوچوونی بەشێکی زۆری شیعرەکانیمان کرد. لەم بەشەدا باسی پەیوەندیی نالی و مەولەوی لەگەڵ مەستوورە و ئەو شیعرانە دەکەین کە ئەم دوو شاعیرە مەزنە بۆ ئەویان نووسیوە، هەروەها ئەو کتێبانەی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی مەستوورە نووسراون و ساتی مردن و بەسەرکردنەوەی کتێبە ناودارەکەی: (مێژووی ئەردەڵان).

(3)

"منی مەستوورەی لە وڵاتی خۆم دوورەش، لە سوێی ئەو خۆشەویستییەی.... (بێدەنگی و کەمێک وەستان بەهۆی ئازارەوە)... ئەوا تام لێ دێت، با بزانین خوا چی بڕیار داوە؟"

ئەمە دوایین رستەی نووسراوی مەستوورەی ئەردەڵانی- یە لە کتێبی (مێژووی ئەردەڵان)دا کە لە دواڕۆژەکانی تەمەنیدا نووسیویەتی کاتێک لە ماڵەکەی خۆیدا لە سلێمانی، هەموو کاتی خۆی بۆ نووسینەوەی ئەو مێژووە تەرخان کردبوو. بەسەر ئەم دێڕەدا (مەستوورە) کۆچی دوایی کرد و نەیتوانی ئەو مێژووە بنووسێتەوە کە خۆی بۆ تەرخان کردبوو. هەرچەندە بەشی هەرە زۆری کتێبەکەی نووسیوە، بەڵام هەر بە مێژوویەکی تەواونەکراو دەژمێردرێت.

دوای مەرگی مەستوورە، میرزا عەبدوڵڵای مونشی کە مامی مەستوورە و خاڵی حوسێن قولیخانی کوڕی ئامانوڵڵا خانی گەورە بوو، ئەم کتێبەی مەستوورەی تەواو کرد. وەک خۆی دەڵێت: "حوسێن قولیخان مرد، مەستوورەش نەخۆشکەوت و گواستییەوە بۆ باخچەی بەهەشت و بوو بە هاوسای حەزرەتی فاتیمە.. من کە لەتاوی ئەو دووانە چاو بە گریان و جگەر بریانم، هاتمە سەر ئەو خەیاڵەی کە پاشماوەی بەسەرهاتی والییە پایە بەرزەکان بنووسم".

مەستوورە لەم کتێبە مێژووییەدا، لە دوا بەسەرهاتی خوسرەوخانی گورجیی ئەرمەنیدا بوو کە لەڕێگەی ئەم میرە ئەرمەنییەوە دەیویست مێژووی کورد و شەڕ و ململانێ خوێناوییەکانی ئەو رۆژگارە بە زمانی مێژوو بنووسێتەوە. هەندێ لە مێژووی والی و میرەکانی ئەردەڵان و میرنشینەکانی دیکەی بە زمانێکی زۆر درامییانە نووسیوەتەوە، بە جۆرێک کاتێک خوێنەر ژیان و بەسەرهاتی هەریەک لەو میرە کوردانە دەخوێنێتەوە، تێکەڵ بەو مێژووە دەبێت و خەیاڵی دەگەڕێتەوە بۆ 200- 300 ساڵ لەمەوبەری کۆمەڵگای کوردەواری.

سەرەتای کتێبی مێژووی ئەردەڵان، بە بنەچەی بابە ئەردەڵان دەستپێدەکات و قۆناغ بە قۆناغ لەڕێی کۆمەڵێک کەسایەتی و میر و کاربەدەستی ئەو رۆژگارەوە مێژوویەکی پوختی کوردەواری دەنووسێتەوە.

مامۆستا هەژار موکریانی لە پێشەکیی وەرگێڕانی ئەم کتێبە مێژووییەی (مەستوورە) دا دەڵێت: "پیاو ڕاست بڕوا، نووسراوی ناسک و جوانی ماە شەرەفی کوردستانی کە بە مەستوورە ناودارە، بیر و هەستی ڕاتڵەکانم و تاسە و ئارەزووی بزواندم کە شان بدەمە بەر ئەم کارە و وەری بگێڕم بۆ خوێنەرانی کورد".

جگە لە مامۆستا هەژار موکریانی، مامۆستا شوکور مستەفا و د.حەسەن جاف پێکەوە هەمان کتێبیان وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی. زمانی وەرگێڕانەکەی ئەمانیش بەهەمان زمانی وەرگێڕانەکەی هەژار جوان و پوخت و سەرنجڕاکێشە، ڕەنگە بەشێکی بۆ زمانی شیعری و پەخشانئامێز و پڕ لە رەوانبێژیی مەستوورە خۆی بگەڕێتەوە کە لە نووسینی کتێبەکانیدا پەیڕەوی کردووە.

(4)

ئەولەسەن، کاتێ چاوی بە کیژە ساواکەی کەوت، خێرا هەستایەوە و لەئامێزی گرت و رووبەندەکەی لادا و بەدیتنی ڕوومەتی ڕووناکی کۆرپەکەی لە خۆشی و شادیدا هەر بزەی سمێڵی دەهات. بێ ئەوەی بڵێ باوکم ڕاوەستاوە، لە خۆشیدا هەڵپەڕی و دواتر ڕووی کردە هەیوان و لەوێ ڕووی کردە مانگە شەوەکە و منداڵەکەی بۆ بەرز کردەوە و گوتی: "خوایە گیان ئەم کەنیشکەت بەهۆی شەرەفی تریفەی ئەم مانگەشەوەوە پێ بەخشیوم". ڕوودەکاتە ساواکەی باوەشی و پێی دەڵێت: "دەبێت تۆش وەک تریفەی ئەم مانگە جوان و شیکەلانە بیت و بۆ هەموو کات بدرەوشێیتەوە، بۆیە ناوت دەنێم — ماە شەرەف".

دواتر ئەم منداڵە کە گەورە بوو، نازناوی مەستوورەی ئەردەڵانی وەرگرت.

بەپێی گێڕانەوەی ڕۆمانی مێژوویی (مەستوورە- چەند لاپەڕە لە مێژوویەکی تەم داگرتوو)، ئەمە چرکەساتی لەدایکبوونی مەستوورەیە، ئەم ڕۆمانە مێژووییە، جەمال ئەحمەدی ئایین نووسیویەتی و عەدنان بەرزنجی لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی.

ڕۆمانەکە گێڕانەوەیەکی مێژووە، لە چرکەساتی لەدایکبوونی مەستوورەوە تا کاتی مردنی. بەسەرهاتێکە تێکەڵ لە راستیی مێژوویی و فەنتازیای وێنە و رووداوی جیاواز. کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە، هەمان ئەو کارەکتەرانەن کە لە 44 ساڵ ژیانی مەستوورەدا ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە، وەک: خەسرەوخان، حەمە ئاغای نازر، ئەولەسەن بەگ، ئەولمحەممەد، مەلەک نیسا، میرزا عەبدوڵڵای ڕەونەق و دەیان کارەکتەری تر، جگە لەو میر و پاشا و دەسەڵاتدارانەی کە لەو رۆژگارەدا و پێش لەدایکبوونی مەستوورە رۆڵ و پێگەیان هەبووە. لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا، ڕۆماننووس ناوی زیاتر لە 40 کتێب وەک سەرچاوەی گرنگی مێژوویی ریز دەکات کە سوودی لێ بینیون بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە.

خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، جگە لەوەی چێژ وەردەگرێ، ئاشناش دەبێت بە کۆمەڵێک نهێنی و گرێ و رووداوی مێژوویی سەردەمی ژیانی مەستوورە و ململانێ سیاسییەکانی میرنشینی ئەردەڵان و بابان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان. ئەمە جگە لە ناساندنێکی بایۆگرافیانەی قۆناغ بە قۆناغی ژیانی مەستوورە تا جێهێشتنی سنە و نیشتەجێبوونی لەسلێمانی و پاشان کۆچی دوایی.

لە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشدا، ڕۆماننووس ساتێکی گرنگی منداڵیی مەستوورە دەگێڕێتەوە کە تەمەنی شەش ساڵان دەبێت. حەمە ئاغای نازری باپیری دەستی دەگرێت و دەیبات بۆ ئەوەی لای شێخ سەعید لە مزگەوتی گەورەی سنە فێری خوێندەواریی ببێت. شێخ سەعید لەتەنیشت میحرابی مزگەوت دانیشتبوو خەریکی گوتنەوەی وانە بوو، کاتێ حەمە ئاغای بینی بانگی لێکرد تا بڕواتە حەلقەی فەقێکانییەوە، حەمە ئاغا دەستی مەستوورەی لەناو دەستدا بوو، چووە نێو حەلقەکەوە و گوتی: "مامۆستا ئەم کچە، ماە شەرەفی کەنیشکی ئەولەسەنە، زۆر زیرەک و بلیمەتە، بەشێک لە غەزەلەکانی سەعدیی شیرازیی لەبەرە، هێناومەتە خزمەتت تا لە مەکتەبێکی مزگەوت بخوێنێت".

شێخ سەعید دەستێکی بەسەری مەستورەدا هێنا و گوتی کچم شیعرێکمان بۆ بخوێنەوە، ئەویش غەزەلێکی سەعدیی خوێندەوە. فەقێکان ئافەرینیان کرد. شێخ سەعید تۆزێ بیری کردەوە و بە حەمە ئاغای گوت: "ئەمە کارێکی باش نییە، چونکە خوێندن دوو مەبەستی هەیە، یەکەمیان بۆ کارە لە فەرمانگە حکومییەکاندا و دووەم بۆ فێربوونی ئاینە، ئەگەر مەبەستت دینە، ئەوە لە دیندا کچ ئیزنی پێ نەدراوە دین بخوێنێت، ئەگەر بۆ کاریشە، ئەوە کچ ئیزنی کاری پێ نەدراوە کاری حکومی بکات. دەی ئیتر بۆچی ئەم کچە دەرس بخوێنێت؟"

حەمە ئاغا خێرا گوتی: "حەزرەتی شێخ، ئێمە نامانەوێ کچەکەمان ببێ بە مامۆستا یان بە وەزیر، ئێمە دەمانەوێت بە سەواد بێ".

دواتر قۆناغ بە قۆناغ ئەم ڕۆمانە ژیان و بەسەرهات و رووداوەکانی پەیوەست بە ژیانی مەستوورە دەگێڕێتەوە:

"ئەگەرچی مەستوورە نەخۆشە، بەڵام دەست لە نووسینەوەی کتێبی مێژووی کوردەکان- ئەردەڵان هەڵناگرێت. بەرەبەیان کە بانگ لە منارەی مزگەوتەکانەوە بەرز بووەوە، وەک ڕۆژانی پێشوو موناجاتی مەستوورە بە گوێی کەسدا نەهات. مەستوورە بۆ دواجار دەستی لە قەڵەم و دەفتەرەکەی سارد بووەوە". ئەمە ساتی کۆتایی ژیانی مەستوورە و ڕۆمانەکەشە، ڕۆمانەکە بە هەمان دیمەنی مێژوویی کۆتایی بە ژیانی مەستوورە هێناوە.

(5)

مزگەوتی گەورەی سنە، یان (دارولئیحسان) لە سەردەمی هەموو پاشا و میرەکانی ئەردەڵاندا، مەڵبەندێکی گەورەی خوێندنی زانستی و ئاینی و عیرفانی بووە، هاوکات بووبووە مەڵبەندێکی گەورەی دەستنووس و کتێبە بە نرخەکانی ئەو ڕۆژانە، بە جۆرێک پێش سەفەرکردنی بۆ هیندستان، مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەسەر دەستی شێخ قەسیمی مەردۆخی لەو مزگەوتەدا وانەی ئاینی و ئەدەبیاتی خوێندووە. ئەمە جگە لە شێخ عوسمانی سیراجەدین و مەلای گەورەی کۆیە و چەندین زانای ئاینیی ناوداری تری کورد کە لە پارچە جیاوازەکانی کوردستانەوە هاتوون و لەو مەڵبەندەدا وانەیان خوێندووە. سەید عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی ناسراو بە مەولەوی و مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایلی ناسراو بە نالی، دوو فەقێی دیاری ئەو مزگەوتە بوون.

باس و بابەتەکانی ڕۆژ، لەبەرکردنی غەزەلەکانی سەعدی شیرازی و حافز، ساغکردنەوە و خوێندنەوەی دەستنووسە کۆنەکان، ئەو بابەتانە بوون کە فەقێکان خۆیان پێوە سەرقاڵ دەکرد.

هەر لەو ڕۆژگارەدا، دەنگۆی زیرەکی و توانای لەڕادەبەدەری کیژۆڵەیەک بەناوی (ماە شەرەف خان) لە بواری شیعر و لەبەرکردنی غەزەلە کۆنەکانی ئەدەبیاتی کوردی و فارسی بووبووە باس و گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵکی شار.

چۆن دەکرێ و کێ باوەڕ دەکات، منداڵێک تەمەنی 10 ساڵ بێت و زیاتر لە 200 غەزەلی سەعدیی شیرازی لەبەربێت؟ چۆن بابی ڕێگە دەدات شیعری ئەڤینداری بنووسێت و باسی سوارچاکیی کوڕان بکات؟

پرسیاری لەم جۆرە لەسەر مەستوورە لەو ڕۆژگارەدا یەکجار زۆر بوون. هەشبوون ستایشی زیرەکی و جوانیی مەستوورەیان دەکرد. هەرچەندە مەولەوی و نالی هەردووکیان لە سنە و لەو سەردەمەدا خوێندوویانە کە مەستوورە ژیاوە، بەڵام تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک نییە ئەوە دەربخات کە ئەو دوو شاعیرە مەستوورەیان بینیبێت، بەڵام هەردووکیشیان شیعریان بۆ نووسیوە.

یەکێک لە شیعرە ناودارەکانی نالی کە درێژترین شیعری دیوانەکەیەتی بەناوی (مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ) بۆ ئەم خانمەی نووسیوە. شیعرەکە بەرهەمی خەیاڵ و خەونی شاعیرێکە بۆ ئەو وێنانەی بۆ جوانی و زیرەکیی ئەو کچە شاعیرە لەو سەردەمەدا کێشراون. شیعرەکەش لەگەڵ ئەوەی درێژە و تێکەڵەیەکە لە رستە و ڕەوانبێژی و مەنەلۆگی ناخی شاعیر بۆ شاعیرێک لە ڕەگەزێکی دیکە، لەیەکەم دێڕی شیعرەکەوە دیارە کە نالی خەونێکی خۆی بە شیعر دەگێڕێتەوە، بەدەر لە ناوی شیعرەکە، لە چەندین شوێنی شیعرەکەشدا، ناوی مەستوورە دەهێنێت. لە کۆتایی شیعرەکەشدا، سەرمەستانە دیالۆگ لەگەڵ خۆی دەکات و لەبری مەستوورە وەڵامی خۆی دەداتەوە. لەسەر ئەو دیمەن و رووداوانەی ناو شیعرەکەش دەڵێت: "ئەمە بەرهەمی خەیاڵ و خەوە، وا باشترە هەر واش بە نهێنی بمێنێتەوە".

**مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بەحیسابێ**

**مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ**
**هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ!**
**هاتووم، وتی، عوقدەم هەیە، قەت مومکینە وا بێ؟**
**هێ تۆم ئەگەر ئەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ**
**هەر مەسئەلە بیکرێ کە بە تۆ شەرحی کرابێ**
**مومکین نییە کەس دەخلێ بکا چین و خەتا بێ**
**ئایینە بە مایینە دەبێ ڕەنگ نوما بێ**
**مەستوورە بە مەستوورە دەبێ موهرەگوشا بێ**
**نوکتێکی زەریفە بە نەسیبی زورەفا بێ**
**تەعریفی دەکەم، بەڵکوو لە بۆ دەرد شیفا بێ**
**ئەم سیڕڕە چییە میسلی سوها بێ، نەسوابێ؟!**
**دوڕڕێ کە وەکوو دوڕڕی سەما بێ، نەسما بێ؟!**


هەر لەو سەردەمەشدا، ناوبانگی شیعری مەستوورە، وا لە مەولەوی شاعیری سۆفیگەر و عیرفانی دەکات لە شیعرێکیدا بەم شێوەیە وەسفی بکات:

**خورشیدەکەی ناز، ئەوج بورج سەور**
**سەر توغرای دەفتەر مەحبوبان دەور**
**هانە یانەکەی بورج شەرەفدا**
**نوور ئەفشانیشەن وە هەر تەرەفدا**

جگە لەم دوو شاعیرە مەزنەی کورد، چەندین شاعیری تری وەک ئەحمەد بەگی کۆماسی و حوسێن قولیخانی ئەردەڵان و خەسرەو بەگی ناکام شیعر و شانامەیان بەسەر (مەستوورە) دا گوتووە و هەندێ لەو دەقانەش ماون و هەندێکی تریشیان ون بوون.

باس لەوە دەکرێت کە مەستوورە بە شیعری تەڕ و تێکەڵ لە خەیاڵ و وێنەی تەنز بە هەمان شێوازی نالی، وەڵامی نالی و مەولەوی و شاعیرانی تری دابێتەوە، بەڵام ئەو شیعرانە فەوتاون.

خانمێک لە 20 هەزار بەیتی شیعر 18 هەزاری فەوتابێت، ڕەنگە لەو شیعرە فەوتاوانەدا ئەو شیعرانەشی تێدابووبێت کە بۆ شاعیرانی هاوسەردەمی نووسیون. ناکرێ لەبەر ئەم هۆکارە بووبێت کە هەندێ لەو شیعرانەی ون کرابن؟ پرسیارێکە ماوەیەکی زۆرە بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێم.



ڕووداو
ژمارە ( 428 ) - دووشەممە 2016/10/17

ڕەخنەگران: موزیسیەنێک شایستەی نۆبڵی ئەدەبی نەبوو

# نۆبڵەکەی بۆب دیلەن مشتومڕ دەنێتەوە

ڕووداو - هەولێر

خەڵاتی نۆبڵ، وەکوو زۆربەی خەڵاتە ئەدەبییەکانی دیکە، هەمیشە قسەوباسی زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێ؛ لەوانەش: "ئایا براوەی ئەمساڵ شایستە بوو؟".. "ئایا ئەدیبێکی دیکە لە ناو هەمان لیستدا شایستەتر نەبوو؟" خەڵاتەکەی ئەمساڵ نەک هەر قسەوباس بەڵکو مشتومڕ و ڕەخنەی زۆریشی لێکەوتەوە؛ پرسیاری زۆربەی ڕەخنەگرانیش ئەوەیە ئاخۆ بۆب دیلەن، براوەی ئەمساڵی خەڵاتەکە، دەچێتە خانەی ئەدیبەکانەوە؟ ئایا شیعری گۆرانی دەکەوێتە خانەی ئەدەبیاتەوە؟

ڕۆژی پێنجشەممە 13ی تشرینی یەکەم، سەرۆکی هەمیشەیی ئەکادیمیای سویدی، سارا دانیوس، لە کاتی خوێندنەوەی ناوی براوەی ئەمساڵی خەڵاتەکەدا ڕایگەیاند کە هۆکاری بەخشینی خەڵاتەکە بە بۆب دیلەن "ئافراندنی شێوازی دەربڕینی شاعیرانەی نوێیە لە نێو نەریتی لیریکی ئەمریکیدا". دانیوس جەختی لەسەر ئەوەش کردووە کە "بڕیارەکە بڕیارێکی قورس نەبووە".

بۆب دیلەن، کە ناوە فەرمییەکەی ڕۆبێرت ئالن زیمەرمانە، لە 24ی ئایاری 1941 لە شاری دەلووس، لە ویلایەتی مینیسوتا لە ئەمریکا لە دایک بووە. ئەو بە ڕەچەڵەک جووە و باوانی باوکی لە پارێزگای قارس لە باکووری کوردستان نیشتەجێ بوون.

ساڵی 1962 لەژێر کاریگەریی ناوی دیلەن تۆماس، شاعیری وێڵزی، ناوی خۆی بۆ ڕۆبەرت دیلەن و دواتریش بۆب دیلەن گۆڕی. لە هەڤپەیڤینێکدا لە ساڵی 2004 بەم شێوەیە باسی هۆکاری ناوگۆڕینەکەی خۆی کرد: "ئێمە لە دایباوکێکەوە دەبین کە دایباوکی ئێمە نین، ناوێکمان لێدەنرێ کە ناوی ئێمە نییە. ئەمە شتێکە بەردەوام ڕوودەدات. تۆ دەتوانی هەر ناوێک کە خۆت حەزت لێیە لە خۆتی بنێی".

لە ساڵی 1960 بۆب دیلەن لە مینیسوتاوە ڕووی لە نیۆیۆرک کرد، بۆ ئەوەی ببێ بە شوێنکەوتووی وودی گوسری، گۆرانیبێژ و لیریکنووسی بەناوبانگی ئەمریکی، هەر لەویشەوە تێمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نێو ئاوازەکانی بە میرات وەرگرت. لە نیویۆرک کلوبەکان یەکەم پێگەی دەرکەوتنی ئەو گەنجە 21 ساڵانە بوون. هەر لەوێشەوە بە جۆن هامۆند، بەرهەمێنەری موزیک لە کۆمپانیای کۆڵۆمبیا ڕێکۆردز، ئاشنا بوو.

لە تەمەنی 22 ساڵیدا یەکەم بەرهەمی خۆی بە ناوی "بۆب دیلەن" بە هاوکاریی کۆڵۆمبیا ڕێکۆردز بڵاوکردەوە، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا و تەنها 5 هەزار دانەی لێ فرۆشرا.

ساڵی 1962 ، دیلەن بە لیریک و ئاوازی "Blowin in the Wind" (هەناسەدان لە بادا) نەک هەر وەڵامی ڕەخنەگرانی دایەوە، بەڵکو ئەمە بوو بەو شیعر و ئاوازەی دیلەنی پێ دەناسرێتەوە. ئەم گۆرانییە لە ساڵی 2004 خرایە نێو تەلاری ناودارانی گرێمی و لە لایەن گۆڤاری ڕۆڵینگ ستۆنەوە لە کۆی 500 لیریکی بەناوبانگی جیهانی، لە پلەی چواردەیەم دانرا.

بۆب دیلەن وردە وردە وەکوو موزیسیەنی نارەزایەتییەکان ناوی دەردەکرد، بەڵام لە 1964 خۆی لە بزووتنەوە کرێکاری و مەدەنییەکان دوورخستەوە، لە حوزەیرانی هەمان ساڵیش و بە یەک ئێوارە ئەلبوومی "Another Side of Bob Dylan" (دیوێکی دیکەی بۆب دیلەن)ی ئامادەی بڵاوکردنەوە کرد، کە ژمارەیەک گۆرانی خۆشەویستی لەخۆدەگرت. دیلەن هەستی کردبوو بزووتنەوە مەدەنی و سیاسییەکان بەکاریان هێناوە. بەشێک لەم هەڵوێستەی بۆب دیلەن پەیوەندی بە تایبەتمەندی کەسێتیی گۆشەگیر و شەرمنی ئەوەوە هەیە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی هونەریدا بینراوە. هەڵبەت ئەمە سەرەتایەکیش بوو بۆ ئەوەی شێوازەکانی دیکەی موزیک و لیریک تاقی بکاتەوە. ئەو بە ژمارەیەکی زۆر ستایل گۆرانی گوتووە، لەوانەش فۆڵک، فۆڵک ڕۆک، ڕۆک، کانتری، بلووز و ڕاک ئەند ڕۆڵ.

### کاردانەوەکان:

نۆبڵی ئەدەبی ئەمساڵ شۆک بوو. ئەوە یەکەمجارە لە ماوەی 115 ساڵی ڕابردوودا شاعیرێکی گۆرانی یان کەسێکی سەر بە کولتووره جەماوەرییەکە خەڵاتی نۆبڵ بەرێتەوە. کێشەکەش تەنها ئەوە نەبوو ئاخۆ بۆب دیلەن شایستەی خەڵاتەکە بوو یان نا، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە ئاخۆ کەسێک کە لە بنەڕەتدا بە گۆرانیبێژ و موزیسیەن ناسراوە دەکرێ ئەسڵەن کاندیدی خەڵاتەکە بێ.

سەلمان ڕوشدی، ڕۆماننووس و نووسەری بەریتانی بەڕەچەڵەک هیندی، بەمجۆرە وەڵامی ڕەخنەگرانی خەڵاتەکەی ئەمساڵی دایەوە: "سنوورەکانی ئەدەبیات خەریکە فراوانتر دەبێتەوە و دڵخۆشم بەوەی ئەمساڵ خەڵاتی نۆبڵ دانی بەم ڕاستییەدا نا". ئەندرو مۆشن، شاعیر و ڕۆماننووسی بەناوبانگی بەریتانیش، گوتی کە لیژنەی نۆبڵ بە بەخشینی ئەم خەڵاتە "دانیان بە بەهرەی دیلەندا نا".

ئالێکسیس پێتریدیس، ڕەخنەگری ئەدەبیات و هونەر لە ڕۆژنامەی گاردیەن، لە وەڵامی ڕوشدی و لایەنگرانی خەڵاتەکەی ئەمساڵدا باسی ئەوەی کرد کە لیریک ناتوانێ بەشێک لە ئەدەبیات بێ، "لەبەر ئەوەی ئەمجۆرە دەقانە بۆشاییەکیان تێدایە کە دەبێ موزیک پڕی بکاتەوە"، هەر بۆیە "هیچ کەسێک دانانیشێ لیریکێک بخوێنێتەوە، وەکوو چۆن دەقێکی شیعری دەخوێنێتەوە".


پێتریدیس پێیوایە ناکرێ خەڵاتێک کە تەنیا ئەدەبییە، بە کەسێک بدرێ کە لە بنەڕەتدا موزیسیەنە و ناوبانگە ئەدەبییەکەشی بۆ مۆسیقاکەی دەگەڕێتەوە.

ئاننا نۆرس، ڕەخنەگری ئەدەبیات، لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "بۆب دیلەن شایستەی خەڵاتی نۆبڵ نەبوو"، نەک هەر لەبەر ئەوەی دیلەن لیریکنووسە و ئەدیب نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە خەڵاتەکەی ئەمساڵ هیچ خزمەتێک بە ئەدەبیات ناکات، وەک چۆن هیچ خزمەتێکیش بە دیلەن ناکات کە هەتا ئێستا چەندین خەڵاتی موزیکی جیهانی، لەوانەش گرامی و ئۆسکاری بردووەتەوە.

بەڕای نۆرس "لە کاتێکدا کە خوێندنەوەی ئەدەبیات ڕووی لە کزی کردووە، خەڵاتە ئەدەبییەکان بایەخێکی زۆریان هەیە"، دەکرێ سەرلەنوێ ژمارەی خوێنەرانی ئەدیبێکی ناسراو بەرز بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەخشینی خەڵاتێکی وەک نۆبڵ بە ڕۆماننووس یان شاعیرێک دەشێ ئاماژەیەکیش بێ بەوەی "ئەدەبیات هەتا ئێستاش گرنگە".

ڕەنگە لیژنەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بە نیازبووێت بەم بڕیارەی ئەمساڵ ڕێچکەیەکی نوێ بە خەڵاتەکە بدەن. نۆرس پێیوایە بۆ ئەم مەبەستەش بژاری زۆر گونجاوتر لە بۆب دیلەن لەبەردەست بوون، لەوانەش کەسانێک کە تازەگەرییان لە فۆرمە ئەدەبییەکاندا کردووە، یانیش نووسەرێکی خەڵکی وڵاتە هەژارەکان کە کاریگەری بەرچاوی لەسەر کۆمەڵگای خۆی هەیە.

شەوی پێنجشەممە، بۆب دیلەن لە لاس ڤیگاس کۆنسێرتێکی ساز کرد، بەڵام بە یەک وشەش ئاماژەی بەو خەڵاتە نەکرد کە لە ماوەی 22 ساڵی ڕابردوودا یەکەمجارە بە کەسێکی خەڵکی ئەمریکا دەبەخشرێ.





# لەڕوانگەی(ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(11)

ئەوەی تۆ پێت وایە خۆشەویستییە، ئارەزوویەکی بایۆلۆجییە، پێوەندیی بە کیمیای لەش و هۆرمۆنەوە هەیە، حەزە، ئەوین نییە. حەز گەمەیەکە لەنێوان دوو جەستەدا، لای مەل و ئاژەڵیش هەیە. ئەوی بزانێت خۆشەویستی چییە، ئینسانێکی بێدەنگ و بێوەی لێ دەردەچێت، ئینسانێک لەگەڵ خۆیدا تەبا دەبێت. خۆشەویستی لای ئینسانی وا، بریتی نییە لە پێوەندیی نێوان دوو کەس، وەک سێبەری وایە، بۆ هەر کوێ و بۆ لای هەر کەسێک بچێت، لەگەڵیدا دەبێت و ئینسانی وا هەمیشە لە دۆخی خۆشەویستیدا دەژی. سوکرات گوتوویەتی: ئەوی خۆشەویستی بناسێت، حەقیقەتیش دەناسێت، ئاخر دوو ناوی یەک ئەزموونن.

خۆشەویستی بریتییە لە بەخشین، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بین شتێک وەربگرین، ئاخر خۆشەویستی نە گرێبەستی تێدایە، نە هاوبەشییەکی مەرجدارە. ئەوە خۆشەویستی نییە، بۆیە کەسێکمان خۆش بوێت، چونکە داخوازییەکانمان جێبەجێ دەکات، ئاخر لە خۆشەویستیدا، بەختەوەری بریتییە لە بەخشین. خۆشەویستی ئەوەیە گەشە بە ڕۆحمان بدات، نەک جەستەمان تێر بکات. لە خۆشەویستیدا کە دۆخێکی ئازادی خۆبەخشانەیە، عاشق بە ئومێدی پاداشت نییە. خۆشەویستیی ساختە ئەوەیە، تۆ هەر چی بۆ ئەو بکەیت، ئەو هەر بە کەمتەرخەمت بزانێت و هەر چاوەڕێی شتی دیکە بێت. ئەوە خۆشەویستی نییە، ئەم گیرۆدەی ئەو بێت، خۆشەویستی ئەوەیە ئەم بایەخ بەو بدات. خۆشەویستی مەزنترین ئەزموونی ژیانە، ئەوی ئەو ئەزموونەی نەبێت، دەرکی بە مانای ژیان نەکردووە.

ئەوی هیچ لەبارەی خۆشەویستییەوە نەزانێت، هیچ لەبارەی خوایشەوە نازانێت، با خۆی وەک خواناسیش نمایش بکات. ئەوی بە ئەزموونی خۆشەویستیدا ڕەت بوویێت، پێی شەرمە ڕۆڵی واعیز ببینێت. خۆشەویستی بۆ ڕۆح، وەک خۆراکە بۆ لەش، وەک چۆن لەش بەبێ خۆراک لاواز دەبێت، ڕۆحیش بەبێ خۆشەویستی لاواز دەبێت. هیچ دەسەڵاتێک، سیاسی بێت، یان ئایینی، پێی خۆش نییە ڕۆحمان بەهێز بێت، ئاخر ئەوی خاوەنی ڕۆحێکی بەهێز بێت، ملی کەچ ناکات. ئەوە ڕۆحی بەهێزە، فێری بەرزفڕینمان دەکات و لێ ناگەڕێت کەویی بکرێین. وەک چۆن مێش لەسەر شتی پیس دەژی، پیاوانی ئایین و پیاوانی دەسەڵاتیش، لەسەر خەڵکانی ڕۆحلاواز دەژین.

بوودا فێرمان دەکات خودی خۆمان خۆش بوێت. ئەگەر خۆت خۆش نەوێت، نە کەسانی دیکەت خۆش دەوێت، نە سرووشتیش. پیاوانی ئایین و پیاوانی دەسەڵات، ئیش بۆ ئەوە دەکەن، خودی تۆ بسڕنەوە، خۆت خۆش نەوێت و ڕۆحت لاواز بێت، تا وەک ئەڵقەیەک بتکەنە پەنجەیان و بتکەن بە قوربانی خواستەکانی خۆیان. ئەوە ڕاست نییە کە دەڵێن، ئەوی خۆی خۆش بوێت، خۆپەرستە، ئاخر ئەگەر خۆت خۆش نەوێت، کەسی دیکەشت خۆش ناوێت. کە لێ ناگەڕێن خۆمان خۆش بوێت، بەوە دەیانەوێت توانای خۆشویستنی ئەوانی دیکەمان تێدا بکوژن. ئینسانێک ڕێزی خۆی بگرێت و خۆی خۆش بوێت، ڕێز و خۆشەویستیی بۆ ئەوانی دیکەیش هەیە، ئاخر ئینسانەکان بە چاوپۆشین لە جیاوازییەکانیان، بەشێکن لە هەمان سرووشت، لەژێر هەمان ئاسماندا دەژین و هەمان بەهایان هەیە.

خۆشەویستی نە ئەرکی سەر شانە، نە خزمەتە، ئەوانەی خۆیان بەوەوە با دەدەن، لەبەر خزمەتی مرۆڤایەتی، خۆیان فەرامۆش کردووە، کەسە دووڕووەکانی نێو کۆمەڵن، ئاخر ئەوی خۆشەویستی بفامێت، هەرچی بۆ مرۆڤایەتی بکات، هێشتا پێی وایە کەمی کردووە و دەیتوانی زیاتر بکات، ئاخر تاقە کەسێک توانای ئەوەی هەیە هەموو گەردوون پڕ بکات لە خۆشەویستی، وەک ئەوەی مەسیح وگاندی کردیان. مەسیح پەیامی خۆشەویستیی پێبوو، بەڵام دواتر دەسەڵات بەد سوودی لەو پەیامە وەرگرت. بۆچی نازم حیکمەت داستانەشیعرێکی لە ستایشی شێخ بەدرەددینی کوڕی قازیی سیماونەدا نووسی؟ چونکە ئەو سۆفییە دڵ پڕ لە خۆشەویستییە، لەپێناوی خەڵکدا، لە دژی سوڵتانی زاڵمی عوسمانی ڕاپەڕیبوو.

خۆشەویستی تاکە ئەزموونە کە لەسەروو زەمەنەوە بێت، ئاخر ساتەوەختێک لە خۆشەویستی، تا ئەبەد درێژەی دەبێت. خۆشەویستی ددان بە مەرگدا نانێت، ئەوە بۆیە عاشق لە مەرگ ناترسێت. ناتوانیت ببیت بە بەشێک لە گەردوون، ئەگەر دڵت هەواری خۆشەویستی نەبێت. بۆچی پیشەی واعیز پشت بە فریودان دەبەستێت؟ چونکە ئینسان کە سەروەری گەردوونە، لە ڕۆڵی کۆیلەیەکی کەساس بەولاوە، هیچ ڕۆڵێکی دیکەی پێ ڕەوا نابینێت، چونکە لێ ناگەڕێت، ئینسان خودی خۆی خۆش بوێت، لە خۆی ڕابمێنێت و گەشە بە ڕۆحی خۆی بدات، چونکە ئینسانی لەبەر چاوی خودی خۆی ناشیرین کردووە.

بوودا دەڵێت: خۆت خۆش بوێت، سوکراتیش دەبێژێت: خۆت بناسە. پێوەندییەکی پتەو لەنێوان خۆخۆشویستن و خۆناسیندا هەیە، ئاخر ئەگەر خۆمان خۆش نەوێت، هەوڵ نادەین خۆمان بناسین، چونکە خۆشەویستی پێش زانین دێت، چونکە خۆشەویستی ڕێگەیەکە بەرەو زانینمان دەبات. خۆخۆشویستن ئەوەیە، خۆتت قەبووڵ بێت، وەکوو هەیت، هیچی خۆت نەشاریتەوە و سەرکوتی نەکەیت، چونکە ئەگەر لایەنێکی خۆت سەرکوت کرد، ناتوانیت چاودێریی خۆت بکەیت و خۆت چاک بکەیت. چاودێریی لای بوودا بە مانای ڕامان دێت، ئەگەر چاودێریی خۆمان بکەین، هۆشیار دەبین و وەک مرۆڤ ڕەوتار دەکەین، نەک وەک نامێر.

لە دونیادا ئایین ئەوەندە زۆرە لە هەزاری تێپەڕاندووە، کەس مافی ئەوەی نییە، ئایینی خۆی بە پاساوی ئەوەی زۆرینە دوای کەوتوون، یان ئاسمانییە، یان دوا وەحییە، لە ئایینی ئەوانی دیکە بە باڵاتر لە قەڵەم بدات و خۆی پێ بەبەهاتر بێت، چونکە ئینسان بەچاوپۆشین لەوەی سەر بە چ دینێکە، پڕبەهاترین سەرمایەیە و لەسەروو ئایینیشەوەیە. ئەو هەموو ئایینە هەیە، بەڵام تەنیا یەک واقیع هەیە، بۆیە فەریادرەس ئەوەیە، خۆشەویستی جێی ئایین بگرێتەوە کە هەمووان دەتوانن لە دەوری کۆ ببنەوە و ئەوە هەر خۆشەویستییە، وا دەکات ڕۆحی ئینسان هێندە بەرز بفڕێت، ئاسمان تەی بکات.

11ی ئۆکتۆبەری 2016
ستۆکهۆڵم

(*) أوشو، الحب و الحرية و الفردانية، ترجمة: میتم الضايع، دار الحوار 2013 اللاذقية.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# گێنێسی کوردی

هێشتا بە کوردی نەزانیوە تۆماری گێنێس، دەنا نەک سەردان، بارەگایەکی لە کوردستاندا دەکردەوە. لاپەڕەیەکیش نا، پاشکۆیەکی بۆ کورد تەرخان دەکرد.

تۆمارەکانی نێو گێنێس تا ئێستا گەورەترین، درێژترین، پانترین و چەند ترینێکی دیکەن. فەقەهی کورد قۆڕترین و بێتامترین و بێماناترین دەبن.

مونشەقترین حیزبی کوردی، سەرقاڵی ئەوەیە ئەو حیزبەی ئینشیقاقی لێکردووە، یەکڕیز و یەکپارچە بمێنێتەوە. هەقی خۆیەتی گۆڕان وەک هەزەلیترین مونشەق، ناوی بچێتە تۆماری گێنێسەوە.

لەوەتەی "یەکێتی نیشتمانی" هەیە، یەک ڕۆژیش نە لە نێو خۆیدا یەک بووە، نە لەگەڵ هیچ حیزبێکی دیکەدا. خەڵک کۆدەبنەوە تا لەیەک نزیک ببنەوە، یەکێتی کۆببێتەوە لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە، بەوەدا نزیکەی چل ساڵە یەکێتی بە پێچەوانەی ناوی خۆیەوە کار دەکات، بە لێهاتووییەوە شایستەی ئەوەیە وەک لینگەوقووچترین پارتی سیاسی ناوی بچێتە تۆماری گێنێسەوە.

بەریتانیا دەستووری نییە، بە پەرلەمانەکەی بووەتە نموونەی دیموکراسیی دونیا. پارتە دیموکراتەکەی ئێمە، بۆ ئەوەی دیموکراسی بچەسپێنێ، پەرلەمانی لەکار خست. سووکە فەرمانبەرێکی ئەو گێنێسە بام، وەک نادیموکراتترین دیموکراتی دونیا، پێ دال کافم تێدا تۆمار دەکرد.

نزیکەی نیوەی داعشی کوردی، ڕۆژێ لە ڕۆژان نانێکیان لەسەر سفرەی کۆمەڵ خواردووە، کەچی کۆمەڵ گلەیی لە نادادپەروەریی دەسەڵاتی خۆجێیی هەیە، لەوانەیە تا ئێستا ئەو بابەی تێدا نەبێ تۆماری گێنێس، دەنا جێی خۆی بوو وەک ئازادترین ئیکستریمست، کۆمەڵی تێدا تۆمار کرابا.

کورد بە لینگەوقووچی لە دونیا گەیشتووە، لە بری ئەوەی وەزیرێکی باشتر بۆ وەزارەتێک پەیدا بکات، وەزیر دەردەکات تا وەزارەت باشتر کار بکات. سەرۆکی پەرلەمان دەردەکات، تا شکۆی پەرلەمان نەڕووشێ. چارەکە مووچە دەکاتە هەواڵی بەپەلە. ئەمانە بۆ گێنێس سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی تۆماری بێوێنەن. ئاخر ئەوان بەدوای تۆمارکردنی (بێوێنە) (ترین)ەوەن، نازانن ئێمە لە (ترین)دا (بێوێنە)ین.

فەرەنساییەک خۆی دەدڕێنێ تا درێژترین سەموون دروست بکات، گەوجە سەموون چییە؟ وەرە درێژترین مێژووی خۆخۆرییت نیشان بدەم. ئیتاڵیاییەک خەون بەوەوە دەبینێ پانترین پیزا دروست بکات، ڕۆڵە وەرە تەماشای پانترین پینە و پەڕۆی بەدەوڵەتبوون بکە. یەکێ دێت لە قوتووی بەتاڵ پەیکەرێ دروست دەکات، نازانێ ئێمە وا یەک میللەتی تەواو دەکەین بە قوتووی بەتاڵ. خەڵکی نەوتیان هەیە و دەیفرۆشن، ئێمە هەمانە و دەیکڕین. لە دونیادا خەڵک تێرن و حکوومەت برسی، لای ئێمە حکوومەتی تێر جرت بۆ میللەتی برسی لێدەدا. پاپای خەڵکی دەستی ئەم و ئەو ماچ دەکا، کۆلکە مەلا لای ئێمە زمانی زانا بە برین دەدا.

گێنێس هێشتا بە کوردی نەزانیوە، پەشیمان بوومەوە، بارەگای چی، هەقە هێدکوارتەر بێنێتە کوردستان.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# گۆڕینی دوژمنی ئیسلام

ئیسلام خەریکە سیمای لە ئاینەوە بۆ شتێکی دیکە دەگۆڕێت. ئێستا جیهان بە چاوێکی جیاواز لە ئیسلام دەڕوانێت، وەک ئایدیۆلۆجیایەک بۆ بەرهەمهێنانی توندڕەوی وێنای دەکەن نەک ئاینێک بۆ ئاشتی و پێکەوەژیانی مرۆڤ. هۆکارگەلی زۆر هەن بۆ ئەوەی ئەم ئاینە بەو جۆرە بناسرێت. لەناو جیهانی ئیسلامیدا ڕەفتاری توندڕەوانەی گرووپە ئیسلامییەکان، دڵڕەقی و تاوانکاریی نامرۆڤانە، بەکۆمەڵکوشتن و سەربڕین و سووتاندن و خۆکوژی و چەندین شێوازی تری مرۆڤ کوشتن، بووە بە وێنایەکی ترسناک بۆ ناسینەوەی ئیسلام وەک سەرچاوەی هەڕەشە لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی.

لەپاڵ ئەو وێنا مەترسیدارە بۆ سەرزەمینی موسوڵمانان، بەهۆی کرانەوەی جیهان بەڕووی یەکتری، کۆچی بەلێشاوی خەڵکی موسوڵمان بۆ وڵاتانی نائیسلامی، گەشەکردن و بەرفراوانبوونی مەودای زیاتر بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە دونیای ڕۆژئاوا، ترس و نیگەرانی گەورەی لای ئاینەکانی دیکە دروست کردووە. چونکە ئێستا ئیسلام وا نابینن (لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ)، پێیانوایە ئەم ئایدیۆلۆجیایە مرۆڤێک بەرهەم دەهێنێت کە ئاین و ئایدیۆلۆجیای تری قبوڵ نییە، دوژمنایەتیکردنی ئیسرائیل، دوژمنایەتی ئەمریکا، ئەورووپا و کۆمۆنیزم بوون بە خەسڵەتی ناسینی ئیسلام وەک ڕەتکەرەوەی هەموو شتێک جگە لە خۆی.

ڕووداوەکانی نیو سەدەی ڕابردوو، ئەو تاوان و تیرۆرکاریانەی گرووپگەلی ئیسلامی لە دەرەوەی نیشتمانی خۆی ئەنجامی داون، دەستگەیشتنی گرووپەکانی ئیسلامی بە ناوەندە هەستیار و ستراتیژییەکانی ئەمریکا و ئەورووپا، ستراتیجی مامەڵەی ڕۆژئاوای بەرامبەر بە ئیسلام گۆڕیوە. ئەگەر لە سەدەی ڕابردوودا بە دروستکردنی چەندین دەوڵەتی ئیسلامیی سوننەمەزهەب و پێدانی کۆمەک و هاوکاری دەیانویست جیهانێکی سەقامگیر دروست بکەن، ئەنجامەکەی پێچەوانە کەوتەوە، ئەم دەوڵەتانە بوونە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی فکری توندڕەوی و پاڵپشت بۆ دروستبوونی ڕێکخراوی وەک قاعیدە و داعش، ئیسلامێک بەرهەم هات دژی هەموو جیاوازییەکان.

ئەگەر سەدەی بیست سەدەی پشتیوانیی سوننە بووبێت، دەبینی لە دەستپێکی ئەم سەدەیەوە جۆرێک لە مەیلی پشتیوانی بۆ شیعە هەیە، وەک سەرەتایەکیش بۆ ڕەوایەتیدان بەم ستراتیژە نوێیە، ئەوە دەخرێتە ڕوو کە شیعە وابەستەن بە مەرجەعیەتەوە، ئەو پابەندێتییەیان لە توندوتیژی و تیرۆر دووریان دەخاتەوە. ئەمە پاساوی پشتکردنە سوننە و ڕەوایەتیدانە بە زاڵبوونی هەیمەنەی شیعە لە وڵاتانی ئیسلامیدا. بەڵام حەقیقەتەکە ئەمە نییە، بەڵکوو کارکردنە بۆ دروستکردنی بلۆکی شیعی، وەک چۆن لە سەدەی ڕابردوودا بلۆکێکی گەورەی سوننەیان ئامادە کردووە و پڕچەکیان کردوون.

داڕێژەرانی سیاسەتی نێودەوڵەتی کە عەرەب و ئیسلام تێیدا بەشدار نین، وەک قۆناغی یەکەم بەپشتیوانیکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێزی شیعی لە (ئێران) بناغەی ئەم ستراتیژەیان دارشت، ئێرانێک لە سەردەمی شا ڕکابەری ڕۆژئاوای دەکرد، دەیوست ببێتە یەکێک لە حەوت وڵاتی بەهێزی پیشەسازیی جیهان، ئایدیۆلۆجیایەکیان بۆ هێنا هەموو سەرنجی لەسەر پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بێت بۆ سەندنەوەی تۆڵەی حوسێن لە نەوەکانی مەعاویە.

ئێستا ڕۆژئاوا و لەسەرووی هەمووشیانەوە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەچاوپۆشیکردن و زەمینەخۆشکردن بۆ زاڵبوونی هەیمەنەی شیعە، دەیانەوێ پێگەی شیعەش بگەیەنن بە ئاستی پێگەی سوننە لە نیشتمانی ئیسلامدا، بە هەڵدانەوەی ناکۆکییە کۆنەکانی نێوان ئەم دوو مەزهەبە، دەیانەوێ سەرنجی ئیسلام بگۆڕن لەوەی ئاینەکانی دیکە و ئایدیۆلۆجیاکانی دیکە بە دوژمنی خۆی بزانێت، ستراتیژی تازەی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە دەبێ ئیسلام یەک دوژمنی هەبێت ئەویش ئیسلام خۆیەتی. نابێت شیعە مەرگ بۆ ئەمریکا بخوازێت و ئیسرائیل بە دوژمنی خۆی ببینێت. سوننە ببێتە مەترسی لەسەر ئایدیۆلۆجیا و ئاینەکانی دیکە، دەبێت دوژمنی سوننە تەنها شیعە بێت و دوژمنی شیعەش سوننەکان بن. بەمەش لە قۆناغی دووەمدا ئەم دوو بلۆکە بەریەک دەکەون و دەبێتە بەدیل بۆ جەنگی سێیەمی جیهانی.

پێچەوانەی ئەوچاوەڕوانیانەی کە بەریەککەوتنی بەرەی ڕۆژئاوا و ڕووسیا ببێتە مایەی جەنگێکی گەورە، زەمینەی واقیعیی ئەو جەنگە بوونی نییە، ئەگەری بەریەککەوتنی (ئێران) لەگەڵ یەکێک لە سێ زلهێزە سوننییەکان (پاکستان، تورکیا، سعودیە) ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوترە و دەچێتە چوارچێوەی پلانی ئەو ستراتیژە نێودەوڵەتییەوە. داعش یەکێک لە ئامرازەکانی خێراکردنی گەیشتنە بەو ستراتیژە نێودەوڵەتییە، شەڕی مووسڵ و پاشان ڕەققە لە سووریا دەستپێکی هەنگاوە کردارییەکانی ئەو جەنگە دەبن، ئەوەی وێنا دەکرێت بۆ هەڵگیرساندنی جەنگێکی گەورەی جیهانی، لە دوو دەیەی داهاتوودا بە دەیان ملیۆن موسوڵمان بەناوی جیهادەوە دەکوژرێن، بێ ئەوەی بزانن بۆچی یەکتر دەکوژن. لەلایەک توانا مرۆییەکەی جیهانی ئیسلامی و لەلایەکی تریشەوە توانا ئابوورییەکەی وڵاتە نەوتییە ئیسلامییەکان لە ئاشی ئەو جەنگەدا دەهاڕدرێ.

ڕۆژئاوا هیچ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا نەماوە جگە لەم کارە، چونکە ئێستا ئیسلام تەنها لە نیشتمانی موسوڵمانەکاندا نەبووە بە هەڕەشە لەسەر مرۆڤ، بەڵکوو مەترسییە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. ئیسلام گەیشتووە بە هەموو بستە خاکێکی سەر ڕووی زەمین. سەرباری ئەوەی بە یاسا و ڕێساکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا هەموو مافێکی وەک یەکی دەستەبەر کراوە بۆ ئەو لێشاوە موسوڵمانەی ڕووی تێکردوون، مافی ژیان و خوێندن و بەشداری لەکایەکانی کۆمەڵگە، وەک هەر تاکێکی خۆیان، ڕەخساندنی زەمینەی بەئازادی پەیڕەوکردنی بیروباوەڕ و هەموو مافێکی دیکە.

هەموو ئەو دەستەبەرییانە کە ئامانج لێی ڕاهێنانیانە بەو کۆمەڵگە هاوچەرخ و شێوازە لە ژیان، کەچی ئەم ئاینە لەوێش بووە بە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە لە سیستەم و لە دابونەریت و کولتوور و ئاینەکانیان. هەموو ڕێگە تاقیکراوەکان بە بنبەست گەیشتوون لە پێکەوەژیانی ئیسلام لەگەڵ ئاینەکانی دیکە، تاکە ڕێگەی ناچاریی ئەوەیە کە ئیسلام بگێڕنەوە بۆ زێدی سەرهەڵدان و نیشتمانەکەی خۆی. هەنگاوی یەکەم گۆڕینی سەرنجی ئیسلامە لە هەڵبژاردنی دوژمنەکەی، دواتریش جەنگی دوژمنەکان وەک ئیسفنج چۆن ئاو هەڵدەمژێ، توندڕەوەکان پەلکێش دەکاتەوە بۆ گۆڕەپانی جەنگ.

ئێستا ئامادەسازییەکانی بەهێزکردنی هەردوو جەمسەری سوننە و شیعە لە قۆناغەکانی کۆتاییدان، تاوانە دڕندانەکانی داعش و ڕەفتارە تۆقێنەرەکانی گرووپە شیعییەکان بەرامبەر بە سوننە، زەمینە دەروونییەکەی بۆ جیهادییەکانی هەردوولا خۆش کردووە، کۆتایی شەڕی سووریا هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ئیسلام و ئیسلام دەبێت، مەگەر لە حاڵێکدا عاقڵمەندانی جیهانی ئیسلامی بتوانن پرۆژەیەک بۆ سوڵحی نێوان (حوسێن و مەعاویە) سەربخەن کە ئەوەش مەحاڵە.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# بورکینی و ئافرەتە غەدرلێکراوەکان

هاوینی ئەمساڵ، چەند شارەوانییەکی فەرەنسا بڕیاریان دا کە ڕێ نەدەن ئافرەتانی موسوڵمان لە کەنار دەریا بە (بورکینی) یەوە مەلە بکەن کە جلوبەرگێکی داهێنراوی ئوسترالییە و سەرتاپای ئافرەت دادەپۆشێ. ئەوەش بەو بیانووەی کە ئەم جۆرە دەرکەوتنە دژی بنەماکانی سێکولاریزمی فەرەنسایە و نابێت هاووڵاتی لە خۆنمایشکردندا ئاماژەی ئاینی دەربخات، بەڵام ئەم بڕیارە لە دیدی لایەنگرانی ئەو ئافرەتانەوە پێشێلکردنی ئازادیی تاکەکەسە کە لە شوێنی گشتیدا مافی پۆشینی جلوبەرگی بەپێی مۆدێل و ڕەنگ و خواستی خۆی هەیە. هەر ئەمەش وای لە (ئەنجوومەنی دەوڵەت) وەک باڵاترین دەسەڵاتی یاسایی کرد پشتگیریی بڕیاری ئەو شارەوانیانە نەکات.

ئەمە جاری یەکەم نییە جەستەی ئافرەتی موسوڵمان لەلایەن ئیسلامییەکان و فەرەنساشەوە دەکرێتە ناوەندی ململانێی ئیسلام لەگەڵ سیستەمی سێکولاری فەرەنسی. هەڵە نییە بڵێین کە ئیسلامی سیاسی فەرەنسی لەگەڵ کێشەی سێ کیژی باڵاپۆشی خوێندکاری ناوەندییەوە لە ساڵی 1989، بەریەککەوتنی لەنێوان کۆمەڵگەی سێکولاری فەرەنسی و ڕەوەندی ئیسلامیدا دروست کرد و لەوێوە بە زەقی دیاردەیەک بەناوی ئیسلامی سیاسی لە فەرەنسا سەری هەڵدا کە لە بەرگریکردن لە مافی پۆشینی حیجابەوە پەلی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم سیستەمی سێکولاری فەرەنسی هاویشتووە. لەملاشەوە کۆمەڵگەی فەرەنسی بە ڕۆڵی خۆی لە ئاستی دەزگا دەسەڵاتدارەکانی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتیدا بەشدار بووە لە وروژاندنی ئەم جەدەلە بە زیاتر قسەکردن لەسەر پرسی ئیسلام و ڕەوەندی ئیسلامی لەڕێگەی ئافرەتە باڵاپۆشەکانیەوە لە وڵاتێکدا کە خاوەن پێشینەیەکی شۆڕشگێڕی و لانکەی بزووتنەوەی فێمینیستییە و جیاواز لە زۆر کۆمەڵگەی دیکە، ئازادییەکی ڕەوای بە ئافرەت بەخشیوە، بەتایبەتی ئازادیی خاوەندارێتی جەستەی خۆی. بەڵام جێی داخە لەم ململانێیەدا خواستی ژیان و حەزەکانی جەستەی ئەو توێژەی ئافرەتان کە بووەتە بابەتی بەکاربردنی سیاسی و میدیاکان و ململانێی حیزبەکان، هەرگیز باس نەکراوە، وەک ئەوەی چۆن ئافرەتی موسوڵمان شوێنێکی شەرەفمەندانەی لە ئیسلامدا نییە، ئاواش شوێنێکی لەناو کۆمەڵگەی ئازادی ئەورووپی و فەرەنسیشدا نەبێتەوە.

مێژووی غەدر لە ئافرەت گرێدراوی مێژووی ئاینەکانە. شوێنێکی شایستە و هاوتای پیاوی لەناو هیچ ئاینێکدا پێ نەدراوە. ئافرەت لە ئیسلامدا بەپێی چەندین ئایەت، بە کەمتر لە پیاو و وەکو کۆیلەی ئەو وێنا دەکرێت. جەستەی ئافرەت لە ئیسلامدا کلیلی ڕاگرتنی کۆڵەکەکانی ئیمانە و موڵکی ئاینە نەک خۆی، چونکە سەرچاوەی وروژاندنی سێکس و تێکدانی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و فیتنەیە، بۆیە دەبێت داپۆشرێت. لە ئاینی یەهودیدا ئافرەت سەرچاوەی بەدبەختیی مرۆڤایەتی و یەکەمین گوناه و هەڵگەڕانەوەیە لە فەرمانی خودا، پاش هەڵخەڵەتاندنی ئادەم بە خواردنی سێوەکە و وەدەرنانیان لە بەهەشت. بۆیە خودا نۆ لەعنەتی بەسەر ئافرەتدا تا ڕۆژی مردنی سەپاندووە. لە نزای بەیانیانی یەهودیە ڕادیکاڵەکاندا پیاوان دەڵێن: (خودایە شوکور بۆ تۆ کە بە ئافرەت دروستت نەکردم)، ئافرەتیش دەبێت بڵێت: (خودایە شوکور بە بەشت کە بەو شێوەیە منت خوڵقاندووە). لە ئاینی مەسیحیشدا بەختەوەرترین ئافرەت ئەوانەن کە پاکیزە و سەراپا پۆشن و خۆیان لە لەزەتی دنیا و تێکەڵاوبوون بە جەستەی نێرینە بێبەش دەکەن و پاکیزەیی خۆیان دەخەوێنن تا لەو دنیا لەگەڵ جەستەی مەسیحدا یەکدەگرێتەوە.

شوێنی شایستەی ئافرەت لە دەرەوەی دنیای ئاین و جیهانێکدایە کە ئاین تێیدا باڵادەست و سەروەر نەبێت. ئازادیی تەواوی ئافرەت بە ئازادبوونی جەستەیی و سەندنەوەی لە ئاین و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەستی پێکرد، بە خوڵقاندنی مێژوویەک بۆ خۆی بەدەر لە مێژووی ئاین و کۆمەڵگەی پیاو کە شوێنی ئافرەت تێیدا ڕەمز و پارێزەری ئابڕووی کۆمەڵگە و خنکاندنی حەزەکانیەتی بۆ ئەوەی پیاوانی کۆمەڵگە ڕووگەش و سەربەرز بن. هەمیشە جەستەی داپۆشراو و بەحورمەتی ئافرەت زامنی شەرەفمەندیی کۆمەڵگە و سەروەریی ئاین بووە. بۆیە ئافرەت کەی توانی جەستەی خۆی لە دنیای ئاین بهێنێتە دەرێ، ئەوا خۆی و کۆمەڵگەش لە وەهمەکانی ئاکار و کەرامەت ڕزگار دەکات. ئەمەش بە شۆڕشێک دەکرێت کە چەندین سەدەی ویستووە و ئێستا تەنها بەشێکی کۆمەڵگەکانی جیهان پێی گەیشتوون.

ئەگەر بڕیارەکەی ئەو شارەوانیانەی فەرەنسا هەوڵێک بێت بۆ ئازادکردنی جەستەی ئافرەتانی موسوڵمان و نمایشکردنیان لەسەر کەناری دەریاکان، بەڵام کە لەکاتی ئێستادا شۆڕشێکی لەناو خودی ئیسلام و ژنە موسوڵمانەکاندا لە پشتەوە نییە، غەدرێکی دیکەیە لەو ئافرەتانەی جارێک ئاینی ئیسلام و کۆمەڵگەی پیاوانی موسوڵمان جەستەیان دەشارنەوە، جارێکیش فەرەنسای ئازاد و لائیک ڕێگە لەو جەستە کپکراوانە دەگرێت کە چ نەبێت بە داپۆشراویش کەمێک ئازادیی خۆیان بژین و بەر ئاوی دەریا بکەون، وەک لاوازترین هەڵگەڕانەوە لە ئاینێک کە هەموو حەزێکی ئافرەتی خستووەتە گۆڕەوە.

هیچ کیژێکی موسوڵمان نییە لەم جیهانە گەشاوەیەدا بە نوێترین مۆدێلی جلوبەرگ و جوانپۆشی، بە ویستی خۆی ڕەشپۆشی و نیقاب و پەچە هەڵبژێرێت، باوەڕ بە هیچ ئافرەتێک ناکەم لەم دنیا پڕ لەزەتەدا جەستەی خۆی بمرێنێت و بۆ ئەودنیای هەڵبگرێت. بازاڕەکانی عەرەبستانی سعودی و تاران و دوبەی و کەنداو پڕ کڕیارترین جلوبەرگی ژێرەوەی ژنانەی مارکە ناسراوەکانی جیهانن. جەستەی ئافرەتە سەرتاپا ڕەشپۆشەکانی مەککەی دڵی ئیسلام لە ژێرەوە بە جوانترین مۆدێلی مایۆ و ستیان و ژێرکراسی سێکسیی مارکەکانی شانێل و ئیڤ سانلۆران و ئارمانی و لویس ڤیوتۆن ڕازاونەتەوە کە حەسرەتی ڕۆژێک خۆوالاکردنی بەرخۆریان هەیە. کەی ئەم حەسرەتە دەبێتە شۆڕش و سەرتاپای کۆمەڵگە و ئاینێک لە وەهمی کەرامەت و شەرەف ئازاد دەکات و ئەو جەستە پڕ حەسرەت و ئارەزووانەی ژیان ڕەها دەکات؟ ئەگەر کاتی ئەو شۆڕشە نەهاتووە، چ نەبێت با ڕێگە بدرێت ئافرەتان بە جەستەی شاراوەی ژێر عەبا ڕەشەکان و بورقەع و حیجابەوە، بە کەرامەتی پیاوانی ئاین و کۆمەڵگەی حورمەتپارێزراوەوە خۆیان لە ئاوی ڕووبار و دەریاکان هەڵکێشن و هەناسەیەک بدەن. با ئاوی دەریا جەستەیان لە پشتی عەباکانەوە ختوکە بدات پێش ئەوەی مەرگ کۆتایی بە چیرۆکی خەفەکراو و نەبیستراو و پڕ حەسرەتی هەریەکێکیان بهێنێ.

ئەنجوومەنی دەوڵەتی فەرەنسا کارێکی ویژدانی و دادپەروەرانەی کرد کە پشتگیری بڕیاری شارەوانییەکانی نەکرد، بۆ ئەوەی ئافرەتانی موسوڵمانی فەرەنسا هەم لەنێو ڕەوەندی خۆیان و هەم لەلایەن کۆمەڵگەی ئازاد و سێکولاری فەرەنساشەوە غەدریان لێ نەکرێت. چونکە ئەوە هەر ژنانن کە زیاتر بوونەتە قوربانیی ئیسلامۆفۆبی و ئەو جەنگەی نێوان ئیسلامی سیاسی و ئەورووپا، ئەوە ئافرەتی موسڵمانی باڵاپۆشە کە ئەویدی ئەورووپی وێنەی ڕەشی ئیسلامی تێدا دەبینێتەوە، ئەوانن کە دەبێت لە پشتی پەچە و نیقابەکانیانەوە سەیری نیگای پڕ لە کینەی هەندێک لە ئەورووپییەکان بکەن کە وەکو بکوژی ڕۆڵەکانیان و تێکدەری ژیانی ئارام و جوانییەکانیان سەیریان دەکەن بێ ئەوەی بزانن کە بە زۆر و بە زوڵمی ئاینێکی دژە ژن سەراپاپۆش کراون.

فەرەنسا ئەگەر بیەوێت جەستەی ئافرەتانی موسوڵمان لەو سیستەمە نێرسالارییەی ڕەوەندی ئیسلامی بسەنێتەوە و بیکاتە بەشێک لە سیستەمی ئازادی فەرەنسا، با ئەو ئافرەتانەی بە باڵاپۆشی لە زیندانەکانی ماڵەوە دێنە دەرێ، ناچاری گەڕانەوە بۆ زیندانەکانیان نەکاتەوە. با لێگەڕێت جەستەی حەرامکراوی خۆیان ئەگەرچی بە بورکینیشەوە بێت، لە دەریا هەڵکێشن، چ نەبێت ئەو خۆنمایشکردنەیان ڕەتکردنەوەیەکی بێدەنگ و سەدای هاواری جەستەی ملیۆنان ئافرەتی دیل و کۆیلەی ئەو ئاین و سیستەمە داپڵۆسێنەرە و هەوڵێکی لاوازی دەربازبوونە لێی. بە هیوای ئەوەی ئەمە سەرەتای شۆڕشێکی فێمینیزمی ئیسلامی بێت کە دواجار خاوەندارێتی جەستە بۆ ئافرەتان خۆیان بگەڕێنێتەوە .



ڕابەر تەڵعەت

# ئەورووپا، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بۆچی؟

بۆ ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵ، ئەورووپا لەڕووی جیۆپۆلەتیک و سیاسییەوە دابەش ببوو بەسەر دوو بەرەدا: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (کۆمۆنیزم و دیموکراسی)، (ئابووریی سۆسیالیزم لەسەر دەستی دەوڵەت و ئابووریی کراوە و لیبرالیزم لەسەر شێوازی ئابووریی سەرمایەداری). پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە 1991، سیستەمی کۆمۆنیزم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا شکستی هێنا، ئەو وڵاتانە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی سەربازییەوە لە بۆشاییدا مانەوە، یەکەم کاردانەوەی خێراشیان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ڕووکردنە ڕۆژئاوای ئەورووپا و باوەشکردنەوە بوو بۆ ئابووریی بازاڕ و لیبرالیزمی سەرمایەداری و کرانەوەی دیموکراسی، لە ژێر دروشمی (گەڕانەوە بۆ ماڵ) واتا ماڵی ئەورووپای مەزن، ئەورووپای دیموکراسی و سەرمایەداری، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگایەکی دیکەیان لەبەردەمدا هەبێت، خۆیان لەبەر دەرگای یەکێتی ئەورووپا و ناتۆدا بینییەوە.

چوونە ژوورەوە بۆ ناو یەکێتی ئەورووپا ئەگەرچی بۆ هەردوو لایەنەکە پرۆژەیەکی خوازراو بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پرۆسەیەکی ئاسان نەبوو، زۆربەی وڵاتانی پاش کۆمۆنیزم دەبوو هەوڵێکی زۆر بدەن بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری ئەورووپای خۆرئاوا و مەرجەکانی یەکێتییەکەدا بگونجێنن، بۆ هەندێکیان پرۆسەکە نەرمتر بوو وەک لە هەندێکی تریان، ئەوەش پەیوەندی بە ئاستی گەشەکردن و توانای ئابووری ئەو وڵاتانەوە هەبوو. دامەزراندنی دیموکراسی و وەگەڕخستنی ئابوورییەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، بەربەستی یەکەم بوو لەبەردەمیاندا. 10 لەو وڵاتانە لە ساڵی 2004 دا توانییان سەرکەوتوو بن لە بوونە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا کە بریتی بوون لە پۆڵەندا، هەنگاریا، چیک، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ماڵتا، ئیستۆنیا، لاتڤیا، لیتوانیا، قوبرس. لە ساڵی 2007 یشدا هەریەکە لە بولگاریا و ڕۆمانیا بوونە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا.

نیشاندانی ئەم دابەشبوونەی ئەورووپا بەسەر دوو چەمکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، قۆناغەکانی گواستنەوەی دیموکراسی لە وڵاتانی پاش کۆمۆنیزم و بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا، فاکتەرێکی زۆر گرنگ و بابەتییە بۆ خوێندنەوەی هەنوکەی سیاسەت لە ناوخۆی ئەورووپادا، چونکە 25 ساڵ بەسەر ڕووخانی سۆڤیەت و 12 ساڵ بەسەر ئەندامێتی ئەو 10 وڵاتەی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا تێپەڕ دەبێت لە یەکێتی ئەورووپادا، بۆیە ئەم بابەتە هەوڵ دەدات چەمکی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئایا تا ئێستا دەتوانین ئەم دابەشکارییە بکەین یان ئیتر ئەو چەمکە تەنها دەبێ لە چوارچێوەی مێژوودا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ ئایا بەڕاستی جیاوازییەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەورووپادا تەنانەت دوای فراوانبوونی یەکێتی ئەورووپا و ئەندامێتی زۆربەی وڵاتانی کیشوەرەکە؟ ئایا ئێستاش دەتوانین مانایەک بۆ بەکارهێنانی ئەم دوو چەمکە لە چوارچێوەی دابەشکاریی سیاسەت و کولتووری ئەورووپیدا بدۆزینەوە؟ ئایا سنوورەکانی نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەورووپا کاڵ بوونەتەوە یان هەر وەک خۆیان ماون؟ ئایا دەکرێ بۆ ئێستاش ئەم چەمکانە بەکاربهێنین یان گونجاو نین؟

ڕەنگە کەسانێک بپرسن، ئەورووپا، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بۆچی؟ ئەوان هەموو شتێکیان لەیەک دەچێت، هێندێک لە ئەورووپاییەکان لەناو خۆشیاندا هەمان پرسیار دەکەن، ئەم دابەشبوونە بۆچی؟ لەکاتێکدا ئەوان زۆر شتی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، یەک مێژوو، یەک شارستانی، یەک شوێنەواری هاوبەش، کۆمەڵێک سەروەریی هاوبەش، یەک مۆدێل ژیانی مۆدێرن و کولتوور و جلوبەرگ و شێوازی ژیان، زۆر نزیکایەتی لە خواردن و مۆسیقا و ژیانی ڕۆژانە، شەراکەت و هاوبەشی لە دەسکەوت و هەروەها قەیران و کێشەکانیشدا، ئیتر ئەم دابەشکارییە بۆ؟

یەکێک لە وەڵامەکان ئەوەیە کە دابەشبوونەکە لە دڵی ئەورووپا خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، لەو نۆرمانەوە سەرچاوە دەگرێت کە مرۆڤ و سیاسەتی ئەورووپا، لە ڕێی هەوڵەکانی گەڕانەوە بۆ کڵێسا و شانازییەکانی ڕابردوو و کۆمەڵگای یەک ڕەنگ و ئیسلامۆفۆبیا، ڕووبەڕووی بەها مۆدێرنەکانی وەک کۆمەڵگای کراوە و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەکاتەوە، ئەو بەهایانەی کە خەونی یەکێتی ئەورووپا و بونیادنانی کۆمەڵگای ئەورووپی لەسەر هەڵچنراوە. ڕوانگەی ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ و ستراتیژ و ئامانجەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی ئێستایدا بەتایبەت سەبارەت بە پەنابەران و تیرۆریزم، لەنێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا (پۆست کۆمۆنیزم) و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپادا بە هەمان ئاراستەدا ناڕوات.

یەکێتی ئەورووپا تا ئێستا نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت لە تواندنەوەی وڵاتانی دوای کۆمۆنیزم لەناوەوەی خۆیدا، پرۆسەی کرانەوە و گواستنەوەی دیموکراسی و بونیادنانی ئابوورییەکی پێشکەوتوو، لە ماوەی 25 ساڵی ڕابردوودا هەنگاوی گەورەی لەو وڵاتانە بڕیوە، بەڵام نەگەیشتووەتە قۆناغی چاوەڕوانکراو، بۆیە ئەگەر چەمکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەورووپا وەک میراتێکی سەردەمی سۆڤیەت تەماشا بکەین، ئەوا لە دەرکەوتن و بەکارهێنانە تازەکەیدا دەتوانین لەناو دڵی یەکێتی ئەورووپادا هەستی پێ بکەین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کۆبوونەوەی نەرمونۆڵ

## 1

لەو هەنگامەیەی کە لە ناوچەکەدا بەرپا بووە و چاوی هەموو دنیا کەوتووەتە سەر شەڕی مووسڵ و سیناریۆکانی دوای داعش، یەکێتی نیشتمانی وەک بڵێی بە دەستی ئەنقەست دەیەوێ، بۆ هەموو رای گشتیی کوردستانی ئیسپات بکات کە تووشی ئینشیقاقێکی دیکە بووە. راستییەکەی هیچ حیزبێک و پێکهاتەیەک نییە کە بەو شێوەیە حەز بکات (لە زرووفێکی ئاواشدا) پارچە پارچە بێت، بەڵام ئەو باڵەی کە ئێستا یەکێتی بەڕێوە دەبات، زۆر مەبەستی بوو لەو چرکەساتە مێژووییەدا ئەوە بسەلمێنێ کە خاوەنی راستەقینەی بڕیاری یەکێتی ئەوانن و لەو پێناوەشدا بۆ کۆبوونەوەی 15ی ئۆکتۆبەر کە کۆبوونەوەیەکی نمایشیی کاربۆکراو بوو، هەموو هەوڵ و توانای خۆیان خستە گەڕ، بە شێوەیەک کە دەگوترێ بەشێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بەکرێنی سەیارە و خانوو ئامادەی کۆبوونەوە کراون!

کۆبوونەوەکە کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر بە پارتی و هاوڕێیەتیی شاندی ناوەندی بڕیار لەگەڵ بارزانی بۆ بەغدا، چونکە پارتی ئیتر دانی بە ناوەندی بڕیاردا ناوە و، تەنانەت لە ماوەی رابردوودا یەکتردیتن لە ئاستی بەرزیش هەبووە. کە ئەوە بووبێ، حەتمەن باڵی مالباتیش ئەوەیان بەرگوێ کەوتووە، بۆیە پێویستیان بە کۆبوونەوەیەکی لەو چەشنە هەبوو. باڵی مالبات راستە توانییان (زۆرینە!)ی سەرکردایەتیی یەکێتی کۆبکەنەوە، بەڵام کە سەیری راگەیەندراوی کۆتایی کۆبوونەوەکە دەکەی، بۆت دەردەکەوێ ئەو ئینشایە فڕی بەسەر ناوەڕۆکی ئەو نیقاشانەوە نییە کە لەناو کۆبوونەوەکەدا هەبوونە. چونکە کۆمەڵێک بڕگە و مادده هەن کە ئەوەی نووسیویەتی خۆشی باوەڕی پێیان نییە و دەشزانێ ئەگەر ئەو شتانە جێبەجێ کرابان، حاڵی یەکێتی و کوردستان بەو رۆژە نەدەگەیشت. ئینجا لەگەڵ ئەوەی کە دەلاقەیەکیان بۆ گەڕانەوەی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی هێشتووەتەوە، ویستوویانە ئەوەش بڵێن کە تا کۆبوونەوەیەکی دیکەی سەرکردایەتی، جاری سوکانی حیزبەکە هەر لەدەست ئەوانداية! کێشەی یەکێتی کێشەی بڕیاردانە و بە کۆبوونەوەی چەور و بەیاننامەی نەرمونۆڵ چارەسەر نابێ.

## ئەوەش هەر خەتای پارتییە

## 2

شەوێک پێش ئەوەی رێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا ئیمزا بکرێت، رەشنووسی رێککەوتنەکە درایە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی. زۆر لە (رەفتار پارتی) یەکانی ناو یەکێتی نەسیحەتی ئامادەکارانی رەشنووسەکەیان کرد کە نابێ رێککەوتنەکە بەجۆرێک بێت، پارتی وا هەست بکات کە لە دژی ئەوانە. بەڵام رێککەوتنەکە وا سەرمەستی کردبوون کە گوێیان لەو قسانە نەگرت و هەر بۆیەش دوای پێنج مانگ لە ئیمزاکردنی، دەرکەوت راستیان دەکرد کە رێککەوتنەکیان لە دژی پارتی نییە، چونکە لە بنەڕەتدا رێککەوتنێک نەکرابوو تا لە دژی پارتی بێت!

ئەوان چاوەڕێی ئەوەبوون کە بە حیسابی خۆیان لەبەرامبەر پارتیدا و بۆ (گۆڕینی تەرازووی هێز لە کوردستان) رێکبکەون و پارتیش لە خۆشیان هەلهەلەیان بۆ لێبدات! بەڵام کە ئەمڕۆ خەڵکانێک لەناو گۆڕان و یەکێتیدا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی هەموو ئەو هاشوهووش و شەڕەشەقەی بە خەڵکی سلێمانی کراوە بێهوودە بووە، ئیتر دەبن بە رەفتار پارتی! مالی یەکێتی بوومەلەرزە لێیداوە و هەڵتەکیوە، شۆڕشگێڕەکانی رابردوو تەخوین دەکرێن، کەچی لەبری ئەوەی بزانن بۆ بەو رۆژە گەیشتوون، دەچن دووکانێکی سیاسی کە پێشتر خۆیان گاڵتەیان پێدەکرد، بەناوی یەکێتییەوە دەکەن، بۆ ئەوەی جیابوونەوەی نیوەی سەرکردە و جەماوەرەکەیانی پێ بشارنەوە. راستە پارتی خەتابارە کە رێگەی نەدا پارێزگاری هەڵبژێردراوی سلێمانی پۆستەکەی وەربگرێت، راستە پارتی خەتابارە کە رێگە نادات داهاتی سلێمانی بۆ شارەکە سەرف بکرێت، راستە پارتی خەتابارە کە وای کردووە خەڵک لەناو گۆڕان ببن بە رەفتار پارتی!

باڵی مالبات و گۆڕان تووشی ئیفلیجیی سیاسی بوونە و ئەوەش دەرئەنجامی هەیمەنە یان زیرەکیی پارتی نییە، بگرە باجی ئەوە دەدەنەوە کە واقیعی سیاسیی ئێستای کوردستان و دەوروبەر تێناگەن و، ناشیانەوێ تێبگەن. بەڵام ئەوەیان خەتای پارتی نییە.

## پلانی داهاتووی تورکیا

## 3

ئاستی گرژیی نێوان تورکیا و بەغدا، کەمێک هاتۆتە خوار و بەغدا ئامادەیە چاوپۆشی لەو هێزانەی تورکیا بکات کە لە باشیکن (ئەساسەن ئەوە چەندین ساڵە چاوپۆشی لە بنکە هەمیشەییەکانی تورکیا کردووە لە کوردستان)، لەبەرامبەریشدا تورکیا بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا نەکات، بەڵام ئەگەر تورکیا بەشداریش نەبێ (کە بەهێزە عەرەبە سوننەکان بەشدارە) توانیویەتی هەندێک مەرجی خۆی بسەپێنێ و بە یارمەتیی سعودیەش رێ لە دروستبوونی هیلالی شیعی بگرێت.

تورکیا و وڵاتانی کەنداو رێگە نادەن جارێکی دیکە مووسڵ بکەوێتەوە ژێر هەیمەنەی بەغدا و لە ئەگەری دروستبوونی شەڕێکی تائیفی کە ئەگەرێکی نزیکە، رەنگبێ تورکیا هەمان ئەو هێزە شەڕکەرە لۆکاڵیانە بەکار بێنێت کە لەسەر ئەرزن، بەڵام ئەگەر پەکەکە بیەوێ لەژێر هەر ناوێکدا لەو ناوچانە حزووری هەبێ، ئیتر لەو حاڵەتەدا وەک چۆن لە سووریا شەڕ دەکات، ئاواش بە هێزێکی گەورەترەوە دێتە گۆڕەپان. ستراتیژییەتی سەربازیی ئێران بریتییە لە شەڕکردن لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، تورکیاش دەیەوێ هەمان کار بکات. وجودی پەکەکە لەو ناوچانە، یاریدەدەری ئەو سیاسەتەی تورکیا دەبێت. بۆیە گرنگە ئەگەر پەکەکە بە راستی لە خەمی ئایندەی ئەو ناوچانەدایە (وەکو شەنگال و دەشتی نەینەوا)، بیانوو نەداتە دەست تورکیا و واز لە شەڕی بەوەکالەت بهێنێت. ئەگەر راست دەکەن، دەتوانن لەژێر فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەدا (کە خۆیان بەردەوام دەڵێن دەبێ پێشمەرگەکانی رۆژئاوا لە ژێر سەرکردایەتیی ئەواندا بن) لەشەڕدا بەشدار بن، بەڵام ئەگەر وا نەکەن، تورکیا ئەمجارەیان شەڕ دەباتە رۆژئاوا و بەو شێوەیە تۆڵە لە پەکەکە دەکاتەوە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# دوژمنێکی مەترسیدارتر لە داعش

هەرچەندە هێشتا ماویەتی، بەڵام دەنگی تەپڵی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ هەروا بەرزتردەبێتەوە. حەیدەر عەبادی بەشانازییەوە دەڵێت بەڵێنی دابوو ساڵی 2016 بکاتە ساڵی سەرکەوتنەکان و دەرکردنی داعش لە عێراق و وا خەریکە بەڵێنەکەی دەهێنێتەدی. مەسعود بارزانییش رایگەیاندووە پێشمەرگە لە شەڕەکەدا بەشداردەبێت، بەڵام نابێ موزایەدەی حیزبی بەو بەشدارییەوە بکرێت. وێنەی کوردستان تا بەشداریی لە شەڕی موسڵدا روونە، بەڵام ئەوەی روون نییە ئەوەیە کە کوردستان پاش شەڕەکە چیی بەسەردێت؟

کەسایەتییەکی عێراقیی شیعەی ئاگادار پێیدەگوتم: سەرکردە شیعەکانی عێراق قەناعەتیان هێناوە کە سەربەخۆیی کوردستان لەبەرژەوەندیی خەونی دروستکردنی دەوڵەتی شیعەشدایە و پێیانخۆشە هەرچی زووە رووبدات. بەڵام، وەک ئەو کەسایەتییە دەیگوت، هیچ سەرکردەیەکی شیعە ناوێرێت ئەو راستییە بەئاشکرا بڵێت. ئەو دەیگوت: شیعە لە عێراق کێشەیەکی وایان لەگەڵ کورد لەسەر خاک نییە و ئەوەی کێشەی هەیە سوننەکانن. لە دەوڵەتی عێراقی عەرەبیی پاش جیابوونەوەی کوردستانیش سوننە دەبنە کەمینەیەک کە تا لاوازترین بۆ شیعە باشترە.

هەرچەندە ئەمانە قسەی جوان و دڵخۆشکەرن بۆ کورد، بەڵام هەست ناکەم راستیی تەواوبن. چونکە نابێ لەبیرمان بچێت کە سەرەڕای ئەوەی مالیکی و پەیڕەوانی هێڵی بیرکردنەوەی ئەو لە دەسەڵاتدا نەماون، بەڵام سێبەریان بەسەر پەرلەمان و دەزگا ئەمنی و دادوەری و داراییەکانی عێراقەوە بەڕوونی دیارە. پەیڕەوانی ئەو بیرکردنەوەیەش لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە لە ئەهوازی ئێرانەوە لەسەر ئاواکردنی کۆماری ئیسلامیی عێراق و سەرکوتکردنی هەوڵی جیابوونەوە لەو کۆمارە رادەهێنرێن. بۆیە کاتێک کەسایەتییەکی شیعە دەڵێت سەرکردە شیعەکانی عێراق رازی دەبن بە دەوڵەتی کوردستان، وەکو ئەوە وایە بڵێت "بەشێک" لەو سەرکردانە رازی دەبن و ئەوی دیکەیان بەتووندی دژی دەوەستنەوە.

جا راستییەکەی هێندەی قۆناغی پاش شەڕی موسڵ بۆ کورد راچڵەکێنەرە، هێندە قۆناغی ئێستا و بەشداریی پێشمەرگە لە شەڕی موسڵدا مەترسیدار نییە. چونکە ئێستا کورد لە مەیدانی جەنگ نوێنەرایەتیی هەموو دنیا دەکات لەدژی دوژمنێکی وەک داعش، کە هەموو جیهان بە مەترسیی دەزانێت بۆ سەر خۆی. بەڵام سبەی ئەگەر شیعە بێنە موسڵ و لەگەڵ هێزی سوننەی نزیک لەخۆیان و بە چەک و تەقەمەنیی پێشکەوتوو و فڕۆکەی عێراقی و ئێرانی و رووسی بەرامبەر پێشمەرگە بوەستنەوە، مەرج نییە هەموو جیهان دیسان لەپشتمان بێت و داکۆکیمان لێبکات.

ئەو زانیارییانەی لەسەر رێککەوتنی سەرکردایەتیی کوردستان و هاوپەیمانان و بەغدا بۆ بەشداریی پێشمەرگە لە شەڕی موسڵدا هەمە، بەشی ئەوە ناکات دڵنیا ببمەوە گەرەنتیی باش بۆ قۆناغی پاش شەڕی موسڵ وەرگیراوە. بەڵام رێی تێناچێت و ناکرێت بڕوا بکەین کاک مەسعود بەو هەموو ئەزموونەی هەم لەگەڵ رێککەوتنەکانی شۆڕش لە شەستەکان و حەفتاکان و بەدوایدا لە دووهەزارەکان بەدواوە لەگەڵ بەغدا هەیەتی، هەروەها بەو بیرەوەرییە ناخۆشەی لەگەڵ دۆستایەتییە لاستیکییەکەی ئەمریکا لەگەڵ بارزانیی باوکدا هەیەتی، هێندە بەئاسانی رازی بووبێت بەشداری لە شەڕێکدا بکات کە دوژمنێکی مەترسیدارتر لە داعش دەهێنێتە سەر سنوورەکانی کوردستان.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# کەی مەحرومەکانی کوردستان یەکدەگرن؟

هەر گەڕانەوەیەکم بۆ کوردستان ڕاستەوخۆ دەمباتەوە سەر ئەو تێزەی کە لە 2009 وە تا ئێستا کاری لەسەر دەکەم و چوارچێوەی تیۆریی بۆ دادەڕێژم. دوا گەڕانەوەم بۆ کوردستان، مانگی سێپتەمبەری 2016 بوو. ئەو هەفتەیەی کە مامەوە، وەک هەموو هەفتەکانی پێشووترم، تێبینی ئەوەم کرد کە ساڵ لەدوای ساڵ، کوردستان پڕ دەبێت لە چەندین گەڕەکی نوێی پێکهاتوو لە کۆشکی پادشا ئاسا، لیستی ئوتێلە پێنج ئەستێرەکان درێژتر دەبێت، ژمارەی ئوتۆمبیلە گرانبەهاکان لە زیادبوونێکی سەرسوڕهێنەردان، ...، هەموو ئەمانەش تەنها و تەنها لەژێر کۆنترۆڵی چینێکی کۆمەڵایەتی نوێدان، کە کەمینەی هەرە کەمی کۆمەڵگا پێکدەهێنن.

ئەم چینە ڕێستۆرانتی تایبەتی خۆی هەیە، مەلەوانگەی تایبەت، یاریگا، شانۆ، سینەما، باخ و بازاڕی تایبەت بە خۆی هەیە و زۆر بە دەگمەن نەبێت تێکەڵ بە چینە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە نابێت. ئەم چینە نوێیە کۆمەڵایەتیە، بەتەنها سەرمایەی ئابووریی کۆنترۆڵ نەکردووە، بەڵکو سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریشی کۆنترۆڵ کردووە و هەژموونی بەسەر تەواوی "سەرچاوەکانی دەوڵەمەندیدا" گرتووە.

لە بەرامبەر ئەم چینە کۆمەڵایەتیەدا، زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگا، وەک چینێکی دیکەی کۆمەڵایەتی ئامادەیە کە دەکرێت ناوی بنێین، چینی دوورخراوەکان، پەراوێزخراوەکان، مەحرومەکان و خاوەنی هیچ جۆرە سەرمایەیەک نین: نە سەرمایەی ئابووری، نە سەرمایەی سیاسی، نە سەرمایەی کولتووری و کۆمەڵایەتی.

ئەندامانی ئەم چینە، تەنها لە دوورەوە دنیا تایبەتەکانی چینی یەکەم دەبینن؛ لە دوورەوە ئوتێلە گەورەکان، ڕێستۆرانتە پێنج ئەستێرەکان، باخە دوورە دەستەکان، شانۆ و مەلەوانگە و سینەما و یاریگا و بازاڕە تایبەتەکانی کەمینەی "ئاوساو" دەبینن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، مەودای نێوان ئەم دوو چینە کۆمەڵایەتیە فراوانتر دەبێت. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەوڵەمەندەکان، لە هەموو بوارەکاندا، دەوڵەمەندتر دەبن و هەژارانیش، لە هەموو بوارەکاندا هەژارتر دەبن.

لێرەدا تێبینییەکی گرنگ هەیە کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکەم: ئەندامانی سەری سەرەوەی کۆمەڵگا، چینە کۆمەڵایەتیە "ئاوساوەکە"، بەتەنها سەر بە حیزبێکی دیاریکراو نین، بەپێچەوانەوە، هەر وەک چۆن پارتین، ئاواش یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سۆسیالیست و بزووتنەوەن. هەروەها چینە کۆمەڵایەتییە مەحرومەکەش بەتەنها ئەندامانی بزووتنەوەی گۆڕان نین، بەڵکو پارتی، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سۆسیالیست و بزووتنەوەشن. بە گوزارشتێکی دیکە، ئەمە جیاوازیی نێوان دوو حیزب (گۆڕان و پارتی) نییە، بەڵکو جیاوازیی نێوان زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگای کوردیە کە مەحرومەکانن لەلایەک و کەمینەی هەرە کەمی کۆمەڵگای کوردی کە هەژموونداره‌کانن لەلایەکی دیکەوە.

سروشتی ئەو پەیوەندیەی کە ئەم دوو چینە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بیناکراوێکە لە سووکایەتی، ڕق، حیقد، بێمتمانەیی، گومان و هەموو ئەو ڕەگەزانەی کە دەکرێت بە نەرێنی وەسفیان بکەین. هەر لە پارتیە مەحرومەکانەوە بیگرە، تا دەگاتە یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامیە مەحرومەکان، حیقدێکی زۆر تایبەتیان لەبەرانبەر ئەو کەمینەیەدا هەیە، با سەر بە حیزبەکەی خۆیانیش بن و با لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حیزبەکانیشیاندا بن.

بەدیوێکی دیکەشدا، سەری سەرەوەی کۆمەڵگا، یەکگرتووبن یان یەکێتی، پارتی بن یان کۆمەڵ، هەمیشە بەچاوێکی سووکەوە، لە باشترین دۆخدا، بەچاوێکی بەزەییەوە تەماشای خواری خوارەوەی کۆمەڵگا، واتە مەحرومەکان دەکەن و پێیانوایە: هێشتا وەک پێویست پەروەردە نەکراون و وەک پێویست دەستیان لە کولتوور گیرنەبووە و وەک پێویست نەبوون بە مرۆڤی کۆمەڵایەتی و ناتوانن لە شارستانیەت تێبگەن و کۆدە "ڕاقیەکان" بەکاربێنن. بەکورتی پێیانوایە: خوارەوەی کۆمەڵگا هێشتا ئەو "کێویانەن" کە دەبێت بخرێنە نێو پرۆسێسی بەمەدەنیکردنەوە.

لە کۆی گەڕانەوەکانمدا بۆ کوردستان، چەند ئەندامانی چینی مەحرومەکان دەبینم و دەیاندوێنم، هێندەش ئەندامانی چینی هەژمووندارى کۆمەڵگا دەبینم و دەیاندوێنم. ئەو دوو ئاڕاستەیەی کە ئاماژەم پێدان، لە خەیاڵدانی هەردوولادا، بەدوو ئاڕاستەی جیاواز و زۆر چالاکانە کاردەکەن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەڵەکە دەبن.

ئایا لە کوردستاندا هەوڵێکی جددی هەیە بۆ بەرتەسککردنەوەی مەودای نێوان ئەم دوو چینە کۆمەڵایەتیە؟ من بە نەرێنی وەڵام دەدەمەوە.

ئایا هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا هەیە کە بەرتەسککردنەوەی نێوان ئەم دوو چینەی کردبێت بە پرۆگرام؟ دیسان بە نەرێنی وەڵام دەدەمەوە.

ئایا ئەم مەودا چڕ و سەخت و تۆخ و فراوانە، وادەکات کە لە داهاتوودا، بوووم!!! دۆخەکە بتەقێتەوە و مەحرومەکانی هەموو لایەک یەک بگرن و دژ بە چینە ئاوساوە کۆمەڵایەتیە نوێیەکەی کوردستان، بڕژێنە سەر جادە و بەیەک دەنگ هاوار بۆ گۆڕانکاری ئەو دنیا ناشیرینە بکەن و پێکەوە دنیایەکی جوانتر دروست بکەن؟ لە ئێستادا هەر بە نەرێنی وەڵام دەدەمەوە. بەڵام فاکتە کۆمەڵایەتیەکان، فاکتی سروشتی نین و بەپێی گۆڕانی هەلومەرجەکان دەکرێت گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.



گاری کێنت

# کورد لەکوێی سیاسەتی بەریتانیادایە؟

سەرەک وەزیرانی بەریتانیا، تێریزا مەی دوایین وتاری پارتی کۆنسێرڤەتیڤی خۆی بە گاڵتەکردنێکی سووک بە وەزیری دەرەوەی نوێ بۆریس جۆنسن دەسپێکرد کە تیایدا گوتی: باشە بۆریس جۆنسن دەتوانێ، بەس بۆ چوار رۆژیش بێت، لەسەر هەمان قسەی خۆی بمێنێتەوە؟

خۆی وەڵامی خۆی دایەوە و گوتی: بەهەزار حاڵ.

بۆریس جۆنسن باسی گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و وەزیری دەرەوەی رووسیا، سێرگێی لاڤرۆڤی گێڕایەوە، تێیدا لاڤرۆڤ گازندەی ئەوەی کردبوو کە رۆژئاوا لەدوای جەنگی سارد لە ساڵی 1990 دیموکراسی بەسەر رووسیادا سەپاندووە. جۆنسنیش گوتبووی ئەمە ناسکیی بیردۆزە بەناوبانگەکەی فرانسیس فۆکۆیاما نیشان دەدات بەناونیشانی کۆتایی مێژوو، هەروەها بە هەستانەوەیەکی گەورەی ناوبرد بۆ بەها رۆژئاواییەکان وەک مافی مرۆڤ و سەروەریی یاساو دادوەریی سەربەخۆ و مافی راگەیاندن لە گاڵتەکردن بە سیاسەتمەداران.

هەروەها گوتی، بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی لیبراڵ دیموکراسی بەجیهاندا بەهۆی هێرش بۆ سەر عێراق زیانێکی گەورەی بەرکەوت و مۆدێلی سەرمایەداریی بازاڕی ئازادی ئەنگلۆ ساکسۆنیش لەدوای قەیرانی ئابووری ساڵی 2008 هەرەسی هێنا. سەرکردەکانی کۆنسێرڤەتی جیهانیی باوەڕیان وایە کە جیهانگیری هەژاریی نەوەیەکی تەواوی کەم کردووەتەوە، بەڵام هێشتا کەسانی دەرەوەی لەسەدا یەکەکە لەمیوەی ئەم سەرکەوتنە بێ بەرین.

جۆنسن قسەکانی بەوە کۆتایی پێ هێنا کە نەبوونی باوەڕ بەخۆبوونی رۆژئاوا لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوورییەوە مانای وایە جیهان کەمتر سەلامەتە. ژمارەی قوربانیانی توندوتیژیی جەنگەکان لە 49 هەزار کەسەوە لەساڵی 2010 بەرز بووەوە بۆ 167 هەزار کەس لە ساڵی 2015. ژمارەی وڵاتانی ئازاد یان نیمچە ئازادی ئەفریقییش زۆر کەمی کردووە.

لەهەمان کاتدا رووی دەمی کردە رووسەکان و گوتی کردوەکانیان لە حەلەب تاوانی جەنگن و بۆمبارانی نەخۆشخانە دەکەن لەکاتێکدا باش دەزانن کە ئەوە نەخۆشخانەیە. ئەمەش پرۆسەی گفتوگۆی ئاشتی ئەستەم دەکات. هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە لێشای کۆچبەران بۆ ئەورووپا وای کردووە ئەورووپا لەتوانایدا نەبێ بەو ئەرکە هەڵسێت، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی توندوتیژیی داعش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەیشتنی بە ئەورووپا.

ئەم جۆرە هەڕەشانەش ترس دەخاتە سەر گەشتیاری و بازرگانی و وا لە دەوڵەتەکان دەکات ئاشتی و ئارامی بکەنە بیانوو بۆ دوورکەوتنەوە لە دیموکراسی، بەو باوەڕەی کە دەتوانن خۆشگوزەرانیی ئابووری هەر هەبێ بەبێ ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

دەربارەی رۆڵی بەریتانیا لەمڕۆدا، جۆنسن گوتی سەردەمانێک وەزارەتی دەرەوە شادەماری ئیمپراتۆرییەتێک بوو کە حەوت جار لە ئیمپراتۆرییەتی رۆم گەورەتر بوو، دوو سەد ساڵ ژیا و 178 وڵاتی داگیر کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گوتی بەریتانیا لەجیهاندا رۆڵی ماوەو هەڵەیەکی گەورەیە توانای بەریتانیا کەم بگرین لەو کارانەی کە دەیکات و سەرەڕای ئەوەی لەعێراق روویدا، ناکرێ بگوترێ هەموو دەستوەردانێکی سەربازی لەجیهاندا کارەسات بووە.

جۆنسن گوتی بەریتانیا کاریگەرییەکی فراوان بەڵام نادیاری هەیە لە جیهاندا، یەکێک لەوانەش زمانەکەیەتی کە ئێستا لەهەر زمانێکی دیکەی سەرگۆی زەوی زیاتر قسەی پێ دەکرێت و بەهەموو گۆشە و کەنار و رووبار و جۆگەلەیەکی جیهاندا بڵاوبووەتەوە. جۆنسن گوتەیەکی چەرچڵی وەبیر هێنایەوە کە دەڵێ ئیمپراتۆرییەتی ئایندە ئیمپراتۆرێتیی عەقڵە.

بەڵام کاریگەریی بەریتانیا لەئایندەدا دەکەوێتەوە سەرئەوەی تا چەند دەتوانێ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا و جیهاندا رێک بخات. ئەمەش پرۆسەیەکە کە تا ئەم ساتەش بەریتانیا بەدوای پێناسەکەیدا دەگەڕێت و بەهاری ئایندە دەسپێدەکات.

جگە لە مەسەلەی دەسەڵاتی زبرو نەرم، وەزیرەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە بەریتانیا لەهەمان کاتدا دەسەڵاتدارو سەرکردەیە لە پێشکەوتندا، کە لەو چوارچێوەیەشدا هاوکاریکردنی پەنابەرانی ناو هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە. بەڵام ئەم پەیوەندی وهاوکارییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پێگەی حکومەتی هەرێم زۆر کەم لەلایەن وەزیرەکانەوە باس دەکرێت لەبەرئەوەی ناکەوێتە ناو چوارچێوەی کلاسیکیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هەندێ کەسیش هەرکە ناوی عێراق دەبیستن کارەستیان بیر دەکەوێتەوە.

من لەو کۆنفرانسەی پارتی کۆنسێرڤەتیڤ بووم لە شاری بێرمینگهام لەگەڵ نوێنەری حکومەتی هەرێم کاروان جەمال تاهیر کە لەوێ زۆر بەچالاکی لەگەڵ وەزیرەکانی بەریتانیا کاری کرد بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەریتانی- کوردی. پێویستە نیشانەکانی هاوکاری و پشتگیریی بەریتانیا بۆ کوردستان باشتر دەربکەوێت و ببینرێت لەلایەن سیاسەتمەداران و خەڵکی ئاسایی بەریتانیاوە. چونکە دواجار، رەتکردنەوەی داعش لەلایەن کوردستانەوە هەم بە ئایدیۆلۆجی و هەم سەربازی، بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و جیهانیش گرنگە.

*** گاری کێنت، بەڕێوەبەری گرووپی پارتەکانی ناو پەرلەمانی بەریتانیایە.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET
RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## حەسنا هاندەری پێشمەرگەیە

19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484

